
# ئەگەرەکانی دوای هەڵبژاردنی ٤/٣٠



ئاسۆ کەریم

بۆ گوڵان نووسیویەتی *

لە ٣٠ی نیساندا لە تەواوی عێراقدا هەڵبژاردنی گشتیی بۆ (ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق) بەڕێوەدەچێ. لە هەرێمی کوردستانیشدا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان سەربار. تا چەند ئەم هەڵبژاردنە گشتییە چارەنووسسازە یان نا، قسەی زۆر هەڵدەگرێ، لێ بێگومان بایەخ و گرنگییەکی زۆری هەیە هەم بۆ عێراق و هەم بۆ کوردستانیش. وەکو سەرنج دەدرێ دیسان لەو هەڵبژاردنەشدا کورد دەنگ بە کوردو شیعە دەنگ بە شیعەو سوننە دەنگ بە سوننە دەدا و تازە ئەوە بووە بە نەریت. ئاخر گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بە ئاقاری (دەوڵەتی هاووڵاتی و حوکمی قانوون) نەهاتۆتەوە ئاراوە، بە پێچەوانەوە لە ئاکامی سیاسەتی بەردەوامبوون لە تەریکخستنەوەی لایەنەکانی دی و بێ مانا هێشتنەوەی بەشداری سیاسی و شەراکەت لەم چوار ساڵەی رابردوودا، لێکدوورکەوتنەوە و سەنگەربەندی نەتەوەیی و تایەفی قوڵتر کردۆتەوە. ئاخر لە ٢٠٠٣-ەوە تا ئێستە ناوچە سوننەنشینەکان هەدادانیان نەبووە و لەگەڵ حکوومەتی زۆرینە شیعەدا نەسازاون و هەست بە نامۆیی و پەراوێزخستن دەکەن، لە شەڕی ئەمریکاییەکانەوە بگرە تا شەڕو پێکدادانەکانی ئێستەی ئەنبار و فەلوجەو حەوزی حەمرین و تەقینەوەو کردەوەی رۆژانەی تیرۆریستی و دەربەدەربوون و ئاوارەبوونی بەشێکی خەڵکی سوننەو پەناهێنان بۆ کوردستان، ئەو هەستەی لەناو سوننەکان، جا لەسەر هەق بن یان نا، راشکاوانەتر بووە... هەروا پێوەندی و کێشەو بێشەی کورد لەتەک حکوومەتی مالیکی دا، لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا، زۆرتر بوون نە کەمتر، سەرباری کەمبوونەوەی متمانە بەیەکدیکردن و بێ منەتبوونی بەشێکی شیعە لە کورد...کەواتە لەسەر ئاستی نەتەوەیی و مەزهەبی، تەرازووی هێزی (ئینتخابی) لەنێوان هەر سێ پێکهاتەی سەرەکیدا گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نایەت. دەمێنێتەوە گۆڕانکاری لە چوارچێوەی هەر پێکهاتەیەکدا. داخوا ئەمجارە لەناو شیعەکاندا چ ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی روو دەدا، یان لەناو سوننەکاندا، یان لەناو کورداندا؟ پێموایە لەناو هەر سێ پێکهاتەدا گۆڕانکاری روودەدا و ئەو گۆڕانکارییەش لە دوای ٤/٣٠ کاریگەریی بەسەر رەوشی عێراقدا دەبێ، چ بە ئاراستەی پێکەوەهەڵکردن و شەراکەت و ئاشتی و تەناهی بێ و چ بە ئاراستەی قوڵبوونەوەی قەیرانەکان و لەبەر یەکترازاندا....هەرچەندە بەشێکی ناو شیعەکان (بەتایبەتی لەناو کیتلەی دەوڵەتی قانووندا) حەز دەکەن، کوردیان (هەڵبەت بەو ستاتۆ و سنوورەی ئێستەی کوردستانەوە) لە کۆڵ بێتەوە تا لەناو عێراقدا



ببنە زۆرینەی باڵادەستی خۆسەپێنەر بەسەر کەمایەتیی سوننەدا...تا ئەم ساتە، هێزە دیموکراتە عێراقییە سەرانسەرییەکان کزو لاوازن و لەو پێگەیەدا نین، لە هاوکێشەکانی ناو عێراق و لە چارەنووسی وڵاتەکەدا، شتیان لەسەر بینا بکرێ...دیارە گۆڕانکاری لەناو شیعەکاندا بایەخ و گرینگی خۆی هەیەو زۆر شت یەکلا دەکاتەوە، بەڵام مادام شیعەکان زۆرینەن ئەوا سوکانیی حوکمڕانیی لە عێراقدا بەدەست ئەوانەوە دەبێ، بەڵام کێی ناو شیعەکان سوکانەکە بەدەستەوە دەگرێ؟


کەواتە لە بەردەم کورددا چ دەمێنێتەوە: یان ئەوەتا لەتەك باڵێك یان دووانی شیعەدا و هەندێك لایەنی سوننە و کەمایەتییەکاندا زۆرینەیەك پێکبهێنێ و جارەکا دی بەختی خۆی بۆ دیموکراسیی تەوافوقی و شەراکەت تاقی بکاتەوە، یان لەگەڵ سوننەکاندا بکەوێتە یەك بەرەوەو بازنەی کێشەکان گەورەتر بکات، یان بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بۆ دۆزینەوەی شێوازێکی دیکەی بەیەکەوە ژیان بە حوکمی جیوگرافیا و مێژوو و بەرژەوەندەکانەوە، یان لەتەك ئەو گێژەنە قەیرانەی ئێستا دا بەردەوام بێ و لەسەر بنەمای کارو کاردانەوە هەڵسوکەوت بکا و خۆی بداتە دەست قەزاو قەدەرەوە...

داخوا چاوەڕوانی چ گۆڕانکارییەك دەکرێ لەناو کوردستاندا؟ لەسەر ئاستی هەرێمی ئێستای کوردستاندا (هەولێرو دهۆك و سلێمانی بە هەڵەبجەشەوە کە تازە بۆتە پارێزگا) پێموانییە گۆڕانێکی ئەوتۆ لە رێژەی دەنگەکان رووبداو ٦ مانگێگە هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان کراوە ...بەڵام ئەگەر حیسابی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بکرێ، ئەوا گومان لەوەدانییە ئاڵوگۆڕ بەسەر ریزبەندیی حزبەکان و رێژەی دەنگەکانیان دادێ و کاریگەریی بۆ سەر پێکهێنانی حکوومەت (کابینەی هەشتەم، ئەگەر تا ٤/٣٠ پێکهاتن نەکرێ) و بەشداریی لە بەغداو پۆستەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمدا دەبێ. کەواتە، دەبێ بەسەر یەکەوە لە دوای ٤/٣٠ لە ئیستحقاقاتی هەڵبژاردنەکان بڕواندرێ لەسەر ئاستی پەرلەمان و حکوومەتی کوردستان، لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم، لەسەر ئاستی بەشداریی و پشکەکانی کورد لە بەغدا بە مەرجێ کورد یەکگرتوو بمێنێتەوە لەراست بەغدا و هاوپێوەند لەتەك هەر یەك لەو ئەگەرانەی پێوەندییان بە چارەنووسی عێراقەوە هەیە وەك دەوڵەت.

## ستراتیژییەتی پێوەندییەکانی دەرەوە

# ئەزموونی هاوچەرخ و زیندووی کوردستانیی

**دەستنیشانکردنی کەسایەتییەکی بەرزو هەڵکەوتوو لە پێوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا کە خۆی لەفەخامەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مسعود بارزانی دەبینێتەوە، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری زیندووە بۆ سەرکەوتنێکی بێ وێنە لە بەڕێوەبردنی پێوەندییەکانی دەرەوەدا دەرئەنجامی ئەوەش بە سەرکەوتوویی لەنێوان کوردستان و دەوروبەریدا دەبینرێتەوە.**



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*
بۆ گوڵانی نووسیوە

ئەگەر بە پێشەکی و دەستپێکێکی ستراتیژییەوە تاوتۆی کێشەیەك بکەین، ئەو کێشەیە نابێتە بەربەستێك لەبەردەم کۆمەڵێك دەرفەتی پێویست بۆ چارەسەرکردن، بە شێوەیەکی وا کە ئەو کێشەیة دەوڵەمەند بێت بە پەندو ئەزموونی قووڵی دوورمەوداوە، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە بە وردی تاوتوێ بکەین، پێویستە سوود لە تەفاعول و هاوبارگەیی مەعریفیە گونجاوەکان وەربگیرێت، ئەم خوێندنەوەیە هەوڵ دەدات لەچەند هێڵێکی گشتی دوورمەوداو لە سنووری زانستی ئەکادیمی دەرنەچێتە دەرەوە، بێگومان ئەمەش دەرفەتی بێلایەنبوونی زانستی بۆ خوێندنەوەکە دەڕەخسێنێت.

دەستپێکی ئەو چارەسەرییەی کە بەهۆیەوە بنەما ستراتیژییەکان دابنێت و بیخاتەڕوو، جەختیش دەکەینەوە لەسەر ئەوەی کە زاراوەی ستراتیژ بەهۆی ئەزموونگەلی سەربازییەوە هاتبێتە کایەوە، ئێستا بە تەنیا ئەو زاراوەیە لە سنووری جێبەجێکردن ناوەستێت، بەڵکو ئێستا ئەو زاراوەیە تێکەڵ بە هەموو مەیدانە ئەپیستیمییەکان کراوە، کار ڕێکخەری گوتارە مرۆیی و شارستانی و ژیارییەکانە، لەمانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لەم چەرخەدا هەر جەمسەرێك ستراتیژیی پێ نەمێنێت ناتوانێت سەرکەوتنێکی جیددییانە وەدەست بهێنێت، ڕەنگە بەهۆی شەپڕێوی لە ئەم سەرو ئەوسەرکردنە تەکتیکییانەوە تووشی نسکۆ بێتەوە، هەر جەمسەرێك ستراتیژی نەبێت دەکەوێتە بەر ڕوانینی ستراتیژییەتی ئەوی دیکە و توانای دووربینانەی ئەوانی دی نامێنێت، هەروەها چۆنیەتی کۆنترۆڵ کردنی کاروبارەکان لەدەرئەنجامدا بۆ بەرژەوەندیی ئەوانی تر دەقۆزرێتەوە.

لە ڕووی کردارەکییەوە خوێندنەوەی ئەم بنەما ستراتیژییانە ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی ئاماژە بدەین بە ستراتیژییەتی کوردستانیی کە بەهۆی تازە بوونەوەو پێشڕەوی کردن و بەرەو پێشچوونی بەردەوامیەوە ناوازە بووە، لەو کاتانەوەی کە راپەڕینی گەلی کوردستان لەسەرەتای نەوەدەکانەوە سەرکەوتنێکی بەرچاوو مەزنی بەدەست هێناوە، لەم ساتەوەختەشدا کوردستان بەهەنگاوی ناوازەوە بەرەو بونیاتنانەوەو پەرەسەندنی زیاتر دەچێت، کە هەردەم سوود لە باشترین ئەزموونی نێودەوڵەتی وەردەگرێت تاکو بە هۆیەوە ئەزموونی زاتییانەو و پەرەسەندنی تواناکان و پەرەپێدانی ئەدای جێبەجێکردن دەوڵەمەندتر بکات، لێرەوە ئەم خوێندنەوە خاکڕاییە بۆ خۆی هەوڵێکە تا ببێتە رەگەزێك یان موفرەدەیەکی کارلێکبوون و دەوڵەمەندکردنی

هەنگاوەکانی پەرەپێدان و پەرەسەندن، بەتایبەتی لە بواری سیاسەتی دەرەوەو پێوەندییە کوردستانییە نێودەوڵەتییەکاندا.

لێرەدا هەوڵ دەدەین جێبەجێکردنی کردارەکییانەی موفرەدەکانی چارەسەرەکانمان لەگەڵ دابەشبوونە تیۆرییەکان کە بەهۆی خوێندنەوەی فیکریی ستراتیژی و تەوەرەکانی فیکریی بونیادگەرییەوە پێی گەیشتووە هاوئاوێزان یان تێکەڵیان بەیەکتر بکەین.هەروەها لەلایەنی پێوەندییەکانەوە کە کوردستانیی فیدراڵ گرێیداوە، ئاکارە سەرەکییەکانی لەکارایی وەبەرهێنانی پێوەندییەکانییەتی لەسەر ئاستی قونسوڵییەتەکاندا بەرجەستە دەبنەوە، کە لەم دواییەدا بە شێوازێکی کاراو ئەکتیڤەوە پەرەیان سەندووە، هەر بۆ نموونە کۆمەڵێك قونسوڵگەریی وڵاتانی گەورەو ئیقلیمی کە لە هەرێمی کوردستان دەکرێنەوە گرنگی و بایەخی ناوازەی خۆی هەیە، ئەمە وێڕای دەیان نووسینگەی دیکەی ئەکتیف کە پاڵپشتن بۆ دروستکردنی پردی پێوەندیی و تێکەڵبوون، لەبەرامبەر ئەمانەشدا ئامادەگییەکی پڕ جموجوڵ و کارایانە لەلایەنی کەسایەتییەکانی ناو سەرکردایەتیی کوردستانییەوە هەستی پێ دەکرێت، چ لەناو کۆنگرەکان یان لەو چالاکییانەی کە دەزگاو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان سازیان دەکەن، هەروەها دەستنیشانکردنی کەسایەتییەکی بەرزو هەڵکەوتوو لە پێوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا کە خۆی لەفەخامەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مسعود بارزانی دەبینێتەوە، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری زیندووە بۆ سەرکەوتنێکی بێ وێنە لە بەڕێوەبردنی پێوەندییەکانی دەرەوەدا دەرئەنجامی ئەوەش بە سەرکەوتوویی لەنێوان کوردستان و دەوروبەریدا دەبینرێتەوە، وێڕای ئەمەش هەڵچنینی چالاکییە پێشکەوتووەکان وای کردووە کە بەتایبەتی لەلایەن پەرلەمانتارەکانی وڵاتانی ئەوروپاوە تیشك بخرێتە سەر جینۆسایدەکان و دانپێدانان بەو تاوانانەی دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجامدراون، بە تایبەت ئەو تاوانە گەورانەی کە لەژێر سایەی رژێمی دیکتاتۆرە فاشییە دۆڕاوەکاندا، گەلی کورد تاڵاوییانی چەشتووە.

رەنگە دوا خوێندنەوەمان بۆ تۆماری پێوەندییە دەرەکییەکانی کوردستان لە دوو دیداری گرنگدا خۆی ببینێتەوە، یەکەمیان لە یەکێتیی ئەوروپاوە کە لەوتەی بە نرخی فەخامەتی سەرۆکی کوردستان لە برۆکسل بەرجەستە بووە، کە لە لایەن لیژنەی پێوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی ئەوروپا بەدواداچوونی تێروتەسەلی بۆئەنجام درا، تاکو ئەو تاوانانەی دەرهەق بەگەلی کورد کراون، بخرێنە ناو لیستی رەشی جینۆسایدە جیهانییەکانەوە، ئەمەش دەروازەیەکی ئاوەڵا کرد بۆ پێشخستنی شێوازەکانی ددان پێدانان بەمافەکانی کوردستاندا، پاش ئەوەی بەدرێژایی ساڵانی بیستەکانی سەدەی پێشوودا چاوپۆشیی لەو تاوانانە دەکرا یان دەخرانە کونجی فەرامۆشییەوە، بەمەبەستی بەگۆهێنانی دیمەنی گەشەپێدانی پێوەندییەکانی دەرەوەو چۆنییەتی ئەکتیڤکردنی ئەو گەشەسەندنە، لەژێر تیشکی بەئاخاوتنکردنی بنەما ستراتیژییەکان و لەرووی چەمکە فیکری و فەلسەفییەکانی کە لەناو وتاری هاوچەرخی مرۆڤایەتی هەن ئەم بابەتە دەخوێنینەوە، لێرەدا هەرگیز هەوڵی ئەوە نادەین تەنیا پشت بەخوێندنەوەی تاقە بیرمەندێك ببەستین، بەڵکو هەموو فیکرە بەرجەستەبووەکانی بنەما ستراتیژییەکان لە تێڕوانینی خاکڕاییانەی خۆمانەوە تاوتوێ دەکەینەوەو پوختەی خوێندنەوەکە بەبنەما ستراتیژییەکان بەرجەستە دەکەینەوە بەم شێوەیەی کە لەم خاڵانەی خوارەوە بەرجەستە کراون:

١- ڕێبازی کۆکردنەوەی هێزو توانا شیاوو بەردەستەکان لە ڕێی یەکخستنیانەوە:

لەم ڕێبازەدا هەمیشە باس و جەخت لە دامەزراندنی توانای ستراتیژیی دەکرێتەوە، بە تایبەت بۆ خوڵقاندنی ریزبەندیی هێزو تواناکان بەپێی قۆناغەکە، هەتا پلاندانەری ستراتیژیی بتوانێت بگاتە مەبەستە پیرۆزەکانی. لەم بوارەدا پێوەندییەکانی دەرەوەی کوردستانی پێویستیان بە لێتوێژینەوەی زیاترە، واتا بۆ دروستکردنی باشترین پێوەندیی بونیاتنەرانەی دەرەکی ئەو هێزو رەگەزانە پێویستە دابمەزرێن.

٢- جەخت کردنەوە لەسەر توانا یەکلاکەرەوە سەرەکییەکە بەرەو ئامانجێکی سەرەکی یا کۆکردنەوەیان لە کێڵگەیەکی سەرەکی و پەرتەوازە نەکردنیان:

ئەم ڕێبازەی کە لە ستراتیژیەتێکی تەندروستەوە سەرچاوەی گرتووە، دەکرێت لە ئاراستەکردنی ئامانجێکی باڵاتر بەکاربهێنرێت، ئەو ئامانجەی کە دەیسەلمێنێت کوردستان بەگەل و شارستانییەتەوە ناسنامەیەکی سەربەخۆیی تایبەتمەندیی هەیە، هەروەها بەشێوازێك پێشکەش بکرێت کە لە چوارچێوەی فیدراڵیەتدا بێت کە یەکێکە لە بژاردە سەربەستەکانی گەلی کورد لە ژێر رۆشنایی بارودۆخ و تایبەتمەندە هەستپێکراوەکاندا کە بە دەستوور چەسپاندوویەتی، ئەوەش بەمانای چەسپاندنی بیرۆکەی دانپێنانی زیمنی بەمافی وەرگرتنی بڕیارەوە، سەبارەت بەجۆری پێوەندییە فیدراڵییەکەش کە لەدەستی گەل خۆیدا بێت، هەروەها چەسپاندنی ئەم ئەرکە لەناو دەستووردا، گواستنەوەی ئەم بەڵگەنامەو دیکۆمێنتە دەستوورییەش بەئاڕاستەی پشتیوانیی نێودەوڵەتییەوە، بەم شێوەیە ڕێگاکە رۆشن دەبێتەوە بەئاڕاستەی وەڵامدانەوەی هەر کاروبارێکدا کە پێوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی فیدراڵی بچەسپێنێت. ئەم بوارەش ڕوانینێکی دروستی پێدەوێت کە رەنگدانەوەی شارەزایی و تێگەیشتن بێت لە بەڕێوەبردنی کاری ستراتیژییدا.

٣- پێویستیی بوون لەوەی کە ئامانجی سەرەکی لەگەڵ توانای کردارەکیی رەخساودا هاوشان بێت، هەروەها هاوجووت بێت لەگەڵ گریمانەو ئەگەرە لۆژیکییەکانداو لەسنووری هەلومەرجە واقیعیەکان دەرنەچێت:

**ئەو ڕێبازەستراتیژیە تەندروستەی لەهەرێمی کوردستان سەرچاوەی گرتووە، دەکرێت لە ئاڕاستەکردنی ئامانجێکی باڵاتر بەکاربهێنرێت، ئەو ئامانجەی کە دەیسەلمێنێت کوردستان بەگەل و شارستانییەتەوە ناسنامەیەکی سەربەخۆیی تایبەتمەندیی هەیە**

**دەستنیشانکردنی کەسایەتییەکی بەرزو هەڵکەوتوو لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کە خۆی لەفەخامەتی سەرۆکی کوردستان مسعود بارزانی دەبینێتەوە، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری زیندووە بۆ سەرکەوتنێکی بێ وێنە لە بەڕێوەبردنی پێوەندییەکانی دەرەوەدا**

**بەڕێوەبردنی پێوەندییە دەرەکییەکانی کوردستانی بەبێ زەمینەیەکی ئابووریی تووندوتۆڵ وەدی نایەت، لەبەر ئەوەیە کە سەرکردایەتیی کوردستانی لای کردۆتەوە بۆ ئابووری لەدەروازەی کارتی ریفۆرمەوە، هەروەها لە ڕێی داواکردنی لێکۆڵینەوە لە بنکە نێودەوڵەتییەکانەوە، ئەو بنکانەی لەبواری پلاندانان و دارشتنی یاساکان و مەیدانەکانی ئابوورییەوە لە هەمەجۆرێتی وەک پیشەسازیی و کشتوکاڵی و گەشتیاریدا پسپۆڕن**

**تۆماری پێوەندییە دەرەکییەکانی کوردستان لە دوو دیداری گرنگدا خۆی ببینێتەوە، یەکەمیان لە یەکێتیی ئەورووپاوە کە لەوتەی بە نرخی فەخامەتی سەرۆکی کوردستان لە برۆکسل بەرجەستە بووە، کە لە لایەن لیژنەی پێوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی ئەورووپا بەدواداچوونی تێروتەسەلی بۆئەنجام درا، تاکو ئەو تاوانانەی دەرهەق بەگەلی کورد کراون، بخرێنە ناو لیستی رەشی جینۆسایدە جیهانییەکانەوە**

بەسروشتی حاڵ یا بەشێوازێکی گشتی هەر درك کردنێك بە قووڵایی ستراتیژیی لەتواناکاندا نابێت پەلەی تێدابکرێت لەو کاتانەدا کە لە نێوان قۆناغەکاندا دەگوازرێتەوە، لەبەرئەوەی نەبێتە سەرکێشییەك بۆ بڕیارێك یان بڕیارەکانی تر، بەڵکو پێویستە بەهێمنانە بزاوتەکان خێراتر بکرێن، بەپێی تایبەتمەندییە بەردەستەکان نەك بەپێی ئامانج و ئارەزووەکان، لەم بارەیەوە توانا کوردستانییە روون بینەکە درێژکراوەی ئارامی و پشوو درێژییە، هەروەها درێژ بووەوەی پەلەنەکردن و هەڵبژاردنی بەردەوامی ئامانجە داواکراوەکەو تواناکانی بەرجەستەکانێتی، بۆ نموونە لەپێش هیچ رێکخراوێکی نێودەوڵەتی بەهەموو جۆرەکانییەوە ئەرکێکی وابەدی ناکەین کە خاڵە دیاریکراوەکان تێپەڕێنێت، یان لەچوارچێوەی رێکخراوەیی دەربچێت، لەم دەروازەیەوە داخوازیی دانپێدانان بەسروشتی کۆمەڵکوژیی لە بەرانبەر ئەو تاوانانەی دەرهەق بەگەلی کورد ئەنجامدراون، لەخۆڕا هەڵنەتۆقیوون، بەڵکو لە سایەی چەندین لێکۆڵینەوەی سیاسیی و ئەکادیمی و کۆکردنەوەی هەموو توخمەکاندا وای کردووە تواناگەلێکی وا بێتە پێشەوە کە دەرفەت بقۆزێتەوە بۆ دیاریکردنی ئەم ئامانجە سەرەکییە کاتێك پێشکەشی پەرلەمانی ئەورووپا کرا، ئەم بیرۆکە تەندروستە هەنگاوە ستراتیژییەکانی خۆی دەپێکێت ئەگەربێتوو بەم شێوەیە بمێنێتەوە لەسەر بەراوردکردن لەنێوان دەرئەنجامی ئامانجەکەو توانا رەخساوە ئاساییەکان کە ئەمە لەسەر خوێندنەوە بۆ هەر ئامانجێکی دوور مەودای تریش دەچەسپێت.

٤- ئابووری سەرچاوەی هێزە لەهەر پلاندانانێکی ستراتیژییدا بۆیە پێویستە بیر لەچەسپاندنی هەموو رەگەزەکانی پێکهێنانی ئابووریی پتەو بکرێتەوە.

هەر قەوارەیەکی نێو کۆمەڵگەی هاوچەرخی نێودەوڵەتی بەقەبارە دەرەکییەکەیەوە ناپێورێت، هەروەها بەو چەکە بەهێزو کاراو توندانەی کە هەیەتی نابینرێت، بەڵکو بەهۆی زەمینەسازیی ئابوورییەکەیەوە دیاری دەکرێت، وەك دەبینین زۆربەی جەنگە گەورەکان بەسیاسەتی گەمارۆدان و داڕووخانی ئابوورییەوە دەستیان پێکردووە، لەهەموو مەیدانەکاندا پێویستە بنەمای ئابووری توندوتۆڵ هەبێت لە پێناوی سەرکەوتنی ئەزموونێکی نێودەوڵەتیدا. بەنموونە لێرەدا ئاماژە دەدەین بەئەزموونی چەند وڵاتێکی رۆژهەڵاتی ئاسیاو خۆرئاواکەی وەکو دەوڵەتی قەتەر کە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەی وەرزشیانە ستراتیژیك بۆ خۆی بونیات دەنێت کاتێك میوانداریی پاڵەوانێتییەکانی تۆپی پێی جیهانی دەکاتە ستراتیژێك بۆ خۆی، ئەمە وەدی نایەت ئەگەر زەمینەی ئابووریی پتەو بۆ ئەو وڵاتە قەبارە بچووکە بەڵام لەتوانای مادیدا قەبارە گەورەیە ساز نەبێت.

بەڕێوەبردنی پێوەندییە دەرەکییەکانی کوردستانی بەبێ زەمینەیەکی ئابووریی توندوتۆڵ وەدی نایەت، لەبەر ئەوەیە کە سەرکردایەتیی کوردستانی لای کردۆتەوە بۆ ئابووری لەدەروازەی کارتی ریفۆرمەوە، هەروەها لە ڕێی داواکردنی لێکۆڵینەوە لە بنکە نێودەوڵەتییەکانەوە، ئەو بنکانەی لەبواری پلاندانان و دارشتنی یاساکان و مەیدانەکانی ئابوورییەوە لە هەمەجۆرێتی وەك پیشەسازیی و کشتوکاڵی و گەشتیاریدا پسپۆڕن، بەڵام ئەوەی لەهەمووان دیارترە چالاکیی بێوچانە بۆ بەستنەوەی ئابووریی کوردستان بە ئابووریی نێودەوڵەتییەوە، یان لە رێڕەوەکانی کارکردنیدا بۆ پەرەپێدانی بازاڕی دارایی هەولێر، هەروەها وەرچەرخاندنی بەرەو هەبوویەکی هەست پێکراو تا لەگەڵ بازاڕی نێودەوڵەتیدا پردێك دروست بکات یاخود لە ڕێگای راکێشانی وەبەرهێنانی دەرەکییەوە و کارکردن بۆ هەمەجۆرکردنی سەرچاوە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانەوە، ئەمە وێڕای هەوڵدانێکی زۆر لە پێناوی بەرزکردنەوەی ئابووریی لۆکاڵی و دەوڵەمەندکردنی بەجووڵانەوەیەکی تایبەتمەندەوە لە ڕێی بیرکردنەوە بۆ ئازادکردنی بازاڕ، تا لە ژێر پاڵەپەستۆو فشارە کتوپڕو چاوەڕواننەکراوەکان دەربچێتە دەرەوە.

سەرکەوتنێکی باشی چاوەڕوانکراو بۆ ستراتیژییەتی پێوەندییەکانی دەرەوە بەستراوەتەوە بەهێزی ئابووری کوردستان و گەشەکردنی و چەسپاوێتی بارودۆخیەوە بەتایبەتی لە کۆتایی پێهێنانی شێوەکانی بێکاریی، سەرەڕای رێژە کەمەکەی لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها راگرتنی هەر ئەگەرێك بۆ زیادبوونی ئەو رێژە کەمەی هەژاریی و کارکردن بۆ چارەسەرکردنی هەر کەلێن و ناڕێکییەك کە لە ڕێچکەی ئابووریدا دەردەکەون، ئەوەش لە ڕێگەی پشت بەستنی تەواو بە پلانڕێژیی کەسانی پسپۆری پێگەیو، لەگەڵ هەر سەرکەوتنێکی ئابووریدا پێداگیریی زیاتر دەکرێت لەسەر سەرکەوتنی پێوەندییەکانی دەرەکی، بەو شێوەیە کارلێکێکی ئەرێنی کاریگەرو کارتێکەر بە ڕێگەیەکی باشتر و سەرکەوتووتر هەڵدەچنرێت..

٥. هەوڵدان بۆ هەر کۆمەکییەك لە پێناوی پلانە ستراتیژییەکەدا، ئەوەش پێویستی بە دۆزینەوەی هاوپەیمانێتیی گەورە هەیە لە نێوان هێزو دەزگاکانی کۆمەڵگەیی لە شێوەی یەکخستنی سوپاو گەلدا: مەغزای پشتیوانیکردنی پێوەندییە دەرەکییەکان و سیاسەتی نێودەوڵەتی لە کۆکردنەوەی هێزە میللییەکان لە لایەك و دامودەزگاکانی دەوڵەت بە سوپا لە لایەکی ترەوەیە، وانەو پەندی گەورە جەخت لەو مانایە دەکاتەوە، بەو شێوەیە پاراستنی هۆشیارییەکی باڵا لە ناو هێزی پێشمەرگە لە لایەك و زانین و درك کردن بە بزاڤی هێزی گەل لە لایەکی ترەوە، تێگەیشتنی واتاکانی پشتیوانی کردنی یەکترو یەکخستنی توانایە لە کۆبوونەوە دەرەکییەکاندا، ئەوەش دەبێتە گۆشەیەکی ئەرێنیی گرنگ بۆ بەرژەوەندیی هەستەوەرانەی ئەو سیاسەتە، لەبەر ئەوە لە ڕووی ستراتیژییەوە لە بری ئەوەی تاکەکان سەرقاڵ بکرێن بە کاروبارە لاوەکیبەکانەوە و لەسەر چنینەوەی هەڵوێستە تایبەتمەندەکانی کە بە تاکڕەوانەو بەکەسییکردن ناسراون ،



له بری ئەوانه یەکبوونێکی کۆگەلانه دروست بێت بۆ ئەو دۆزە گەورانەی کوردستان کە لە چوارچێوەی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکاندا جوولێنراون..

٦- پێویسته لەسەر پلانی ستراتیژی بۆ بەرژەوەندیی گوتارو تواناکانی خۆی سوود له سەرچاوەکانی ئەوانی دیکەو خەزێنەکانیان وەربگرێت: ڕەنگە ئەمە ڕوون بێت سەبارەت بە پلانی سەربازییانە، بەڵام لێرەدا له چوارچێوەی پێوەندیی دەرەکی ئاماژە بە پلانی سیاسی دەدەم کە پێویسته وەبەرهێنان لەسەر گوتارەکانی ئەوانی دی بکات، بە نموونە جینۆسایدی هەڵەبجەو تاوانەکانی ئەنفال لەگەڵ هۆلۆکۆست بەراورد بکرێت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕوونتر دیمەنەکە بۆ ئەوانی تر دەربکەوێت، نموونەیەکی تر هەڵوێستە ئیجابییەکانی ناو سەربازگەی ئەوی دی باس بکەین تا ببێتە پاڵپشت بۆ داخوازییەکی خۆمان، پێویستە هاوکات ئاگاداری ئەداو کاری ڕکابەرو ئۆپۆزسیۆنەکانیش بین تا شتێکی وایان لێ وەربگرین تا ئۆپۆزسیۆنبوونی خۆیان ڕابگرن و بخزێننە چوارچێوەی چەسپاندنی ماف و ئامانجێکی دروست و ڕاستەقینەیی کە بۆ وەدیهاتنی لە خەباتداین.

٧- پێویسته ئامادەگییە خودی و مانەوی و دەروونییەکان فەراهەم بکرێن پێش چوونە ناو پرۆژەو بەرنامەی ستراتیژییەوە وەك یەدەگێك بۆ هەر ئەگەرو گریمانەو سوپرایزێك: ئەم کارە لە جێبەجێکردنی ستراتیژەکەدا بە مەترسیدار دەژمێردرێت ، چونکە هەندێ جار داوای خۆڕاگری و ئارامی و چاوەڕوانیمان لێ دەکرێت بۆ مەودای دوور، پێش ئەوەی ئامانجی دوورمەودای ستراتیژی وەدیبهێنرێت، لێرەوە پێویستە بنکەکانی لێتوێژینەوەو ڕاستاندن و هەڵسەنگاندنی ڕاوبۆچوونەکان بدۆزینەوە تا بە دواداچوون بۆ هەوڵەکانی ئامادەکاریمان لە بارەی بنکە سەرەکیەکەی ستراتیژەوە بکرێت، ئەم بەکارهێنانەش توانای کۆدەنگیی ڕاگەیاندنی پێویستە جگە لەوەش پێویستی بە شێوەکانی گردبوونەوەیە بە هۆی چالاکییە جەماوەرییە بەرفراوانەکانەوە نەك ئەوانەی لە هۆڵەکاندا سیخناخ دەکرێن، بەڵکو دەتوانرێت چالاکییە گەورەکان هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت، لە زیمنی وەدیهاتنی ئامانجداو لە ژێر کاریگەرێتیی ڕاستەوخۆی تەکتیکیدا، کە پێکەوە لەگەڵ موفرەداتی توانا دوورمەوداکاندا بەرجەستە دەبن.

٨- هەوڵدان بۆ پەرتەکردنی تواناکانی لایەنی دژەباوو پێچەوانەو ڕاگرتنی بەرفراوانبوونی یان ڕێگەگرتن لە تەوزیفکردنی هەر ئەگەرو توانایەك بۆ مەرامەکانی ئەوی بەرانبەر: ڕووگەو ئاڕاستەی گەلی کوردستان بۆ بەهێزکردنی دۆخی دانپیانانی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتییانە بە بێ بەربەستدانان و نەیاران بەتایبەتی هێزەکانی شۆڤێنیی دوژمنکار ناچێتەسەر، لەبەر ئەوە پێویستە بیرکردنەوە لە چۆنیەتی کەمکردنەوەی تواناکانیان و دەرفەتنەدانیان

لە قۆرخکردنی مینبەرە نێودەوڵەتییەکان ببێتە کارێکی گرنگ، چونکە لەبەردەم هەوڵەکانی پێگەیشتنی پێوەندییە دەرەکییەکاندا دەبنە بەربەست.

٩. لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر کارکردن و بەرهەمهێنان و پاراستنی پتەویتی ئامانجەکان و بزرنەکردنی ئاراستەکانی گەیشتن پێیان بەردەوامی هەبێت: لە ناوجەرگەی ئەم ڕێڕەوەدا پێویستە لەسەر بیرمەندانی ستراتیژ ئامانجەکەیان بزر نەکەن و خۆیان بە کاری لابەلاوە سەرقاڵ نەکەن، بەڵکو پێویستە لە بەرانبەردا هەنگاوەکانیان گورجتر بکەنەوە و موفرەدەکانی کارکردن بە ئاراستەی ئامانجەکە بەدیبهێنن بە بێ سڵ کردنەوەو فەرامۆش کردن.

١٠. هەمیشە ئەوەمان لە پێش چاو بێت کە پرەنسیبی وەبەرهێنان ئاسانترین دەروازەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان: شتێکی ئاساییە کە پلانی سیاسییانەی ستراتیژی هەنگاو بە هەنگاوو پلە بە پلە بچێتە پێشەوە نەك بە پەلەپرۆزێ و پەلە پەل کردن قۆناغەکان ببردرێت و شێوەیەکی مەترسیداری لێ دروست بێت، لێرەوە هەنگاونان بە ئاراستەی ئامانجەکە ڕەنگە تەمەڵی تێدا بکرێت، بەڵام پابەند دەبێت بە گەڕان بە شوێن هەموو دەرفەتێك و گرتنەبەری هەموو دەروازەیەکی ئاسان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکە، ئەمەش بە واتای پچووك نەکردنەوەی مەحفەلە نێودەوڵەتییەکان یان ڕانەوەستان لەبەر دەرگاکانی دەزگا زەبەلاحەکاندا بە بێ ئەوەی توانای چوونە ژوورەوەت هەبێت، ئەو ڕۆژە دێتە پێشەوە کە ئەو مەحفەلانە توێژینەوە بکەن لەسەر ئامانجەکان کە بە ئارامی و زانابییەوە خاڵە بچووکەکانی لە دوای یەکتر کۆکردۆتەوە تا ئەو ئاستەی هەبوونەیەکی هەستپێکراوی گەورەی نێودەوڵەتییان بۆ دروست دەبێت، ئەو کاتە لەوانەیە ئامادەیی بوونتان لە بۆنەو چالاکییە بچکوکەکانی ئەنجومەن و ڕێکخراوەکان و بەشداربوونتان لە کۆنگرەکانی بزووتنەوە لۆکاڵی و نێونەتەوەییەکاندا مەحافلی تایبەتمەندی باڵاتر بەلاتاندا پەلکێش بکات بە سەمتی پێوەندییە دەرەکییەکانیانەوە.

١١. لەگەڵ فەراهەمکردنی نەرمونیانی تەواو دەرفەتدان یان دەروازەکردنەوە بۆ مانۆڕو وەڵامدانەوەی بارودۆخەکان یان هێڵەکانی گەڕانەوەو گۆڕینی ئامانج بە پێی پێشهاتە نوێیەکان: لەمەوە پێویستە بۆ خوێندنەوەی ئەم ڕێبازە زۆر وریایی بەکار بهێنرێت تاکو چەقبەستوویی ئاستی ئەدا نەگرێتەوە.. هەمیشە پێویستە دەروازە ئاوەڵا بێت بۆ نەگەڕانە دواوە ڕێگەگرتن لە داخزان بە ناو گرفتەکاندا بە هۆی نەمانی توانا لەسەر مانۆڕکردنی قۆناغبەندی تەکتیکییەکانەی ئەداوە، بۆئەمەش پێویستە هەمیشە چاو لە ئاستی ئامانجە دوورمەوداکان غافڵ نەبێت، ئەمەش هاندەرمان دەبێت بۆ بیرکردنەوە لە وەدیهێنانی دەرفەتەکانی مانۆڕکردن لەبەری کەوتنە ناو زیانی گەورەوە، کەواتە ئەرکی سەرشان، دەبێت بە یەك تولە ڕێ گوزەر نەکرێت و یەك گوتاری تاکڕەهەندانە وەك ئامراز نەگیرێتەبەر، هەندێ جار بارودۆخ خۆی وا دەسەپێنێت بە ناچارییەوە بە شێوەیەکی کاتی بکشێیتەوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی برژێتە ئەستێلکی پتەوکردنی ئامانجە گەوهەرییەکەوە، زۆرجار بارودۆخ ڕێخۆشکارە بۆ چوونە پێشەوە بەرەو تەوەرەکان تا جەمسەری بەرانبەر وا لێبکەیت بکشێتەوە..

١٢. نەخستنەکاری هەموو ئامرازو کەلوپەلەکان بە تایبەتی سەرەکییەکانی: لە کاتێکدا ئەگەر هێزگەلێك هەبن خۆیان مەلاس دابێت بۆ جووڵانەوەکانت و ئامادەییان وەرگرتبێت تا دواتبخەن، بیرۆکەی نەخستنەکاری هەموو توانا و هێزت لە هەر چالاکییەکدا بیرۆکەیەکی ناوازەیە تا زیانەکان بەر ستراتیژ نەکەون بە تایبەتی لە ساتەوەختی هاتنە پێشەوەی سوپرایزێکدا، لەمەوە پێویستە وریا بین لەو توانا ستراتیژیانەو وەریبگێڕین بۆ بیرۆکەی هەمیشە پاراستنی هێزی سەرەکی بۆ هەنگاوهەڵێنانی داهاتوو مادام ئامانجی دوورمەودامان وەدینەهێناوە بەرەو ئەو زۆنەی کە پێشڕەوێتی بۆ دەکەین.

١٣. ستراتیژیەت ناچار دەبێت تەوزیفی پلانی یەك بەرانبەر سێ بە پێی توانا بکات، لە هەندێ دۆخیشدا پلانی سێ لە دژی یەك بەکاربهێنێت: لە چرکەساتە یەکلاکەرەوەکانداو لەو تواناییانەی چالاکییەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت بە ئاراستەی ئامانجێك هیچ کام لە جەمسەرەکان لەو چرکەساتەدا ئەوەی لەبیر ناچێت کە حەقیقەتێك هەیە پێویست بە بەکارهێنانی یەك هێز دەکات لە هێزەکانی خۆی یان یەك کەرەسە لە کەرەسەکانی خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سێ هێزی بەرانبەر بە شێوەیەك ئەو هێزە ناوازە دەردەچێت و توانای دەبێت مامەڵە بکات لە یەك کاتدا لەگەڵ زیاتر لە تەوەرێك، لە کاتێکدا کارەکە وای لێ دەخوازێت پاڵبنێت بە زیاتر لە ئامرازێکەوە یان زیاتر لە پلانێکەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جەمسەرێکی کاریگەر تا بتوانێت کاریگەرییە ئۆپۆزسیۆنەکەی بەرانبەری و داواکانی دامرکێنێت، دۆخێکی جدییانە بهێنێتەئاراوە بۆ پێچدانەوە بەو ئامرازانەی پلانە ستراتیژییەکەی پێ جێبەجێ دەکرێت یان ڕاسپاردنی جەمسەرێك یان زیاتر ، وەك ئیکتیفاکردن بە نوێنەرایەتییەکی دەرەوە یان پاڵنان بە جەمسەرەکانی دیکەی هاریکارو هاندەرەوە بە پێی حاڵەتەکەو تێچووەکەو ئەرکە ڕاسپێردراوەکەی.

١٤. پێویستە هەمیشە ئاگادار بن لە هاتنەژوورەوە بە تایبەتی چالاکییەکانی سووڕانەوەو لە پشتەوە خەنجەر لێدان: لە سیاسەت و ئابووریدا هەمان شت لە جەنگەکاندا بەردەوام هەوڵەکانی هاتنەژوورەوەو ئەگەری سووڕانەوەی لە پشتەوە حیسابی بۆ دەکرێت، بە هەند وەرگرتنی ئەم ئەگەرە هەمیشە کارێکی زۆر پێویستە تا پێشڕەوێتیمان و سەرکەوتنەکانمانی لێ بپارێزین نەهێڵین کارو چالاکیەکانی کەلێنخستنەناو ستراتیژو لێوەژوورهاتن بمانخاتە بەر کشانەوەو ئەگەری زیانپێگەیاندنمانم زیان نەکات زیانێك

**لە ڕووی ستراتیژییەوە لە بری ئەوەی تاکەکان سەرقاڵ بکرێن بە کاروبارە لاوەکییەکانەوە و لەسەر چنینەوەی هەڵوێستە تایبەتمەندەکانی کە بە تاکڕەوانەو بەکەسییکردن ناسراون ، لە بری ئەوانە باشترە یەکبوونێکی کۆگەلانە دروست بێت بۆ ئەو دۆزە گەورانەی کوردستان کە لە چوارچێوەی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتیەکاندا جووڵێنراون**

**وانەو پەندی گەورە جەخت لەو مانایە دەکەنەوە، پاراستنی هۆشیارییەکی باڵا لە ناو هێزی پێشمەرگە لە لایەک و زانین و درک کردن بە بزاڤی هێزی گەل لە لایەکی دیکەوە، سەنگ داکوتینە بۆ واتاکانی پشتیوانی کردنی یەکترو یەکخستنی توانا لە کۆبوونەوە دەرەکییەکاندا**

که له چاوەڕێی ئێمــەدا نەبوو بێت، هەر ئەم ئاگاداری و وریا بوونە وامان لێ دەکات باشترین ڕەگەز بەکاربهێنین بۆ وەدیهاتنی ئازادیی کار لە پێناوی ئامانجە ستراتیژیەکەدا و بــەر لەوەش لــە پێناوی فەراهەم بوونــی ڕەگەزەکانی پاراستنی بەرهەم و دەســکەوتەکان و هەل پێبەخشینی تا کاری بووژانەوەیان مەیسەر بێت.

١٥. دوورکەوتنــەوە لە بەکارهێنانــی زمانی توندوتیژی و گوتــاری ئاگریــن یان بیرنەکردنەوە لە پشتبەســتن بە چارەسەری ســەربازیانەوە ســەنگەر گرتن لە پشتیانەوە بۆ گەیشــتن بە ئامانجەکان، پێویســتە پێچ بدەینەوە بۆ وەرگرتنی باشترین ڕێگەچارە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوور لە سەربازی، چونکە زیانەکان زیاد دەکات و دەبێتە هۆی بەربەست دانان لە پێش هەوڵەکانماندا و ڕاگرتنی پرۆژەکان و نەگەیشتنمان بە ئامانجی بنەڕەتی، سەربەخۆیی هەرێمە فیدراڵییەکان هێزەکەی خۆیان زیاتر لە بەرجەســتەبوونی ژێرخانــی ئابووری و کۆمەڵایەتیاندایــە، ئەو ژێرخانەی وا دەکات چالاکییە بونیادنــەرەکان بکەوێتە چوارچێوەی دەوڵەتێکــی هاوچەرخانەی مەدەنییــەوە، ئەو مۆدێلەش پێوەندییــە نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتیەکان ڕادەکێشــێت بە لای خۆیدا بە شــێوازێك کــە کاریگەرێتی و ئاڵوگۆڕیی کاریگەرتــر دەبێت پردی پێوەندییــەکان قووڵترو دەبنەوە و مەترسی یاخیبووانی دژ بە ســەربەخۆیی دوور دەخاتەوە زەحمەتیش لەبەردەم ئەوانەدا دروســت دەکات کە دەیانەوێت بیکەنــە ئامانج بۆ خۆیان لە ڕێی دوژمنایەتیانەوە، لێرەوە گوتاری دیبلۆماســی و پشتبەستن بە کرانەوەی فیکری و گوتارەکانی سیاســی و کلیلەکانیــان هێزێکی پتەوتر دەبەخشن بە گەیشتن بۆ ئامانجە ستراتیژییەکە ئەویش بە کەمترین زیانەوە..

خوێندنەوەی بنەماکانی ستراتیژی و هەندێك ڕوونکردنەوەو جێبەجێکردنی کە لەم بابەتەدا هاتن، دەرفەتێکی زۆر گرنگە بۆ کۆکردنەوەی هێزی جەماوەریی لە دەوری سیاسەتێکی کوردستانی بە چوارچێوەیەکی سیاسەتی دەرەکییەوە، ئەو پێوەندییانەی بە بونیادی پێکهاتەیی خۆیەوە بۆ دیاریکردنی تەوەرەکان دەوڵەمەند دەبێت، ســەرەتا پێوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی زلهێزو و ئەوەی پێویســت بێــت لە وردەکاری و ئەرکبەجێگەیاندن بۆی، دواتر پێوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی هەرێمایەتی و پێوەندییان بە ژینگەی دەوروبەری نێودەوڵەتی بــە هەموو پردە لێــك بەســتراوەکانیەوە، دوای ئەمانەش تاوتوێکردنی بنەماکانی بونیادنانی پێوەندییە تایبەتییەکان لەگەڵ ڕێکخراوە فەرمییە نێودەوڵەتییەکان لە تەوەرێکی تردا بــۆ گەیاندنی پردی توندوتۆڵــی پێوەندی بە بزاڤە ئینتەرناســیۆناڵەکان کە زەمینەیەکی پتەو سازدەکات بۆ ئامادەییەکی چاوەڕوانکراو بــۆ کورد لە ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوچەرخانەدا، ئیتر کەرەسەکانی بنیادنانەوەی پێوەندییەکانی دەرەوە کە ناوازەترینیان لە بواری سیاسەت بۆ گوتاری فەرمییانەی دەوڵەت پێویستییەکە بۆ داڕشتنەوەی شێوازێك لە شــێوازەکانی بونیادنانی کۆنفیدراڵی گونجاو وەك وەڵامدانەوەیەکــی ئاڵۆزییەکانــی دیمەنی ناوخۆی عیراق و دەرکەوتنی هێزی فشــار بە شــێوەیەکی سلبی کە پێویســت بە چارەســەرکردنی کارەکان دەکات لە ڕێی بەڵگەنامەی نووسراوی پشتبەستوو بە یاسای فیدراڵییەوە، بۆ ئەوەی شــتێکی وا بێتە دی پێویســتە بە بەردەوامی کار بکرێت لەســەرهێنانە پێشــەوەو ئامادەبوونی مینبەرە فەرمییــە نێودەوڵەتییەکان لە ڕێی دەروازە دیپلۆماســییە پشــت پێبەســتراوەکانەوە، لێرەوە ســەرنجتان ڕادەکێشم بۆ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و دانپێدانانی بە نوێنەرانی گەلانی بێ دەوڵەت لە پێناوی بەرزڕاگرتنی نوێنەرایەتیان و بەرجەستەبوونی، ئەوەشیان کارێکی شیاوە.

هەروەها پێویستە ئاماژە بە زۆر دەروازەی تریش بدرێت لە میانەی پێوەندییە دەرەکییەکاندا تا زەمینەی بۆ بسازێنرێت، لەوانەش پتەوکردنی پێوەندییە کەلتووری و زانستییەکان کە پێویستە بەرجەستە بکرێتەوەو زەمینەیان بۆ سازبدرێت، وەك بەستنی کۆنگرەو فیســتیڤاڵەکانی تایبەت بە بوارەکانی هونەرو ئەدەب و سینەماو شــانۆ و شیعر و تاد، هەروەها شــێوازی گونجاندن و پێوەندیی بەستنی نێوان زانکۆکان و دروســت کردنی پردی پێوەندیی هاریکاری زانســتی و ڕەخســاندنی دەرفەتی گەشتیاری و پردەکانی، ڕەنگە بە پاڵپشــتیکردنی هەڵاوێرکراوی دارایی گشــتییەوە، بەڵام وەبەرهێنان لێرەدا نەخشــە ڕێگەیەکە بۆ ســتراتیژیەتێکی دوورمەودا.

کوردســتان هەموو ئەم ئەرکە قۆناغبەندییانی تێدابووە تا خۆی سازو ئامادەبکات بۆ ئامانجە ستراتیژییە مەزنەکان، پێویستە پێداچوونەوە لە لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکانی خۆی بکاتەوە، ئەم کارەشــی پێویســت بەوە دەکات ڕوو لە بنکە ســتراتیژییە نێودەوڵەتییەکانی ڕاوێژکاریی بنێت، هەروەها ڕوو لە زانکۆ جیهانی و بنکە زانســتیەکان بکات و پشت ببەستێت بە توێژینەوەی کەسانی پسپۆر و تایبەتمەند لەو بوارانــەدا هەر بە نموونە زانکۆی ئیبنولروشــد کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی زانستی پڕ بایەخی پێشکەش کردووە، ئومێد دەکرێت ببێتە نەخشــە ڕێگەیــەك و وەك دیکۆمێنتێکی پاڵپشــت و ببێتــە هاوکارییەك بــۆ توانا ســتراتیژییە چاوەڕوانکراوەکان، ڕۆحی دەسپێشــخەری لە زانکۆکان و کەســایەتییە دیارەکانەوە دەبێتە کارێکــی چاوەڕوانکراوو پاڵپشتێك بۆ مافی لە مێژینەی گەلی کوردستان تا پێگەو شوێنی شیاوو گونجاوی خۆی لە ناو نەتەوە و دەوڵەتەکاندا بەدەست بهێنێت و پێوەندییەکانی دەرەوەی کوردستانیش بۆ ئامانجی باڵای مرۆڤایەتی وەبەرهەم بهێنرێت..


**جینۆسایدی هەڵەبجەو تاوانەکانی ئەنفال لەگەڵ هۆلۆکۆست بەراورد بکرێن، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕوونتر دیمەنەکە بۆ ئەوانی تر دەربکەوێت**

**ئەرکی سەرشان وادەخوازێت کە بە یەک تولە ڕێ گوزەر نەکرێت و یەک گوتاری تاکڕەهەندانە وەک ئامڕاز نەگیرێتەبەر، هەندێ جار بارودۆخ خۆی وا دەسەپێنێت بە ناچاریی کشانەوە بە شێوەیەکی کاتی ئەنجام بدرێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی بڕژێتە ئەستێڵکی پتەوکردنی ئامانجە گەوهەرییەکەوە**

*** توێژەری ئەکادیمی زانستە سیاسیەکان و سەرۆکی زانکۆی ئیبن روشد لە دانیمارک**

# گەڕان بەدوای میکانیزمێکی ئاشتیانە بۆ دابەشکردنی عێراق

## بارودۆخی ئێستای عێراق لە کەشتییەکەی تایتانیک دەچێت





((رۆبەرت دارفیۆس سەرنووسەری گۆڤاری (زە ناشناڵ) لە وتارەکەیدا کە بەناونیشانی (رزگارکردنی عێراق) بڵاوی کردۆتەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، تەنیا بژاردەیەك بۆ ئێستای عێراق پێشبینی بکرێت ئەوەیە کە چاوەڕێ بکرێت بە چ جۆرە توندوتیژییەك عێراق پارچە پارچە دەبێت، ئەم قسەیەی دارفیۆس وەك ئەوە وایە بڵێت (هیچ ئومێدێك بەعێراق بوونی نەمابێت و دەستی لێ بشۆین)، ئەمەش ڕێگەیەکی سەیرە بۆ چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو واقیعەی ئێستا لە عێراقدا بوونی هەیە، ئەم واقیعە بە چەشنی بیرکردنەوەی ئەو گەشتیارانەی سەر تەختەی کەشتییەکەی تایتانیکە، کاتێك تایتانیك خۆی بە شاخێکی سەهۆڵیندا کێشابوو لە ناوەڕاستدا دوو لەت بوو، بەڵام سەرنشینانی کەشتییەکە هەر پێیانوابوو نقووم نابێت و دەتوانێت لەسەر ئاو بمێنێتەوە، بۆیە جەختیان دەکردەوە دەبێت هەموو گەشتیارەکان لەسەر پشتی کەشتییەکە بمێننەوە و دەیانپارێزێت، بەڵام ئومێد خواستن بۆ ئەوەی بارودۆخێکی باشتر بێتە ئاراوە و کەشتیەکە سەلامەت بێت، ئەوا تەنیا بە ئومێد خواستن ئەو بارودۆخە نایەتە ئاراوە. کەواتە پارچە پارچە بوونی عێراق هەر ڕوودەدات، ڕێکخراوی سندوقی ئاشتی (The fund for peace)، پێشنیاری کردووە کە بەرنامە دابنرێت بۆ ئیدارەدانی ئەم پارچە پارچە بوونە واتە (managed partition)، ئەمە هەرناوێکی لێ بنرێت زۆر لەوە باشترە ڕێگە بدرێت عێراق بەتوندوتیژی پارچە پارچە بێت، ئەوەی بۆ عێراق گرنگە ئەوەیە کە ئیدارەدانی ئەم دابەشکردنە زۆر بە هۆشداری و وریایەوە ئەم کارە ئەنجامبدرێت، ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی توندوتیژی ئیتنی و مەزهەبی زۆر کەمبکاتەوە و هەروەها کەمتر هێزە دەرەکیەکان دەستێوەردان بکەن، بۆیە یەکێك لە بۆچوونەکانی ڕێکخراوی سندوقی ئاشتی بۆ دابەشکردنی ئیدارەدراو بریتییە (لە یەکێتی دەوڵەتەکانی عێراق. The Union of Iraqi States) لەسەر شێوازی یەکێتیی ئەوروپا، بەمەش هەرسێ پێکهاتە سەرەکیەکە لەڕووی سیاسییەوە سەربەخۆ دەبن و لەڕووی ئابوورییەوە پێکەوە هەماهەنگ دەبن، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە هیچ کام لە پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبیەکان نەکەونە ژێر باڵادەستی گرووپێکی دیکەوە.)



پاولینا بارکەر
سەرۆکی پێشووی
ڕێکخراوی سندوقی ئاشتیی جیهان

## عێراق لەنێوان
## دابەشکردنی نەرم و پارچە پارچە بووندا

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی بۆچی پرۆسەی دابەشکردنی دەسەڵات لە عێراقی نوێ و لەماوەی ١١ ساڵی رابردوو سەرکەوتوو نەبوو؟ هەروەها بۆچی عێراق نەخشەی رێگەی بۆ فیدراڵی و دیموکراتی لە دەستورەکەیدا بۆ دارێژرا، بەڵام دووبارە پاشەکشەی کردو گەڕایەوە بەرەو سەنترالی و شێوازێك لە دیکتاتۆریەت؟ ئێمە وەك گوڵان بەنیاز بووین ئەم پرسە لەگەڵ پرۆفیسۆر (دیڤید. ئیڵ فلیپس) تاوتوێ بکەین، هۆکاری دەستنیشانکردنی پرۆفیسۆر فلیپسیش بۆ ئەم تاوتۆکردنە لەو روانگەیەوە بوو، کە ئەو خاوەنی توێژینەوەی (پرۆسەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانە لەعێراقدا - Power-Sharing in Iraq)، ئەم توێژینەوەیە کە بەقەوارەی ٥٣ لاپەڕە لە ئامۆژگای ئەنجومەنی پێوەندییەکانی دەرەوە بڵاو کراوەتەوە، بەڵام بەداخەوە وەك ئاگاداری کردینەوە ئێستا ئەو لە گەشتێکە لە سنووری نێوان چین و بۆرما و تەنانەت ناتوانێت بە نووسینیش وەڵاممان بداتەوە، بەڵام بۆ پێشاندانی بایەخی ئەم راپۆرتە ئاماژە بەو هەڵسەنگاندنە دەکەین کە پرۆفیسۆر ریچارد هاس سەرۆکی ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوە و سەرۆکی پێشووی ستافی پلاندانان لە ئیدارەی بیل کلنتۆن نوسیویەتی، بەوەی تاچەند ئەو پرۆسەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەعێراقی دوای دیکتاتۆری گرنگە، ریچارد لە ساڵی ٢٠٠٥ پێش نووسینەوەی دەستووری عێراق ئومێدی خواستووە ئەم راپۆرتە ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری عێراق سوودی لێوەربگیرێت، لەبەر ئەوەی سەرکەوتنی دەوڵەتی دیموکراتی و فیدراڵی بەندە بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکانەوە و بەمجۆرە ریچارد هاس باس لەم راپۆرتە دەکات: (لە دەوڵەتی دیموکراتیدا، دەسەڵات لە نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکار و یاسادانان و دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ لە ئاستی فیدراڵی دابەش دەکرێت، هەروەها دەسەڵات لە نێوان حکومەتی فیدراڵی ناوەند و حکومەتی لۆکاڵی هەرێمە فیدراڵیەکان دابەش دەکرێت، لەمەش گرنگتر دەسەڵات لە نێوان دەوڵەت و هاووڵاتی دابەش دەکرێت، بۆ ئەوەی هاووڵاتی بەمافە بنەڕەتیەکانی خۆی شاد بێت، ئەمەش بەرێگەی یاسا و دامەزراوە دێتە بوون، نەك هەڵبژاردن..

چۆنیەتی دارشتنی دەستووری عێراق و ئەو دەسکەوتانەی لەو دەستوورە بەدیدێن، لە چۆنیەتی پاراستنی کەمینەکانی عێراقەوە سەرچاوە دەگرن، نەك بەرێگەی زۆرینە کە شیعەن، بۆیە ئەگەر ئەم دەسکەوتە بەدیبێت، ئەوا ئەم دەسکەوتە لەهەموو ئەو دەسکەوتانەی دیکە گرنگترن کە تا ئێستا بەدەست هاتوون.

ئەوەی دیڤید فلیپس لەم دیراسەتەی (دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەعێراق)خستوویەتەڕوو، هەموو لایەنەکانی نیگەرانی دەنگدەرانی عێراقی لە پێکهاتە جیاوازەکان لەخۆی گرتووە، هەروەها ئەم دیراسەتە راسپاردەی گرنگی بۆ چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵات و هەیکلی حکومڕانی لە عێراقی نوێدا خستۆتەڕوو، هەروەها هەموو مافەکانی تاك و گرووپەکان و رۆڵی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکانی لە پرۆسەی دارشتنی دەستووری عێراق دیاری کردووە، لە ئێستادا عێراق رووبەڕووی بڕیاری قورس دەبێتەوە، هیوادارم ئەم راپۆرتە بتوانێت رۆڵێك بۆ پێکەوە گونجان و کۆدەنگی لەنێو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بگێرێت)).

ئەگەر سەرنج لەهەڵسەنگاندنی پرۆفیسۆر ریچارد هاس بدەین جەختی لەسەر دوو خاڵی گرنگ کردۆتەوە کە دەبنە ستوونی راگرتنی مانەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدراڵی بە یەکپارچەیی، بە نەمانی ئەو دوو ستوونەش ئەوا چیدیکە دەوڵەتێك نامێنێت ناوی عێراق بێت، ئەو دوو ستوونەش بۆ هەیکەلی حکومڕانی عێراق بریتین لە:

١. دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەسەر بنەمای راپۆرتەکەی فلیپس کە دواتر بووە بەشێك لە دەستووری عێراق، ئەمەش واتە دابەشکردنی دەسەڵات لەسەر ئاستی حکومەتی فیدراڵی لەنێوان حکومەت و پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی وەك دەسەڵاتێکی سەربەخۆ، هەروەها دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان حکومەتی فیدرال و حکومەتی لۆکاڵی هەرێمەکان، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی حەسری و سنووردار بێت و دەسەڵاتی هەرێمەکان فراوان بێت.

٢. دەسکەوتی دەستووری عێراق بریتی دەبێت لەوەی کورد و عەرەبی سوننە کە دوو پێکهاتەی سەرەکی عێراقن و بە ژمارەی دانیشتوان لە عەرەبی شیعە کەمترن، کە ئەوان پارێزراو بن و مافەکانیان وەربگرن، نەك دەستوورێك بێت زەمینەی هەژموونی باڵادەستی بۆ زۆرینەی شیعە دەستەبەر بکات.

**دەستووری عێراق واتە پاراستنی کەمینەکان نەک حکومڕانی زۆرینەی شیعە، بەڵام ئێستا وەک دەبینین دەستووری عێراق ئەم مانا و مەغزایەی لەدەستداوە و تەنیا یەک مانای هەیە، ئەویش ئەوەیە نوری مالیکی بەرەو دیکتاتۆریەتی زۆرینە هەنگاو هەڵدەگرێت**

**چەمکی ئیدارەدانی تەنگژە بۆ چارەسەرکردن یان ئیحتیواکردنی تەنگژەکەیە لە چوارچێوەی سنورە کۆنەکەی دەوڵەتدا، بەڵام چەمکی ئیدارەدانی دابەشکردن، پێویستی بە وەرچەرخانیش هەیە لە ئەقڵیەتی ئەو سیاسەتمەدارانەی کە نایەنەوێت، میکانیزمی دابەشکردنی ئاشتیانەی دەوڵەت وەک خۆی تێبگەن**

بەڵام ئەوەی ئێستا لە عێراقدا دەیبینین ئەوەیە کە هیچ کام لەم دوو ستوونە گرنگە بۆ مانەوەی عێراق بوونی نەماوە و ڕاشکاوانە هەست بەوە دەکرێت کە شتێك لە عێراقدا نەماوە بەناوی ئەو پرۆسەی دابەشکردنی دەسەڵاتەی کە لەدەستووری عێراقدا ئاماژەی پێکراوە، حکومەتی فیدرالی ئێستای عێراق بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی، وەك پرۆفیسۆر تۆبی دۆج لە دیمانەیەکی تایبەتی ئەم ژمارەیەی گوڵان ئاماژەی پێکردووە، حکومڕانی عێراقی بە ئاراستەیەك بردووە کە شتێك نەماوە پێی بگوترێت سەروەریی یاسا، بۆیە تۆبی دۆج ڕاشکاوانە بەگوڵانی ڕاگەیاندووە ئەگەر لەم هەڵبژاردنە جارێکی دیکە نوری مالیکی هەڵبژێردرێتەوە، ئەوا عێراق بەرەو کارەساتی ڕاستەقینە دەبات، خاڵەکەی دیکەش کە ڕیچارد هاس سەبارەت بە مەغزا و مانای دەستووری عێراق وەك گرنگترین دەسکەوت بۆ عێراقیەکان ئاماژەی پێکردووە ئەوەیە کە (دەبێت گرنگترین دەسکەوتی دەستووری عێراق لەوەدا ڕەنگبداتەوە کە ئەو نەتەوە و مەزهەبانەی وەك (کورد و عەرەبی سوننە) کە لە شیعە کەمترن، بەوەی ئەوان پارێزراون و بەمافەکانیان شادبوون)، ڕاشکاوانەتر دەستووری عێراق واتە پاراستنی کەمینەکان نەك حکومڕانی زۆرینەی شیعە، بەڵام ئێستا وەك دەبینین دەستووری عێراق ئەم مانا و مەغزایەی لەدەستداوە و تەنیا یەك مانای هەیە، ئەویش ئەوەیە نوری مالیکی بەرەو دیکتاتۆریەتی زۆرینە هەنگاو هەڵدەگرێت، سەبارەت بەم خاڵە تۆبی دۆج وای دەبینێت، ئەگەر مالیکی لەم هەڵبژاردنە دەنگی پێویستی نەهێناو نەبووەوە بە سەرۆك وەزیران، ئەوا ئەوکات عێراق دەگەڕێتەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٣، بەمانایەکی دیکە دەبێت سەرلەنوێ پێکهاتە عێراقیەکان پێکەوە دابنیشنەوە، بۆ ئەوەی مانایەك بۆ ئەو دەستوورە بگەڕێتەوە کە عێراقیەکان لە ٢٠٠٥ پەسەندیان کردووە، ئەگەر ئەمە ڕووینەدا، ئەوا هیچ هێزێك نییە بتوانێت ڕێگە لە پارچە پارچە بوونی عێراق بگرێت.

سەبارەت بە چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمواقیعە تاڵە پرۆفیسۆر پاولینا بارکەر سەرۆکی پێشووی سندوقی ئاشتی جیهان لە وتارێکیدا بەناونیشانی (ڕێگەی قوتاربوون: یەکێتیی دەوڵەتەکانی عێراق. A Way Out: The Union of Iraqi States)، ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە عێراق هەر پارچە پارچە دەبێت، بۆیە دەبێت لەم حاڵەتە بوێرانە ڕووبەڕووی ئەم واقیعە ببینەوە و هەوڵبدرێت دابەشکردنەکە نەرم و ئاشیانە بێت، نە تەماشا بکەین بزانین لە ئاکامی چ ئاستێکی توندوتیژی عێراق پارچە پارچە دەبێت. هەربۆیە پرۆفیسۆر پاولینا بارکەر پێشنیارێکی کردووە بەوەی ئەم پارچە پارچە بوونە بە ڕێگەی دروستکردنی چەمکی ئیدارەدانی دابەشکردن (managed partition) چارەسەر بکرێت، لەمەش ڕاشکاوانەتر پارچە پارچە بوونەکە بگۆڕێت بۆ دابەشکردنێکی نەرم و ئاشتیانە (Soft Partition)، ئەمەش دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو بیرۆکەیەی پرۆفیسۆر لیسلی گلپ سەرۆکی فەخری ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوە کە لەساڵی ٢٠٠٤ خستیە بەردەستی ئەنجوومەنی پێوەندییەکانی دەرەوەی سەناتی ئەمریکا، ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان لەساڵی ٢٠٠٧ لەسەر ئەم پرسە قسەمان لەگەڵ بەڕێز لیسلی گلپ کرد، بەڕێز گلپ لە نامەیەکدا کە بۆ سەرنووسەری ئێستای گوڵانی نووسیووە ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوەکردووە تێگەیشتن لە چەمکی فیدرالیزم و دابەشکردنی عێراق بە شێوەیەکی ئاشتیانە، ئاستەنگی زۆر گەورەی لەبەردەمدایە، من سێ ساڵ هەوڵمدا هەتا جۆزیف بایدن (ئەوکات بایدن سەرۆکی ئەنجوومەنی پێوەندییەکانی دەرەوە بوو لەسەنات) بگەیەنمە قەناعەت بەوەی دابەشکردنی نەرم تەنیا ڕێگەیە بۆ چارەسەری کێشەکانی عێراق، ئەوکات واتە لە ٢٠٠٧ لیسلی گلپ بە ئێمەی ڕاگەیاند، تەنیا ئاستەنگ بۆ ئەم دابەشکردنە نەرمە هەڵوێستی عەرەبستانی سعودیەیە، بەڵام پێدەچێت لە ٢٠١٣ەوە هەڵوێستی سعودیە گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە، لەبەر ئەوەی لە ٢٠١٣ەوە چەندین پارێزگای عەرەبی سوننە داوای ئەوە دەکەن ببنە هەرێمی فیدراڵی، کەواتە ئەم بارودۆخە عێراقی خزاندۆتە گۆشەیەکی زۆر خراپەوە، یان ئەوەیە دەبێت چاوەڕێ بکەین عێراق لە ئاکامی توندوتیژی پارچە پارچە بێت و لەبەریەك هەڵبوەشێت و ئاشتی و ئاسایشی هەرێمی بکەوێتە مەترسییەوە، یان ئەوەتا دەبێت عێراقیەکان ئامادەسازبن لەژێر چاودێری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی میکانیزمێك بۆ ئیدارەدانی ئەم دابەشکردنە بدۆزنەوە و عێراق لە پارچە پارچە بوون و لەبەر یەکهەڵوەشان بپارێزن.

### وەرچەرخانێك
### بەرەو ئیدارەدانی دابەشکردن

تێگەیشتن لە چەمکی ئیدارەدانی دابەشکردن (managed partition)، زۆر زەحمەتترە لە

**سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بەگشتی و شەخسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەوە ڕازی نابن ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ببنە کێشەی نێوان دوو دەوڵەت**

**پرۆسەی وەرچەرخانی تەنگژە لە توندوتیژییەوە بۆ چارەسەری ئاشتیانە پێویستی بە گۆڕینی تێڕوانینی پێکهاتەکان هەیە بۆ یەکتری، بەڵام پرۆسەی وەرچەرخانی ئەقڵی سیاسیی پێویستی بە بڕیاری قورس و سیاسەتمەداری هاوچەرخ هەیە**

تێگەیشتن لە چەمکی ئیدارەدانی تەنگژە (crisis management)، ئەمەش لەبەر ئەوەیە چەمکی ئیدارەدانی تەنگژە بۆ چارەسەرکردن یان ئیحتیواکردنی تەنگژەکەیە لە چوارچێوەی سنوورە کۆنەکەی دەوڵەتدا، بەڵام چەمکی ئیدارەدانی دابەشکردن، بێجگە لەوەی چەمکێکی تازەیە و هەتا ئێستا نەبۆتە زاراوەیەکی گشتی و دانپێدانراو لە فەرهەنگی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، پێویستی بە وەرچەرخانیش هەیە لە ئەقڵیەتی ئەو سیاسەتمەدارانەی کە نایەنەوێت، میکانیزمی دابەشکردنی ئاشتیانەی دەوڵەت وەك خۆی تێبگەن، ئەم وەرچەرخانە لە ئەقڵیەتی سیاسەتمەدارانی نەتەوەی باڵادەست زۆر قورسترە لە پرۆسەی (وەرچەرخانی تەنگژە. Conflict transformation)، لەبەر ئەوەی پرۆسەی وەرچەرخانی تەنگژە لە توندوتیژییەوە بۆ چارەسەری ئاشتیانە پێویستی بە گۆڕینی تێڕوانینی پێکهاتەکان هەیە بۆ یەکتری، بەڵام پرۆسەی وەرچەرخانی ئەقڵی سیاسیی پێویستی بە بڕیاری قورس و سیاسەتمەداری هاوچەرخ هەیە، بەداخەوە لە ئێستای عێراقدا نە سیمای سیاسەتمەداری هاوچەرخ دەبینرێت، نە ئەو ئیرادە سیاسییەش هەستی پێدەکرێت کە بتوانێت ئەو بڕیارە سیاسییە قورسە بدات، بەڵام لەبەرامبەریشدا ڕووبەڕووی واقیعێك بووینەتەوە کە ناتوانرێت ڕێگە لە لەبەریەکهەڵوەشان و پارچە پارچە بوونی عێراق بگیرێت، بۆیە چۆن لە پرۆسەی وەرچەرخانی تەنگژە و چۆنیەتی دۆزینەوەی میکانیزمێکی ئاشتیانە بۆ چارەسەری تەنگژەکە وا پێویست دەکات لایەنی سێیەم وەك شاهید و میانگیر بێتە ناو پرۆسەکە، ئەوا لە پرۆسەی ئیدارەدانی دابەشکردن لەوە زیاتری پێویستە و پێویستە لایەنی سێهەم کە دێتە ناو پرۆسەکە تەنیا یەك لایەن نەبێت، بەڵکو دەبێت بێجگە لە ڕێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان وەك ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی و ئەمریکا وەك ئەوەی هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەم بارودۆخەی عێراق، ئەوا گرنگە یەکێتی ئەورووپا و کۆمەکاری عەرەبیش بەشێك بن لەو لایەنە سێیەمەی کە بەشداری بکەن لە ئیدارەدانی ئەم دابەشکردنە.

هۆکاری سەرەکی بۆ بەشداربوونی ژمارەیەکی زۆرتر لە لایەنی سێیەم لەم پرۆسەیەدا، دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك:

١. هەتا ئێستاش زۆربەی سیاسەتمەدار و پەرلەمانتار و نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی عەرەبی عێراق و عەرەب بەگشتی، بەو جۆرە تەفسیری پرۆسەی دابەشکردنی دەوڵەتی عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکەن، وەك ئەوەی ئەوان سنووری ئەو دەوڵەتەمان بۆ دیاری بکەن، بۆیە وەك لە چەند ڕۆژی ڕابردوو گوێمان لە هەڵوێستی هەندێك لەو نووسەر و سیاسەتمەدارە عەرەبانەی عێراق بووە، ئاماژە بەوە دەکەن بەوەی گوایە سنووری ئەم دەوڵەتە دەبێت لەسەر ئەو ڕێگە جوگرافیە بێت کە تا ساڵی ٢٠٠٣ لە ژێر کۆنترۆڵی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە و کێشەی ناوچە کوردستانیەکانی هەرێم بەو جۆرە ئاماژە پێدەکەن کە ببێتە کێشەی نێوان دەوڵەتی کوردستان و دەوڵەتی عێراق لە داهاتوودا، ئەم جۆرە بیرکردنەوە و تێڕوانینە بۆ پرۆسەی دابەشکردن نیەتێکی باشی لێناخوێنرێتەوە، چونکە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بەگشتی و شەخسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەوە ڕازی نابن ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ببنە کێشەی نێوان دوو دەوڵەت، لەمەش گرنگتر لەبنەڕەتدا پەنابردن بۆ ڕێگە چارەی بڕیاری مافی چارەنووس و دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان، لەپێناوی ئەوەیە کێشەی کورد لە عێراق بەتەواوەتی چارەسەر بکرێت و پاشانیش هەردوو دەوڵەتی عێراق و کوردستان دوو دراوسێی باشی یەکتری بن و هاوکاری یەکتری بن، نەك دوو دراوسێ بن هەموو کات هەڕەشە بن بەسەر یەکترییەوە، بۆیە ئەگەر ئەم ئەقڵیەتە گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت، ئەوا زەحمەتە میکانیزمی ئاشتیانەی دابەشکردنی عێراق سەرکەوتوو بێ، بۆ ئەمە وا پێویست دەکات کە ڕێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکات لەگەڵ پرۆسەی دابەشکردنی عێراق، کێشەی خاك لە نێوان کوردستان و عێراق چارەسەر بکات.

٢. هەتا ئێستا و لەماوەی ١١ ساڵی ڕابردوودا ئیدارەی ئەمریکی ئامادەباشی تێدا نەبووە ڕووبەڕووی ئەو راستیانە وەك خۆی ببێتەوە کە لەسەر ئەرزی واقیع بوونیان هەیە، بەتایبەتی ئەو راستیانەی کە لەسەر ئەرزی واقیع بوونیان هەیە و لەگەڵ بیرو بۆچوونی ئەوان یەکنەگرێتەوە، هەر بۆ نموونە هەتا ئێستاش بەشێکی زۆری بەرپرسانی ئیدارەی ئەمریکا نەگەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی، عێراق گەیشتۆتە دووڕیانی چاوەڕێ بۆ پارچە پارچە بوون بە توندوتیژی، یان هەوڵدان بۆ دانانی میکانیزمێك بۆ دابەشکردنی نەرم یان ئاشتیانە، ئەوەی ئەمریکا هەتا ئێستا بەتوندی پابەندە پێوەی ئەوەیە کە عێراق ببێتە

**وا پێویست دەکات کە ڕێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکات لەگەڵ پرۆسەی دابەشکردنی عێراق، کێشەی خاك لە نێوان کوردستان و عێراق چارەسەر بکات**

**ئەوەی ئەمریکا هەتا ئێستا بەتوندی پابەندە پێوەی ئەوەیە کە عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە، بەڵام ئەم ئامانجە لەگەڵ ڕاستیەکانی سەر ئەرزی واقیع پێچەوانە دەبێتەوە**



■ ئایا هەڵەی چاوەڕێکردنی نوقم بوونی تایتانیك لەسەر عێراق دووبارە دەبێتەوە؟

دەوڵەتێکی فیدرالی و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە، بەڵام ئەم ئامانجە لەگەڵ راستیەکانی سەر ئەرزی واقیع پێچەوانە دەبێتەوە کە ئەمریکا چاوپۆشی لە رەفتارە تاکڕەویەکانی سەرۆك وەزیرانی عێراق دەکات تا گەیشتۆتە ئەوەی ئێستا خەریکە عێراق دەگاتە لێواری هەڵدێر و پارچە پارچە بوون، بۆیە گرنگە ئەمریکا وەك گرنگترین دەوڵەتی دەرەکی بۆ سیاسەتی ئێستای عێراق، دان بەو راستیەدا بنێت زۆر زەحمەتە پرۆسەی سیاسی راست بکرێتەوە، لەم حاڵەتەشدا بۆ ئەوەی رێگە لە لەبەریەکهەڵوەشانی عێراق بگرێت و ناوچەکە دووچاری حاڵەتی پریشك بەرکەوتن (spillover) نەبێت، واتە پریشکی کێشەکانی عێراق تەواوی ناوچەکە نەگرێتەوە، ئەوا دەبێت ئەمریکا زۆر بە راشکاوی بێتە ناو ئەم پرۆسەی دابەشکردنە و بە تایبەتی بۆ چارەسەری کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان رۆڵی خۆی ببینێت و بەو راستیە زیاتر ئاشنا بێت کە بەبێ چارەسەری کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، هەر رێگە چارەیەك بدۆزرێتەوە ئاکامێکی باشی نابێت.

**٣.** گرنگە وڵاتانی میانگیر و نەتەوە یەکگرتووەکان کە دەبنە شاهید لە پرۆسەی دابەشکردنی عێراقدا، دەبێت ئەو راستیە بزانن کە دابەشکردنی عێراق لەسەر خواستی خەڵکی کوردستان نەبووە، بەڵکو بۆ رێگرتن بووە لەوەی عێراق لەبەریەکهەڵبوەشێت و سەرەنجامیش کێشەو ئاژاوە لەناوچەکە دروست بکات، بۆیە لەم

**ئومێد خواستن بۆ ئەوەی بارودۆخێکی باشتر بێتە ئاراوە و کەشتییەکە سەلامەت بێت، ئەوا تەنیا بە ئومێد خواستن ئەو بارودۆخە نایەتە ئاراوەو پارچە پارچە بوونی عێراق هەر روودەدات**

هاوکێشـــەیەدا، کورد چۆن لە پرۆســـەی سیاســـیی عێراقدا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە، دەبێت لە پرۆسەی دابەشکردنی عێراقیشدا هەمان ڕۆڵی هەبێت و مافە نەتەوەییەکانی و کێشـــەی خاك لەگەڵ ئەم پرۆسەیە چارەسەر بکرێت.

## سیاسەتی نێودەوڵەتی تاچەند پشتگیری دابەشکردنی ئاشتیانەی عێراق دەکات

گراهام فۆلەر ســـەبارەت بە ئاییندەی دەوڵەتی عێراق لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشـــانی (عێراقی ٢٠٠٣)، ڕاشـــکاوانە ئاماژەی بە ئەگەری لەبەریەکهەڵوەشانی عێـــراق کردووە، ئەو لەیەکێك لـــە ئەگەرەکاندا پارچە پارچـــە بوونی عێـــراق بە مومکیـــن دەزانێت، بۆیە ئامـــاژەی بەوە کـــردووە کاتێك ئەم حاڵەتە دروســـت دەبێت باشـــترە ڕێگە بدرێت عێراق دابەشـــبکرێت نەك هەوڵبدرێت بەزۆر پێکەوە بهێڵرێتەوە، هۆکاری ئەمەش بـــۆ ئەوە دەگێڕێتەوە دەوڵەتێك بە زۆر بە یەکپارچەیی بهێڵرێتـــەوە شایســـتەی ئەوەنییە بـــە یەکپارچەیی بمێنێتەوە، ئەم قســـەیەی گرام فۆلەر پێش کارەساتی ١١ی ســـێپتەمبەری ٢٠٠١ کـــراوە، بێگومان ١١ی سێپتەمبەر دابڕانێکی گەورەی لەنێوان سەدەی بیست و سەدەی بیســـت و یەك دروستکرد، بەڵام تۆنی بلێر کە سەرۆك وەزیرانی پێشـــووتری بەریتانیایە لەدوای ڕاپەڕینەکانـــی وڵاتانی عەرەبی بـــە چەند مانگێك جەختی لەســـەر ئەوە کردۆتەوە، ئەوەی ئەو ڕاپەڕینانە فێری کردین ئەوەیە کە لەســـەدەی بیســـت و یەك بە ئاسانی ئاژاوە و ناسەقامگیری دروست دەبێت، بەڵام زۆر بەزەحمەت دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت، بۆیە ئەگەر لایەنـــە ئەرێنیەکانی ڕاپەڕینەکانی ســـاڵی ٢٠١١ی وڵاتانی عەرەبی لابردنی کۆمەڵێك ڕژێمی دیکتاتۆر و تۆتالیتار بووبێت، ئەوا لایەنە نەرێنیەکانی دروســـت بوونی ئەو نائارامی و پاشـــا گەردانییەیە کە ئێستا جیهان بۆی کۆنترۆڵ ناکرێـــت، ئەمە مانای ئەوەیە ئەگەر ١١ی سێپتەمبەر دابڕانی لەگەڵ سەدەی بیست دورست کردبێت، ئەوا ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی دابڕانێکی گەورەتری لەگەڵ دەیەی یەکەمی سەدەی بیســـت و یەك دروستکردووە، بۆیە هەرگیز سیاسەتی نێودەوڵەتی دەیەی دووەمی ســـەدەی بیســـت و یەك، سیاسەتی نێودەوڵەتی دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەك نییە، ئەمەش وەك بیرمەندی گەورەی عەرەب عەبدولسەلام بنعەبدالعالی (کە یەکێکە لە نووسەرەکانی گوڵان)، لەساڵیادی یەکەمی ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی لە وتارێکی کورتـــدا ئاماژەی پێکرد (تەنیا ســـاڵێك بە قەوارەی سەدەیەکە) ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو گۆڕانکارییەی دوای بەهاری عەرەبی دروســـت بوو، مـــاوەی نێوان ســـاڵی ٢٠١٠ی بۆ ٢٠١١ وەك ماوەی نێوان ١٠٠ ساڵ لێکردووە، خۆ ئەگەر بمانەوێت وانەیەك لـــەم گۆڕانکاریانە فێربین بـــە تایبەتی بۆ ئێمە وەك کـــورد، ئەوا دەبێت لەچەند ڕەهەندێکەوە ئەم گۆڕانکاریانە بخوێنینەوە:

١. ئەوانەی ئـــەم گۆڕانکاریانە وەك خۆیان نابینن و پێیانوایە سەروەریی دەوڵەت تابووە و ناکرێت دەستکاری سنوورە دەســـتکردەکان بکرێن، ئەوانە ئەو کەسانەن کە بە ئەقڵیەتی ١٠٠ ســـاڵ لەمەو پێش بیردەکەنەوە و لە جیهانـــی هاوچەرخ بێ ئاگان، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ لە سنوورەکان گرنگترە ئاشتی و ئاسیشە نەك مانەوەی سنوورەکان.

٢. پەنابردن بۆ میکانیزمی ئاشـــتیانەی دەوڵەتێکی فاشـــیل و لەبەریەکهەڵوەشـــاوی عێراق، ڕێگە گرتنە لـــە ئاژاوە و ناســـەقامگیری، بۆیە ئەمە خواســـتی نەتەوەیـــەك نییە دژی نەتەوەیەکی دیکە، بەڵکو ئەمە تێگەیشتنە بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی و پێکەوەژیان و هاریکاری و هەماهەنگی لەنێوان پێکهاتەکانی عێراق و وڵاتانـــی دەوربەرو ناوچەکە، بۆیە لەم پرۆســـەیەدا دەبێـــت بەشـــێوەیەکی عادیلانە مافی ئـــەو نەتەوانە پارێزراو بێت کە ئامانجیان ئاشـــتی و کۆتایی هێنان بە شەڕە.

٣. عێـــراق وەك دەوڵەتێکی خاوەن نـــەوت و دەوڵەتی کوردستانیش وەك دەوڵەتێکی خاوەن نەوتی دەوڵەمەند، دوو دەوڵەتی کاریگەر دەبن لەسیاسەتی وزەی جیهانی و لـــە ڕاگرتنی هاوســـەنگی بەرهەمهێنانی نەوت و گاز، بۆیە بۆ ئێســـتای جیهان، ئەو ڕێگەیە لەهەموو ڕێگەیەکی دیکە ئاســـانترە کە ئـــەم دوو دەوڵەتە بە ئاشتی لێکجیاببنەوە، بەڵام هەماهەنگ و هاریکاربن وەك دوو دەوڵەتی کاریگەر لەســـەر ئاستی ڕاگرتنی سیاســـەتی وزەی جیهانی کە ئەمـــڕۆ ڕۆژئاوا زۆر پێویستی پێیەتی.

بە لەبـــەر چاوگرتنی ئەم ڕاســـتیانە و خوێندنەوەی ورد بۆ واقیعی ئێســـتای عێـــراق ئەگەر ڕێگە لەبەر یەکهەڵوەشانەوەی عێراق نەگیرێت، ئەوا هەموو لایەك زەرەرمەند دەبێت، بەڵام بە دۆزینەوەی میکانیزمێك بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاشـــتیانە عێراق دابەش بکرێت، ئەوا هەموو لایەك سوودمەند دەبێت و لەوانەیە بۆ هەتا هەتایە شـــەڕ لە عێراق کۆتایی بێت و خۆشگوزەرانی باڵ بەسەر عێراقدا بکێشێت.

**ئەگەر لایەنە ئەرێنییەکانی ڕاپەڕینەکانی ساڵی ٢٠١١ی وڵاتانی عەرەبی لابردنی کۆمەڵێک ڕژێمی دیکتاتۆر و تۆتالیتار بووبێت، ئەوا لایەنە نەرێنییەکانی دروست بوونی ئەو نائارامی و پاشا گەردانییەیە کە ئێستا جیهان بۆی کۆنترۆڵ ناکرێت**

**ئەوانەی ئەم گۆڕانکاریانە وەک خۆیان نابینن و پێیانوایە سەروەریی دەوڵەت تابووە و ناکرێت دەستکاری سنوورە دەستکردەکان بکرێن، ئەوانە ئەو کەسانەن کە بە ئەقڵیەتی ١٠٠ ساڵ لەمەو پێش بیردەکەنەوە و لە جیهانی هاوچەرخ بێ ئاگان، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ لە سنوورەکان گرنگترە ئاشتی و ئاسیشە نەک مانەوەی سنورەکان**

**دەبێت ئەمریکا زۆر بە ڕاشکاوی بێتە ناو ئەم پرۆسەی دابەشکردنە و بە تایبەتی بۆ چارەسەری کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی خۆی ببینێت و بەو ڕاستیە زیاتر ئاشنا بێت کە بەبێ چارەسەری کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، هەر ڕێگە چارەیەک بدۆزرێتەوە ئاکامێکی باشی نابێت**

## پرۆفیسۆر تۆبی دۆج

### گەورە تۆژەری بەریتانی لەسەر عێراق بۆ گوڵان:

# دوای ئەم هەڵبژاردنانە، سەرۆک بارزانی گەورەترین ئومێدە بۆ گۆڕانکاری لە عێراقدا، ئەو دەتوانێت رێگە نەدات جارێکی دیکە مالیکی ببێتەوە بەسەرۆک وەزیران

ئەوەی هەندێك بەدواداچوونی لەسەر کتێب و وتار و سیمینارەکانی پرۆفیسۆر تۆبی دۆج هەبێت، دەزانێت ئەم زانایە چەند لەســـەر بارودۆخی عێراق شـــارەزایە و ئەوەی بۆ دەردەکەوێت چەند لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخی عێراق دەکات، پرۆفیسۆر دۆج کە تێزی دکتۆراکەی لەسەر دروستکردنی عێراقە لەلایەن بەریتانیاوە، ماوەی زیاتر لە ١٥ ســـاڵە توێژینەوە لەســـەر عێراق دەکات و ماوەی حەوت ساڵیشە لەسەر تەکلیفی سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ دیراساتی زانکۆی لەندەن خەریکی توێژینەوەی مەیدانییە لەســـەر عێراق و چەندین کتێب و بەدەیان وتار و سیمیناری لەسەر رەوشـــی عێراق نووســـیووە و بڵاوکردۆتەوە، هەروەها بۆ ئاشناکردنی ئەم زانا گەورەیە بە گوڵان لە یەکدوو ژمارەی پێشتردا بەشێکمان لە کتێبە تازەکەی بە ناونیشانی (عێراق لەشەڕەوە بەرەو سەرکوتکارێکی نوێ) بڵاوکردەوە، بۆیە بۆ قسەکردنیش لەسەر رەوشی ئێستای عێراق و هەڵسەنگاندنی ئەو ئەگەر و پێشهاتانەی رووبەڕووی عێراق دەبنەوە، گوڵان پێوەندی بە پرۆفیسۆر دۆج کردوو داوای دیمانەیەکی تایبەتی لێکرد، بە سوپاسەوە داواکەی پەسەند کردین و ئەمەش دەقی دیمانە تایبەتەکەی گوڵانە لەگەڵ پرۆفیسۆر تۆبی دۆج.




**ئەگەر هەرێمی کوردستان گفتوگۆی سەربەخۆیی لەگەڵ بەغدا بە چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان بکات و راپرسیەکی شەفاف ئەنجام بدەن، ئەوا دەتوانن پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بەدەست بهێنن**

**هیوادارام بەڕێز مەسعود بارزانی سەیری ئاکامی رێکەوتنی هەولێر بکات و جارێکی دیکە متمانە بە مالیکی نەکاتەوە**

**من خوازیاری ئەوەم کە سەرۆک بارزانی زۆر بە روونی و بە ئاشکرا رایبگەیەنێت کە بۆ خولێکی دیکەی سەرۆکایەتی پشتیوانیی نوری مالیکی رەت دەکاتەوە**

*** ئێـوە باش دەزانـن کە نوری مالیکی سـەرۆك وەزیران ژینگەی سیاسـی لە عێراقـدا تێکـداوە و خەریکە بەرەو دروسـتکردنی دەوڵەتێکی دیکتاتـۆری هەنگاودەنێت، ئایا ئایندەی چۆن دەبێت و خوێندنەوەتان بۆ رەوشـی ئێسـتای عێراق چۆنە؟**

- دۆخی عێراق لە ئاییندەدا دەوەستێتە سەر ئەوهەڵبژاردنەی لە مانگی نیسانی داهاتوو بەرێوەدەچێت، ئەگەر هەڵبژاردنەکان بە شـێوەیەکی ئازاد و رەوا ئەنجـام بدرێن، ئەوا هەوڵەکانی مالیکی بۆ سنووردارکردنی چاودێریی دیموکراتییانە بەسەر رژێمەکەیەوە دەکەونە ژێر پرسـیار و گومانەوە. بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە و لە کەشـێکی نارِوون و نا رِەوا بەرِێوەبچێت، ئەوکاتە ئەگەرێکی وا دێتە پێشـەوە کە سەرۆك وەزیران لە دەسـەڵاتدا بمێنێتەوە و پتر بە ناوی سـەنتراڵییەوە سەرجەم کاروباری وڵات بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

*** بەڵام لە ئێستاشدا مالیکی و دارو دەستەکەی هەریەك لە سـوپا و هەواڵگری و ئاسایش و بودجەی کۆنترۆڵ کردووە، ئایا لە ئێسـتادا سەروەری یاسا لە عێراقدا لە ژێر پرسیاردا نییە؟**

- سەروەریی یاسا بەردەوام لە عێراقدا لە دۆخێکی لەرزۆك و ناجێگیردا بووە، هەر لەوەتەی رووخانی رژێمی پێشـووەوە لە ساڵی ٢٠٠٣، پێشتریش دادگاکان هەر لە دۆخێکی خراپدابوون و دەسـتێوەردانی سیاسی لە دەسەڵاتی دادوەریدا گەیشتۆتە ئەوپەڕی ئاسـتدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هەڵبژاردنانەی لە ساڵی ٢٠١٠دا بەرِێوەچوون، ئەگەرچی زۆر کێشەیان تێکەوت، بـەڵام تارادەیەك بە شـێوەیەکی دادپەروەرانە بەرِێوەچوون و ئەگەر هەمان شـت لە هەڵبژاردنەکانی نیسـانی داهاتوودا رووبداتەوە، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە مالیکی دوور بکەوێتەوە و حکومرِانییەك بێتەوەئارا کە پتر بە یاساوە پابەند بێت.

*** دوای ئـــەوەی کــە ئەمریکا لە عێراق کشـــایەوە، ئیدی بە تەواوەتی ئەم وڵاتەی پشــتگوێ خســـتووە و لە ئاســـت پێشێلکاریەکانی نوری مالیکی بێ دەنگ بووە، ئایا دوای ئەوەی کە ئەمریکا پێنج هەزار سەربازی لە عێراق لێ کوژرا و بەهەزارانیشی بریندار بوون، وێڕای نزیکەی پێنج تریلیۆن دۆلاریش کە خەرجیی ئەو ماوەیەی بوو، ئایا چۆن ئەمریکا هەر وا بەو ئاسانییە دەستەبەرداری عێراق بووە؟**

- مـــن پێموایە هیچ خواســـتێك لە نێــو باڵاترین پایەکانی حکومەتــی ئەمریکا یاخود لە نێو رای گشـــتیی ئەمریکا بـــۆ ئەنجامدانی کارێکی زیاتر لـــە عێراقدا لە ئارادا نییە، لەوبـــاوەڕەدام کە ئەو باجەی ئەمریکا لە داگیرکردنی عێراق یان دواتر داویەتی بۆتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی ئەمریکا و نوخبەی حکومڕانیی ئەو وڵاتە لە ئاســـت هەر سیاسەتێکی نوێدا بەرهەڵستی بنوێنن.

*** پێوەندییەکانـــی نێـــوان هەرێمی کوردســـتان و عێراق لە دۆخێکی بارگرژیدایە، لەلای خۆشـــیەوە ســـەرۆك مسعود بارزانـــی رایگەیانـــدووە کە هیـــچ پێوەندییەکیـــان لەگەڵ حکومەتێکـــدا نابێت کە بایکۆتی پەرلەمانی کردووە، ئەگەر لە نێو خەڵکی هەرێمی کوردســـتاندا بۆ کۆتایی هێنان بەو پێوەندییە پڕ کێشـــەیە راپرسی بکرێت، ئایا پێشبینییەکانتان بۆ ئەم بابەتە چی دەبێت و راســـپاردەتان بەم ئاراستەیە چۆن دەبێت؟**

- ئەمە زۆر گرنگە، پێموایە مەســـعود بارزانی ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت، رۆڵێکی زۆر کاریگەریان لە گفتوگۆکانی دوای ئەنجامی هەڵبژاردنەکانـــی نیســـان دەبێت. من خوازیـــاری ئەوەم کە ســـەرۆك بارزانی زۆر بە روونی و بە ئاشـــکرا رایبگەیەنێت کە بۆ خولێکی دیکەی ســـەرۆکایەتی پشـــتیوانیی نوری مالیکی رەت بکاتەوە. ســـەرۆك بارزانـــی ئەمەی نەوتووە. ئەگەر ســـەرۆك بارزانی لـــە دوای هەڵبژاردنەکان لەگەڵ مالیکی بگاتە رێککەوتنێك، ئەوا سەرۆك بارزانی بەشێکی بەرپرســـیارێتیی کێشـــە بەردەوامەکانی عێراقی دەکەوێتە ئەستۆ. ئەوەی پێویستە سەرۆك بارزانی بیکات ئەوەیە هەوڵ و کۆششی سەخت بکات بۆ دۆزینەوەی سەرۆك وەزیرانێکی نوێ لە دوای هەڵبژاردنەکانی نیسانی داهاتوو.

*** لەو موحازەرەیەدا کە لە پەیمانگای IISS پێشکەشـــتان کرد و گوڵانیش بەشـــێکی کرد بە کوردی و لە گۆڤارەکەیدا بڵاوی کردەوە، باس لەوە دەکەن کە نوری مالیکی لە ســـاڵی ٢٠٠٦ـەوە خەریکی کۆکردنەوەو قۆرخکردنی دەسەڵاتە، وەك شرۆڤەکارێکی بە توانا بۆ بارودۆخی عێراق بۆچی مالیکی هەنگاوی بەرەو دیکتاتۆریەت نا و بۆچی هەمیشە ئەمە لە عێراقدا دووبارە دەبێتەوە؟**

- بـــا ئـــەوە بڵێم کە هێشـــتا مالیکی بەتەواوەتـــی نەبۆتە دیکتاتۆر، بەڵام ئاماژەکان باش نین و بە ســـەنترالیکردنی دەسەڵات هەر لە نووسینگەی سەرۆك وەزیرانەوە کاریگەریی زۆر خراپی لێکەوتۆتەوە. پێموایە راستەوخۆ دوای گۆڕینی رژێمـــی عێراق، واتە دوای هەرەســـهێنانی دەوڵەت و پەرت و بڵاوبونـــەوەی هێز، ئەوەی مالیکـــی کردی بریتی بوو لە بەلاوەخستنی سنوربەندییە یاساییەکانی سەر دەسەڵاتەکەی و کۆکردنەوەی دەســـەڵاتێکی زۆر لە نووسینگەکەیدا، هەر لەبەر ئەمەشە کە هەڵبژاردنی داهاتوو گرنگ دەبێت، ئەگەر مالیکـــی بمێنێتەوە ئەوا ئەگـــەری زۆر لەئارادایە کە بەرەو دیکتاتۆریەت بچێ، کەواتە ئەمە گرنگترین هەڵبژاردنە کە لە عێراقدا لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە بەڕێوەدەچێت.

*** ئایا پێشـــبینی گۆڕانکاری لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەکەیت؟**

- پێموایـــە دروســـتبوونی گۆڕانـــکاری لـــە دوای ئـــەم هەڵبژاردنانەوە بە رادەیەکی گەورە دەوەســـتێتە سەر سەرۆك بارزانی کە فشـــار بـــکات بۆ ئەو گۆڕانکارییە، ســـەرۆك بارزانی توانای ئەوەی هەیە کارێك بکات مالیکی نەبێتەوە بە سەرۆك وەزیرانی داهاتوو.

*** لـــە رێککەوتنەکەی هەولێردا هاتبوو کە پێویســـتە ڤیتۆ بخرێتە ســـەر دەســـەڵاتەکانی مالیکی و دەسەڵات لەگەڵ ســـوننەکاندا دابەش بـــکات و ئەنجومەنێکی راویژکاری بۆ عەللاوی دابنرێت، بەڵام ئەمانە هیچیان نەهاتنەدی، بۆچی عێراقییەکان نەیانتوانی لەو کاتەدا دەنگی پێویست کۆبکەنەوە بۆ سەندنەوەی متمانە لە مالیکی و ئایا ئێران فشاری خستە سەر سەدر و ئەمریکاش لەم رووەوە بێدەنگ بوو؟**

- پێم وایە ســـەرۆك کۆمار کاراکتەری سەرەکی بوو لەوەدا کە نەیهێشت هەوڵی سەندنەوەی متمانە سەربگرێت. ئەوەی ئێوە دەیڵێن راســـتە کە ئەمریکا پشتیوانی لێنەکرد و ئێرانیش دژ بەو هەوڵە کاری کرد، خەڵکی دیکەش بە هاوپەیمانێتی لەگـــەڵ ئێران دژ بەو هەوڵە کاری کرد. رێککەوتنی هەولێر بە سەرپەرشتی مەسعود بارزانی ئیمزاکراو دەرئەنجامەکەش ئەوەبـــوو کە نوری مالیکی بووەوە بە ســـەرۆك وەزیران. من هیوادارام بەڕێز مەسعود بارزانی سەیری ئاکامی رێکەوتنی هەولێر بکات و جارێکی دیکە متمانە بە مالیکی نەکاتەوە.

*** دوای کوژرانی د.محەمەد بدیۆی بەرپرسی نووسینگەی رادیـــۆی عێراقی ئازاد لە بەغـــدا، مالیکی لەبری ئەوەی رێـــکارە یاســـاییەکان بگرێتەبەر بە شـــێوەیەکی خێڵەکییانە بانگەشەی خوێن بە خوێنی کرد، لەبەرامبەردا سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان داوای سەروەریی یاسای کرد بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشـــەیە و ئەو کێشەیە نابێت ببێتە هۆکاری دروســـتبوونی توندوتیژی لە نێوان کـــورد و عەرەب، بۆیە راشکاوانە داوای کرد ئەگەر بەغدا نایەوێت پێوەندی لەگەڵ کورد هەبێت، با بە دیالۆگ ئەم کێشـــەیە چارەسەر بکرێت، پرســـیارەکە ئەوەیە ئایا کورد دەتوانێت بڕیاری سەربەخۆیی بـــدات، چونکە وەڵامی بەغدا و ســـەرکردەکانی حزبەکەی مالیکی ئەوەیە ئەوان گوێ بە سەربەخۆیی کورد نادەن؟**

- ئەم مەسەلەیە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، کە ئایا دەیانەوێت بەرەو سەربەخۆیی بڕۆن و سەرۆك مسعود بارزانیش گفتوگۆکان لەم بارەیەوە ئەنجام بدات، ئەگەر وایان

**بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق لەدوای هەڵبژاردنەکان سەرۆک بارزانی و نێچیرڤان بارزانی رۆڵێکی گەورەیان دەبێت**

**ئەگەر لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە سەرۆک وەزیرانێکی نوێ لە بەغدا دەست بەکار بێت، ئەوا دەکرێت دووبارە گفتوگۆ لەسەر هەموو ئەو کێشە و هەڵانە بکرێتەوە کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە روویان داوە، ئەو کاتە هەرێمی کوردستان پێوەندییەکی پتر هاوسەنگی دەبێت لەگەڵ بەغدا**

**کۆششی سەخت بکەن بۆ ئەوەی لە دوای هەڵبژاردنەکانی نیسانەوە سەرۆک وەزیرانێکی دیکە جێی نوری مالیکی بگرێتەوە. ئەمە باشترین ئومێدە بۆ هێنانەدی ئاشتی و ئاسایش لە هەرێمی کوردستاندا**

کرد، ئەوا هیوای خۆشبەختیان بۆ دەخوازم. بەڵام کێشەکە لەو کاتەدا ئەوە دەبێت کە لەبەر ئەوەی کوردستان سنوورەکانی داخراون و لە رووی سەربازیشەوە هاوتای دراوسێکانی نییە، ئایا کورد هاوپەیمانێتییەکیان لەگەڵ ئەنقەرە دەوێت کە لەباتی ئەوەی عێراق تێیدا باڵادەست بێت، تورکیا باڵادەست بێت؟ رەنگە ئەمە شتێکی واتادار بێت کە ئەنجامی بدەیت، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی ئێستای تورکیا ئەوا رەنگە ئەمە رێگایەکی تەخت نەبێت.

*** ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چۆن پێشوازی لە بڕیارێکی لەم چەشنەی کورد دەکات؟**

- ئەگەر هەرێمی کوردستان گفتوگۆی سەربەخۆیی لەگەڵ بەغدا بکات و ئەم کارە لە چوارچێوەی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان- وەك نەتەوە یەکگرتووەکان-دا بێت و لە رووی دیموکراتییەوە شەفافیەت هەبێت لە راپرسییەکەدا، ئەوا دەتوانن پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنن. هەرچۆنێك بێت ئەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نییە کە لەم مەسەلەیەدا بە راستی گرنگ بێت، بەڵکو ئەوەی گرنگە تورکیایە، کە لەم ساتەوەختەدا سیاسەتی ناوخۆیی لەو وڵاتەدا زۆر نادیارە. لەبەر ئەوەی تورکیا بەرەو هەڵبژاردن دەڕوات ئەگەر گۆڕانکاری لە حکومەتی ئێستای ئەنقەرا رووبدات لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان، لەوانەیە لە بەرژەوەندی کوردی عێراق نەبێت.

*** ئەی چۆن لە ئایندەی عێراق دەڕوانیت و تا چەند پێی گەشبینیت؟**

- هەموو شتەکان دەوەستێتە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، ئەگەر لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە سەرۆك وەزیرانێکی نوێ لە بەغدا دەست بەکار بێت، ئەوا دەکرێت دووبارە گفتوگۆ لەسەر هەموو ئەو کێشە و هەڵانە بکرێتەوە کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە روویان داوە، ئەو کاتە هەرێمی کوردستان پێوەندییەکی پتر هاوسەنگی دەبێت لەگەڵ بەغدا، کە دەکرێت گفتوگۆ لەسەر یاسای نەوت و دابەشکردنی داهات بکرێتەوە و چاودێریی دیموکراتی و پەرلەمانی بخرێتەسەر سوپا، ئەگەر ئەمە رووبدات، ئەوە دەرئەنجامێکی زۆر باشی دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئەوە بێت کە نوری مالیکی دووبارە ببێتەوە بە سەرۆك وەزیران، ئەوا مەترسی سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناوخۆ لە عێراق دروست دەبێت و هەرێمی کوردستانیش ناچاردەبێت خۆی جیابکاتەوە و لە بەغدا دوور بکەوێتەوە، ئەو کاتە توندوتیژی و گەندەڵی و ناسەقامگیرییەکی زۆر دێتەئاراوە.

*** ئەی سەبارەت بە هەرێمی کوردستان پەیامت چییە؟**

- پەیامی من بۆ خەڵکی کوردستان و بۆ سەرکردایەتی کورد، بە تایبەتی بەڕێز مەسعود بارزانی ئەوەیە کۆششی سەخت بکەن بۆ ئەوەی لە دوای هەڵبژاردنەکانی نیسانەوە سەرۆك وەزیرانێکی دیکە جێی نوری مالیکی بگرێتەوە. ئەمە باشترین ئومێدە بۆ هێنانەدی ئاشتی و ئاسایش لە هەرێمی کوردستاندا.

**پرۆفایل**

پرۆفیسۆر تۆبی دۆج یەکێکە لە زانایانی زانستی سیاسەتی بەریتانی و تایبەتمەندە لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تێزی دکتۆراکەی بە ناونیشانی وەرچەرخانی سیستمی نێودەوڵەتیە لەدوای شەڕی یەکەمی جیهان و دروستکردنی دەوڵەتی عێراق، هەروەها ماوەی چوار ساڵیش تۆژەر بووە لە سەر پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان و سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەشی دیراساتی ئاسیا و ئەفریقیا (SOAS) لە زانکۆی لەندەن.

لەدوای رووخانی رژێمی پێشووی عێراق لە ٢٠٠٣وە، پرۆفیسۆر دۆج یەکێکە لەو تۆژەرانەی کە زۆر لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخی عێراق دەکات و لەساڵی ٢٠٠٧یشەوە لەلایەن سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ دیراساتی ستراتیژی (IISS) لە بەریتانیا راسپێردراوە بۆ ئەوەی دیراسەتی بارودۆخی عێراق بکات و بۆ ئەمەش بەردەوام سەردانی عێراقی کردووە و لەگەڵ سەرجەم سەرکردە و سیاسەتمەدارە عێراقیەکان دیدار و کۆبوونەوەی کردووە و لە میانەی ٥ ساڵی دیراسەت و توێژینەوەی لەسەر رەوشی عێراق گەیشتۆتە ئەو ئاکامەی کە عێراق لە شەڕی ناوخۆوە بەرەو سەرکوتکارێکی نوێ دەڕوات، تائێستا ئەم کتێبانەی لەسەر عێراق نووسیوە:

١. دەستێوەردان لە عێراق: فەشەلی بونیادنانەوەی دەوڵەت و رەتکردنەوەی مێژوو ٢٠٠٣

٢. ئایندەی عێراق: لەدوای گۆڕینی رژێمی پێشوو ٢٠٠٥

٣. عێراق: لەشەڕەوە بەرەو ئەسۆریتاریانزمێکی نوێ ٢٠١٣

وێڕای ئەم کتێبانەشی؛ پرۆفیسۆر تۆبی دۆج بەم دواییە ئەم وتارانەی بڵاوکردۆتەوە و چەندین سیمیناریشی لە سەر رەوشی عێراق گرێداوە:

١. لە عێراق سەرلەنوێ توندوتیژی سیاسیی دەست پێدەکاتەوە، وڵاتێك پاشەکشە دەکاتەوە بەرەو شەڕی ناوخۆ (٢٠١٣مەنامە ڤۆیس)


٢. هێرشەکانی بەغدا بەرەنجامی ئاڵۆزی مەزهەبیە (گاردیان ٢٠١٣)


٣. مالیکی دوژمنی دیموکراتیە (٢٠١٣ نیویۆرك تایمز)

ئێستاش لەسەر دوو پرۆژەی تازە کاردەکات کە بریتین لە:

یەکەم: دیراسەتی فاکتەری گۆڕاوی ئایدۆلۆژی ئیدارەی جۆرج بوش بۆ دارشتنی سیاسەت بەرامبەر بە عێراق.

دووەم: هەڵسەنگاندن و شرۆڤەیەکی بەراوردکاری بۆ شەڕی ناوخۆ، بەراوردکردنی لەگەڵ هەڵکشانی یاخیبوونی مەزهەبی بە تایبەتیش لە عێراقدا.





## د. ڕۆژ نوری شاوێس

### جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ گوڵان:

# بارودۆخی ئێستای عێراق لە یوگسلافیای دوای تیتۆ دەچێت و دەبێت بۆ هەموو پێشهاتەکان ئامادەباشیمان هەبێت

**پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا تەواو تەواو دووچاری ئیفلیجبوون بووە، بێ متمانەیی نێوان لایەنە سیاسییەکان هێندەی دیکە بۆشایی گەورەی لەنێو پرۆسەکە دروستکردووە، بەم حاڵەتەوە عێراق بەرەو پرۆسەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن هەنگاو هەڵدەگرێت و لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە گشتی و لیستی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی تەواو تەواو بەرژەوەندی گشتی نیشتمانی وەلاناوە و هەموو هەوڵی لەو پێناوەیە هەموو شتێك بخاتە خزمەتی پروپاگەندەی هەڵبژاردن و بۆ ئەوەیە جارێکی دیکە ببێتەوە بە سەرۆك وەزیرانی عێراق، بۆیە لەم ژینگە سیاسییە ئاڵۆزەدا چاوەڕێی ئەوە نەکرێت هیچ کێشەیەك هەتا ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بێت چارەسەر بکرێت، لەلایەکی دیکە ئێستا ئاڵۆزییەکی تەواو لە پێوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا هەیە، نوری مالیکی سەرۆك وەزیران بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، ڕاستەوخۆ فەرمانی بەوەزیری دارایی کردووە بەشە بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ببڕێت، هەروەها لەگەڵ پێکهاتەی عەرەبی سوننەش ئاڵۆزییەکی زۆر هەیە، بە تایبەتی لە پارێزگای ئەنبار کە هەندێك پێیانوایە لەو پارێزگایە و یەکدوو پارێزگای دیکەی سوننە نەتوانرێت هەڵبژاردن بکرێت، بۆ هێورکردنەوەی ئەم بارودۆخە و بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی کاتی بۆ کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و تێپەڕاندنی پرۆژە یاسای بودجە، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستپێشخەریەکی یەکلایەنەی بێ مەرجی ڕاگەیاندووە بەوەی ڕۆژانە ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوت بێ هیچ مەرجێك هەناردەی دەرەوە بکات، بەڵام وەك دەردەکەوێت بەرامبەر ئەم دەستپێشخەریەش، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە هیچ هەنگاوێکی جددی هەڵنەگیراوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە پەیامنێرمان لە بەغدا ئەم دیمانە تایبەتەی لەگەڵ بەڕێز د. ڕۆژ نوری شاوێس جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق ئەنجامداوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

گوڵان ــ بەغدا

**دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەوەی ڕۆژانە ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی کوردستان هەناردەی دەرەوە بکات، پیشاندانی نییەت باشی هەرێمی کوردستان بوو بەوەی ئەو ئاستەنگ نییە لەبەردەم هەناردەکردنی نەوت و سامانی نەوتیش موڵکی هەموو عێراقییەکانە**

**عێراق دەکەوێتە ناو چەقی ناوچەی ستراتیژیی ناوەندی وزەی جیهانی؛ هەربۆیە هەمیشە ئەم وڵاتە جێگەی بایەخی ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا دەبێت، کاتێکیش ئەو ڕاستییە بوو بە هەقیقەت بەوەی هەرێمی کوردستان دەتوانێت ڕێژەیەکی باشی نەوت ڕەوانەی دەرەوە بکات، ئەوکات کوردستان فاکتەرێکی گرنگە بۆ سیاسەتی وزەی جیهانی**

**گوڵان:** کێشەکانی نێوان بەغداو هەولێر خەریکە گۆڕانکاری ئیجابی بەخۆیەوە دەبینێت، بە تایبەتی دوای دەستپێشخەریەکەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەناردەکردنی ١٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بە ڕێگەی سۆمۆ، ئەم دەستپێشخەرییە هیچ مەرجێکی پێشوەختی لەگەڵ نییە و تەنیا پیشاندانی نیەت پاکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ چارەسەرکردنی پرسی هەناردەکردنی نەوت و گاز، پرسیار لێرەدا ئەوەیە چۆن ئەم دەستپێشخەریە هاتە ئاراوە؟

**د. ڕۆژ نووری شاوێس:** دوای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرکەوتوویی بۆری هەناردەکردنی نەوتی بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی تورکیا تەواو کرد، ئیدی مەسەلەی چۆنییەتی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ئەو بۆرییەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان هاتە ئاراوە، ئەم هەنگاوە بووە هۆی دروستکردنی نیگەرانی لای وەزارەتی نەوتی عێراق و لایەنە پێوەندارەکان و لە ڕاستیشدا بووە هۆکاری ئەوەی کە ئەم پرسە ببێتە کێشەیەکی گەورە لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی بەغدا، ئەوجا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە هەردوولا حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی کەوتنە دانوستاندن و گفتوگۆ کردن بۆ ئەوەی لەسەر میکانیزمێك ڕێکبکەون بۆ هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان، ئەمیش هەم لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا بێت، هەروەها هەناردەکردنی نەوتی کوردستان پاڵپشتێك بێت بۆ زیادکردنی بودجەی عێراق، لە هەمان کاتدا ئەو مافە دەستووریانەشی کە هەرێمی کوردستان لەم پرۆسەیەدا هەیەتی پارێزراو بێت، لەمیانی ئەم پرۆسەی وتووێژو دانوستانەدا، چەندین پێشنیار لەلایەن هەردوولا (هەرێم و بەغدا) هاتنە ئاراوە، لە میانەی ئەم پێشنیارەدا هەندێك جار وادەردەکەوت کە هەردوولا هەرێم و بەغدا بەتەواوەتی لێکەوە نزیکن، هەندێك جاریش وا دەردەکەوت نەخێر گەیشتن بە ڕێککەوتن کارێکی ئاسان نییەو لێکەوە دوورن، ئەوجا مەسەلەی ئەم لێك دوورییەی نێوان هەرێم و ناوەند، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکومەتی فیدراڵی داوای ئەوە دەکات سەد دەرسەد پرۆسەی نەوت لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەند بێت و هەرێمی کوردستان هیچ دەسەڵاتێکی نەبێت، بەڵام بەپێی بۆچوونی هەموو کەسێکی شارەزا لە دەستوور و یاسا، ئەوە ئاشکرایە کە دەستووری عێراق سەبارەت بەم پرسە شتێکی دیکە دەڵێت و مافی داوە بە هەرێمی کوردستان کە ئیدارەو چاودێری کێڵگە نەوتی و گازییەکانی هەرێم بکات، واتە بەپێی دەستووری عێراق هەرێم ئەو مافە دەستوورییەی هەیە کە بە ئاگاداری و هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بەشێوەیەکی شەفاف، نەوتی کوردستان هەناردەی دەرەوە بکات و بیفرۆشێت و داهاتەکەشی بۆ هەموو عێراق بێت، ئەم پرۆسەیە زۆری خایاند و نەمانتوانی بگەینە ئاکامێکی هاوبەش بۆ هەناردەکردنی نەوت، بۆیە هەندێك لایەن وا هەستیان دەکرد ئەوە کوردە ئاستەنگ بۆ هەناردەکردنی نەوت دروست دەکات، هەروەها وایان دەخستە گوێی لایەنەکانەوە کورد ئاستەنگە لەوەی کە داهاتی نەوت بۆ هەموو عێراق بێت و پارەی نەوتەکەی خۆی ناخاتە چوارچێوەی بودجەی گشتی عێراقەوە، لەسەر ئەم پرسانە پروپاگەندەیەکی خراپ دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاودەکرایەوە، لە هەمان کاتدا لایەنی ئەمریکایش بە جددی هاتبوونە نێوان هەردوولاوە بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتنێکی هاوبەش، ئەوجا بۆ پیشاندانی نیەت باشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەوەی ئەو ئاستەنگ نییە لەبەردەم هەناردەکردنی نەوت و هەروەها سامانی نەوتیش بە موڵکی هەموو عێراقیەکان دەزانێت، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو دەستپێشخەرییەی کرد بەوەی بێ مەرج ئامادەن لە یەکی نیسانەوە ڕۆژانە ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی کوردستان هەناردەی دەرەوە بکات، ئامانجیش لەم دەستپێشخەرییە ئەوە بوو کە هەموولایەك بزانێت کە کورد مەبەستیەتی بەبێ هیچ مەرجدانانێکی پێشوەخت ئەم پرۆسەیە سەرکەتوو بێت و بەرهەمی نەوت و داهاتی نەوت و ناردنە دەرەوەی بۆ خۆشگوزەرانی هەموو عێراقیەکان بێت.

بێگومان تا ئێستا ئەمەش نەکراوە، بۆیە هیواداریین لایەنی حکومەتی عێراق بە پیری ئەم دەستپێشخەرییەوە بێن و هەنگاوی زیاتر بچینە پێشەوە. بەڵام لە هەمانکاتدا مەزندەکان بەو جۆرەن دەستپێشخەرییەکی لەو جۆرە حەتمەن زەمینە خۆش دەکات بۆ ئەوەی هەنگاوی ئیجابی دیکەی بەدوادا بێت.

**گوڵان:** وەك دەردەکەوێت، ئەمریکا بەشێوەیەکی زۆر قورس هاتۆتە نێو پرۆسەکەو دەیەوێت لەم پرسەدا بە جددی ناوەندگیری نێوان بەغداو هەولێر بکات، بە تایبەتیش لەم ماوەیەدا دووجار جۆزیف بایدن جێگری سەرۆکی ئەمریکاو کەسی یەکەم لە کۆشکی سپی بۆ سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق، تەلەفۆنی بۆ سەرۆك بارزانی کردووە، هەروەها باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا زۆر بە جددی هاتۆتە ناو پرۆسەکەو میانگیری دەکەن، پرسیار ئەوەیە چۆن دوای ٣ ساڵ دوورکەوتنەوەی ئەمریکا لە پرۆسەی سیاسیی عێراق ئەمجارە بەو ئاستە بەرزەوە هاتەوە ناو پرۆسەکە؟

**د. ڕۆژ نووری شاوێس:** ئەگەر بڵێین ئەمریکا لە پرۆسەی سیاسیی عێراق دوور کەوتۆتەوە، من وای دەبینم ئەم دەربڕینە زۆر ورد نییە، لەبەر ئەوەی ئەمریکا ٣ ساڵ پێش ئێستا لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەیەك لەنێوان حکومەتی عێراق و ئەمریکا، هێزەکانی لە عێراق کشانەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیەی لە نێوان هەردوو

لادا هەیە بڕیار وایە هەم هاوپەیمان و پاڵپشـــتی دەوڵەتی تازەی عێراق بێت، بۆیە دوای کشـــانەوەی هێزەکانیشی لە عێراق، ئەمریکا لەســـەر ئاستی سیاســـیی و دیپلۆماتی پاڵپشـــتی لە پرۆسەی سیاســـی عێراق کردووەو ڕۆڵیشی هەبووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە عێراق وەك پێگەی جوگرافی و هەروەها وەك دەوڵەتێکی دەوڵەمەند لە هەموو بوارەکانەوە، خاوەنی هێز و توانایەکی بەهێزە و دەکەوێتە ناو چەقی ئەو ناوچە ســـتراتیژییەی کە ئەمریکا خۆی بە بەهێزترین هێز تیادەبینێتەوە، بێگومان ئەو ناوچە ســـتراتیژیەش ناوەندی وزەی جیهانییـــە، هەربۆیە ئەگـــەر خەلەلێك بکەوێتە ئەم ناوچە ســـتراتیژییە وەك ناوەندی وزەی جیهان، ئەوا خەلەل دەکەوێتە ناو سیاســـەتی وزەی جیهانییەوە، هەر بۆیە لەم روانگەیەوە هەمیشـــە عێراق جێگەی بایەخی ئەمریکا و وڵاتانـــی ئەوروپای ڕۆژئاوا دەبێت، بۆیە لەوانەیە لە ڕووی بوونی هێزی ســـەربازییەوە لە عێراقدا هێزی ســـەربازییان نەبێت، بەڵام بایەخدانەکە هەر دەمێنێت. هەربۆیە کاتێك ئەو راستیە بوو بە هەقیقەت بەوەی هەرێمی کوردستان دەتوانێت ڕێژەیەکی باشـــی نەوت بەرهەم بهێنێت و ڕەوانەی دەرەوەی بکات، کە ئەمەش فاکتەرێکی گرنگە بۆ سیاسەتی وزەی جیهانی، ئەمە لە کاتێکدا لەو وڵاتانەی خاوەنی نەوتن وەك لیبیاو جەزائیر نەوت بە زەحمەت بەرهەم دەهێنرێت، هەروەها ئەگـــەر ئاماژە بە ڕووداوەکانی ئـــەم دواییەی ئۆکرانیا و روسیا بکەین، کەئێستا خەریکە روسیا دوچاری سەپاندنی سزای ئابووری دەبێتەوە، ئەوا ئاشکرایە کە بەرهەمهێنان و هەرناردەکردنی نەوتی کوردســـتان پرسێکی گرنگ دەبێت بـــۆ سیاســـەتی وزەی جیهانی، بۆیە لـــەم چوارچێوەیەدا شتێکی سەیر نییە ئەمریکا زۆر بەجددی بێتە ناو پرۆسەکە و هەوڵبـــدات لە پرۆســـەی هەناردەکردنـــی نەوتی عێراق و هەرێمـــی کوردســـتان هەردوولا بگەنـــە ڕێککەوتنێکی هاوبەش، ئەمەش لە پیناوی ئەوەی ئەم هەنگاوە فاکتەرێك بێت بۆ زیادکردنـــی بەرهەمهێنانی نەوت و هەناردەکردنی بەبێ کێشـــە و گرفت، هەروەها کەمکردنەوەی کێشـــەکان لەناو عێراقدا، بۆیە ئەمریکاش خوازیاری ئەوەیە کێشەکانی عێراق کەمبێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەمریکا پشـــکی سەرەکی هەیە لە بارودۆخی ئێستای عێراقدا.

**گوڵان:** ئەگەر پرســـیار لەوە بکەین دوای ئەوەی ئەمریکا بەجددی هاتۆتە ناو پرۆسەکە بۆ میانگیری لە نێوان هەرێم و بەغدا، ئایا هیچ سەرکەوتنێك بە دەست هاتووە؟

**د. ڕۆژ نووری شـــاوێس:** ئەگەر ڕاشـــکاوانە قسەبکەین و وەڵامی پرســـیارەکە بە وردی بدەینەوە و بەوجۆرە باس لە سەرکەوتنی پرۆسەکە بکەین بەوەی هیچ کێشەیەك لە نێوان هەولێر و بەغدا نەماوە و گەیشـــتوونەتە ئەو ڕێککەوتنەی نەوت بێ کێشەو گرفت هەناردە بکرێت، ئاشکرایە تا ئێستا ئەمـــە نەهاتۆتە دی، لەبەر ئەوەی گەیشـــتن بەم ئاکامە کارێکی زۆری دەوێت، من هەموو کات جەختم لەوە کردۆتەوە چارەســـەرکردنی ئەم پرسە پێویســـتی بە ڕێککەوتنێکی ریشەیی بەردەوام هەیە، بۆیە ئەگەر هیوایەکیش هەبێت بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی هاوبەش لە نێوان هەولێر و بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی تایبەت بەنەوت و گاز، من وای دەبینم زۆر زەحمەتە لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ئـــەم کارە بکرێت، بۆیە بە مەزندەی مـــن ئەمە دەکەوێتە دوای هەڵبژاردنـــەکان، لەبەر ئەوەی ئەمـــڕۆ لە عێراقدا پرۆســـەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کاریگەرییەکی سلبی لەســـەر هەموو بڕیارەکان هەیە، هەروەها کاریگەری سلبی لەسەر هەر هەنگاوێکی سیاسی هەیە، بۆیە هەر هەنگاوێك یـــان بڕیارێك وەربگیرێت، ئەوا لایەنێـــك یان دوولایەن یان زیاتریش، دەیقۆزنەوە بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردن. بە داخەوە لەبەر ئەوەی لە عێراقدا ڕۆشنبیریەکی ناکامڵی دیموکراتی هەیە، دەبینین هەموو لایەنە سیاســـییە عێراقیەکان هەموو شتێکیان لەبیرچۆتەوەو پەنا بۆ هەموو کارت و مەسەلەیەك دەبەن بـــۆ ئەوەی لە پرۆســـەی هەڵبژاردندا دەنگی زیاتر کۆبکەنەوە. ئەمە بەبێ ئەوەی بە هیچ جۆرێك بەرژەوەندی بـــاڵای وڵات لەبەرچاو بگرن، زۆر شـــتی بچووك گەورە دەکرێت و زۆر شـــتی گەورە دەشاردرێتەوە، بۆیە لەناو ئەم بارودۆخەدا زۆر زەحمەتە کێشـــەی نەوت یان کێشـــەکانی نێـــوان هەرێم و بەغدا پێش هەڵبژاردن بەرەو چارەســـەری تەواو بچن.

**گـــوڵان:** بەڵام حکومەتی بەغدا لەســـەر زاری حوســـێن شەهرســـتانی جێگری ســـەرۆك وەزیران بۆ کاروباری وزە پێشـــوازی لە دەستپێشخەریەکەی ســـەرۆکی حکومەتی هەرێمـــی کوردســـتان کرد، ئایـــا ئەم پێشـــوازی کردنە، نیشـــانەی جۆرێك لە تێگەیشـــتنی نێوان بەغداو هەولێر نییـــە بۆ چارەســـەرێکی کاتیی ئەم کێشـــەیە، بۆ ئەوەی دوای هەڵبژاردنەکانـــی عێراق و لەمیانەی هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی حکومەتی تازەی عێراق چارەسەرێکی ریشەیی بۆ بدۆزرێتەوە؟

**د. ڕۆژ نووری شـــاوێس:** بێگومـــان حکومەتی هەرێمی کوردســـتان دەستپێشـــخەریەکی هێندە گرنگی کردووە، کە لایەنی بەرامبەر هیچی بۆ نامێنێتەوەو دەبێت پێشوازی لێ بکات، بەڵام بە تەنیا پێشوازی کردن لە دەستپێشخەریەکی وا گرنگ بەس نییە، بەڵکو پێویســـتە هەنگاوی دیکەی لەلایەن بەرامبەرەوە بەدوا دابێت، لەگەڵ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم دەستپێشخەریەی بێ هیچ مەرجێك کردووە، بەڵام پێویســـتە لەسەر حکومەتی فیدراڵی ئەویش هەنگاوی ئیجابی هەڵبگرێت و بەشـــە بودجەی هەرێمی کوردســـتان بنێرن و، کێشـــەکانی دیکەش چارەسەر بکەن، ڕەچاوی داواکارییەکانی لایەنی گەلی کوردســـتان بکەن، ســـەبارەت بە پڕۆژەی یاســـای بودجە لە بەغدا، بۆیە ئەم هەنگاوانە دەکرێت وەك هەنگاوی کردەیی بۆ پێشوازی کردن لە دەستپێشـــخەریەکەی هەرێمی کوردستان سەیر بکرێت.

**بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی کوردستان پرسێکی گرنگە بۆ سیاسەتی وزەی جیهانی لەکاتێکدا ئەو وڵاتانەی وەکو لیبیاو جەزائیر کە خاوەنی نەوتن بەزەحمەت نەوت بەرهەم دەهێنن، کە هاوکاتە لەگەڵ ڕووداوەکانی روسیاو ئۆکرانیا**

**لایەنە سیاسییە عێراقییەکان هەموو شتێکیان لەبیرچۆتەوەو پەنا بۆ هەموو کارت و مەسەلەیەک دەبەن بۆ بەدەستهێنانی دەنگی زیاتر، بۆیە لەناو ئەم بارودۆخە زۆر زەحمەتە کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا پێش هەڵبژاردن بەرەو چارەسەری تەواو بچێت**

**لایەنی وا هەیە لەعێراق دەیانەوێت كێشەكان قووڵتر بكرێنەوەو عێراق بە یەكلایەنە حوكمڕانی بكات و فیدراڵی نەمێنێت و ڕەچاوی دەسەڵاتەكانی هەرێم و پارێزگاكان نەكرێت و نەخشەی ڕێگا بۆ چارەسەری كێشەكان نەدۆزرێتەوە**

**بۆ كورد زۆر گرنگە یەكریز و یەك هەڵوێست بین چونكە پرۆسەی بونیاتنانی دیموكراتی لەعێراق بەرەو پاشەكشە دەچێت و دەسەڵاتە دەستوورییەكانمان لێكەم دەكەنەوە**

لەلایەكــــی دیكەوە لەم بارودۆخـــەی وەك ئەمڕۆ لەوانەیە كەسێكی وەك د.حوسێن شەهرستانی باشتر لەم پرسە تێبگات و لەوەش تێبگات پێویستە ئەم پرسە چۆن چارەسەر بكرێت، بەڵام لە بەغدا هەموو وەك حوسێن شەهرستانی بیرناكانەوە. لەوانەیە هەندێك بە واقیعی بەو جۆرە بیر بكەنەوە، تا چەند كێشـــەكان لەگەڵ هەرێمی كوردســـتان ئاڵۆزتر بكات، لە هەڵبژاردندا دەنگی زیاتر بەدەست دەهێنێت.

**گوڵان:** ئایا تاچەند ئەم دەستپێشـــخەرییە دەبێتە هۆكارێك بۆ ئەوەی زەمینەیەك بێتە ئاراوە پرۆژە یاسای بودجە بە تەوافوق ئەو خاڵانە چارەسەر بكات؟

**د. ڕۆژ نووری شاوێس:** كێشەكانی نێوان هەرێم و بەغدا زۆرن، بەڵام بۆ ئێستا چارەسەركردنی پرسی نەوت و ڕاستكردنەوەی ئەو خاڵانەی كە لە پڕۆژەی بودجە دژ بە كورد هاتوون، دەبێتە هۆكاری ئەوەی پرۆسەی بودجە تێپەڕێنرێت، بێگومان ئەمەش دەبێتـــە هۆكارێك بۆ ئەوەی كوردیش بەمە خۆشـــحاڵ بێت و دەرگایەك دەكاتەوە بۆ ئەوەی دەست بە چارەسەری كێشەكانی دیكەش بكرێت، ئەگەر كێشەی نەوت بە شێوەیەك لە شێوەكان چارەسەر بكرێت كاریگەری ئیجابی دەبێت بۆ چارەسەركردنی هەموو كێشەكانی تریش..

**گوڵان:** بەڕێزت وەك جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق و كەسی یەكـــەم لە نوێنەرایەتیكردنی كورد لە حكومەتی بەغدا، هیچ ڕۆشـــناییەك دەبینیت، كە هەندێك كێشە بە شێوەیەكی كاتیی چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە؟

**د. ڕۆژ نووری شاوێس:** من وای دەبینم زۆرلایەن هەن كە پێیان خۆشە ئەو كێشانە چارەسەر بكەن، بەڵام لە هەمان كاتدا لایەنی تریش هەن، كە دەیانەوێت زیاتر ئەو كێشـــانە قووڵتر بكەنەوە. بێگومان ئەو لایەنانە مەبەستی دیكەیان لە پشتەوە هەیە، لەبەر ئـــەوەی ئەو لایەنانە بڕوایان بـــە دیموكراتی و فیدراڵی نییە، بۆیە بیر لەوە دەكەنەوە عێراق بە یەكلایەنە حكومڕانی بكرێت و فیدراڵی نەمێنێت و حكومەتێكی سەنترالی بەهێز لە بەغدا هەبێت، ڕەچاوی دەســـەڵاتەكانی هەرێم و پارێزگاكان نەكرێت و بەهیچ شـــێوەیەك ڕەچاوی پرۆسەی دابەشكردنی دەسەڵات نەكات وەك ئەوەی لەدەســـتووری عێراقـــدا هاتووە، بێگومان ئەم لایەنانە نایانەوێت نەخشـــەی ڕێگە بۆ چارەســـەركردنی كێشەكان بدۆزرێتەوە، بۆیە ئاستەنگ لە دوای ئاستەنگ بۆ ئەو هەنگاوانە دروســـت دەكەن كە بەرەو چارەسەری كێشەكان هەڵدەگیرێن، بەداخەوە واقیعی سیاسیی عێراق بەم شێوەیەیە، وەك باسیشم كرد بارودۆخی هەڵبژاردنەكان دوو هێندە كێشەكانی ئاڵۆزتر كردووەو بە بنبەستی گەیاندون..

**گـــوڵان:** ئاگادارن كـــە لە دوای مانگی یەكی ئەمســـاڵەوە ڕێژەی یەك لەســـەر ١٢ی بەشـــە داهاتی هەرێم لە بودجەی عێراق نەهاتووەتە كوردســـتان و تەنیا مووچەی ٢ مانگ لە كۆی چوار مانگ هاتووە، ئایا ئەم دەستپێشـــخەرییە دەبێتە هۆكاری ئەوەی ڕێژەی یەك لەســـەر١٢ی هەر چوارمانگەكە بێتە كوردستان نەك تەنیا مووچە؟

**د. ڕۆژ نووری شـــاوێس:** پێش هەموو شـــت ئەو بڕیارەی دراوە بـــۆ بڕینـــی مووچـــەو بودجەی هەرێـــم، بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران نییەو ئێمە ئاگامان لەو بڕیارە نییە، ئەم بڕیارە وەزیری دارایی و سەرۆك وەزیران پێكەوە داویانە، ئەمەش واتە ڕێككەوتنی نێوان ســـەرۆك وەزیران و وەزیری دارایی بەو جۆرەیە كە بەشـــی هەرێمی كوردستان نەنێرن، ئەم هەنگاوە بۆ ئەوە نراوە بۆ ئەوەی گوشـــارێكی سیاسی لەسەر هەرێمی كوردستان دروست بكەن، بۆ ئەوەی پاشگەز بێتەوە لە سیاســـەتی نەوتی هەرێم، بێگومان سیاســـەتی نەوتی هەرێم ڕاســـتە و پێویســـتە درێژەی پێبدرێت، بۆیە ئەم بڕیارەی كە سەرۆك وەزیران و وەزیری دارایی داویانە، نە بڕیارێكی دەســـتوورییە نە یاســـاییە، نە لە دەسەڵاتی ئەوانیشـــدایە بڕیاری لەو شێوەیە بدەن، لەبەر ئەوەی بەشە داهاتی هەرێمی كوردســـتان بەپێی دەستوور دیاریكراوە، بۆیە تا ئەگەر كێشەیەك یان گرفتێكیش لەم مەسەلەیەدا هەبێـــت، ئەوا پێویســـتە حكومەتی فیدراڵی ئەم پرســـە ڕووبەڕووی دادگای فیدراڵی بكاتەوە، بۆ ئەوەی دادگای فیدراڵی ئەم پرسە یەكلایی بكاتەوە و بڕیار بدات، ئەوكات ئەوان دەتوانن ڕێوشـــوێنی پێویســـت بگرنە بەر. ئێمە وەك وەزیرە كـــوردەكان لە ئەنجوومەنی وەزیـــران زۆر بەتوندی دژی ئەو بڕیارە ڕاوەستاوینەوەو هەروەها زۆرجاریش سەرۆك وەزیران بڕیاریداوە كە بەشـــە بودجەی هەرێمی كوردستان بنێرێت، ئاكامەكەشـــی ئەوەبوو، دووجـــار هەندێك پارەیان بە ناتـــەواوی ناردووە، ئەوەی ئـــەوان ناردویانە لە نیوەی بەشی كوردستان كەمترە، تا ئێستاش نەزانراوە ئایا بەشی مانگـــی ئادار دەنێرن یان نە، ئەمە لە كاتێكدا پێویســـتە دوای دەستپێشـــخەرییەكی حكومەتـــی هەرێم، ئەوانیش دەستپێشخەرییەك بكەن. بەڵام تا ئێستا نەیانكردووە، بۆیە ئەم ڕووداوە ئەوەمان فێردەكات بەوەی نابێت چیدیكە بەشە داهاتی هەرێمی كوردستان لە ژێر دەستی وەزیری داراییدا بێت، یان لەژێر مەزاجی شەخسی كەسێكدا بێت لەبەغدا. لەبەر ئەوەی مەسەلەی بەشە داهاتی كوردستان لە بودجەی عێراق، پرسێكی دەستوورییە و نابێت وەك كارتی گوشاری سیاســـیی بەكار بهێنرێت، ئەمەش بەوە دەكرێت كە بەشە داهاتی كوردســـتان بە شێوەیەكی ئۆتۆماتیكی ڕاستەوخۆ بخرێتە سەر حسابێك و بگەڕێتەوە بۆ هەرێمی كوردستان، ئەمـــەش ئەو داواكارییە كە ئێســـتا حكومەتی هەرێمی كوردســـتان پێی لەســـەر دادەگرێت. ئەگەر ڕێككەوتنێك لەســـەر ئەمە كرا پاش ئەوە دەتوانرێت بـــەراورد بكرێت، ئەگەر ئەو داهاتە لەڕێـــژەی ١٧٪ كەمتر بوو ئەوە دەبێت حكومەتی فیدراڵ تـــەواوی بكات، ئەگەر زیاتریش بوو، دەكرێت زیادەكەی بنێردرێتەوە بۆ حكومەتی فیدراڵی، تا نەگەینە ڕێككەوتنێكی لەم شـــێوەیە، هەموو كات بەشـــە داهاتی كوردســـتان لە ژێر مەترسی دەبێت، بەمجۆرە ژیان لە كوردستان ناچێتە سەر.

**گولان:** سەرۆکی شاندی پەرلەمانی ئەورووپا بۆ پێوەندی لەگەڵ عێراق، لەمیانەی دیدارێکی لەگەڵ گولان، ئاماژەی بەوە کرد، ئەگەر یەکێتی ئەورووپا سزا بخاتە سەر روسیا، ئەوا ئەورووپا ناچار دەبێت پەنا بۆ نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ببات، دیارە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش سنووری دەسەڵاتە دەستوورییەکانی خۆی نابەزێنێت، ئایا تاچەند ئەو بارودۆخەی روسیا بە هۆی ئۆکرانیاوە، بۆتە هۆکاری ئەوەی کێشەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا چارەسەر بکرێت و تەفسیری دەستوور لەلایەن راوێژکاری یاسای نێودەوڵەتییەوە بکرێت، نەك هەر لایەك لە دیدی خۆیەوە سەیری دەستوور بکات؟

**د. رۆژ نووری شاوێس:** لە هەرشوێنێکی جیهان نەوت کەمبێتەوە، ئەوا ئەمریکا و ئەورووپا، پێویستیان بەهەموو رێژەیەکی نەوت دەبێت کە ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، ئەوجا ئەو بڕە ١٠٠ هەزار بێت یان ٥٠٠ هەزار، کاریگەری خۆی لەسەر سیاسەتی وزەی جیهانی دەبێت، ئەمەش بەو مانایە نییە هەموو دێن بە کوردستان دەڵێن وەرە نەوتەکەت بفرۆشە و رەچاوی دەستووری عێراق یان بەرژەوەندی گشتی مەکە، نە ئەم مەسەلەیە بەوجۆرە نییە، ئەم پرسە هانی دەوڵەتانی رۆژئاوا و ئەمریکا دەدات کە بێن میانگیری بکەن لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق و گوشار دەخەنە سەر هەردوولا بۆ ئەوەی بگەنە رێککەوتنێك و نەوتەکە هەناردەی دەرەوە بکرێت.

لەم بارودۆخەدا هەلی کراوە لەبەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستان بەوجۆرەیە، ئێستا هەرێم نەوتی هەیە، دەرەوە پێویستی پێیەتی، بۆیە دەکرێت ئەمە وەك کارتێکی سیاسیی بەکار بهێنرێت بۆ ئەوەی پشتگیری لە هەڵوێستی هەرێمی کوردستان بکەن، رێگە نەدەن مافە دەستوورییەکانی هەرێم پێشێل بکرێت، رێککەوتنێکی هاوسەنگ لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی بێتە ئاراوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا لەبری ئەوەی ئەم پرسە لە نێوان دوولایەن گیر بخوات و لایەنێك کە حکومەتی فیدراڵیە بیەوێت خۆی بسەپێنێت بەسەر هەرێمی کوردستان، ئەو کات پرسەکە دەکرێتەوە بە رووی جیهان و میانگیر دێتە نێوانەوەو ناتوانرێت مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان پێشێل بکرێت.

**گولان:** ئێستا بەرەو هەڵبژاردنەکانی عێراق دەڕۆین، بۆیە گرنگە ئەم پرسەی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بە شێوەیەکی کاتیش بێت چارەسەر بکرێت و ئایا تاچەند ئەم چارەسەرە کاتیە دەبێتە هۆکارێك بۆ گرێدانی هاوپەیمانی لەگەڵ کورد بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئاییندە؟ لای بەڕێزت ئاشکرایە بەبێ کورد حکومەت لە عێراقدا پێکناهێنرێت، هەتا ئەگەر بە زۆرینەش پێکبهێنرێت، ئایندەی عێراق دەخاتە مەترسییەوە، بۆیە لایەنی کوردی هەموو کات تۆپی قەپانە بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئایا ئەمەش نابێتە هۆکاری ئەوەی بۆ چارەسەری ریشەیی ئەم کێشەیە دوای هەڵبژاردنەکان ئەگەری زیاتر لەبەردەم کورد بکرێتەوە؟

**د. رۆژ نووری شاوێس:** پێش هەڵبژاردن زۆر زەحمەتە رێککەوتنێکی هەمیشەیی بکرێت، ئەگەر بکرێت رێککەوتنێکی کاتیی دەکرێت، ئەو رێککەوتنە کاتییەش چەند باش بێت، کاریگەری باشتری دەبێت لەسەر پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراق، بە پێچەوانەوەش ئەگەر ئەو رێککەوتنە کاتییە نارێك و ناتەواو بێت، ئەوا کاریگەری نەرێنی لەسەر پێکهێنانی حکومەتی ئایندە دەبێت، بەڵام ئەمە بەس نییە، راستە کێشەی سەرەکی لەهەموو وڵاتێکدا کێشەی دابەشکردنی داهات و دەسەڵاتە، بەڵام ئێمە ئەزموونمان هەیە و دەزانین هۆکاری دیکەش کاریگەریان دەبێت لە پێکهێنانی حکومەت، پێش هەموو شت دەبێت چاوەڕێ بکەین بزانین ئاکامی هەڵبژاردن چۆن دەبێت، لەبەر ئەوەی دوای هەڵبژاردن کەس ناتوانێت لایەنێك پەراوێز بخات کە خەڵکێکی زۆر دەنگی پێداوە، بۆیە باش بێت یان باش نەبێت بە ئەمری واقیع دەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، هۆکارێکی دیکە ئێمە وەك لایەنی کوردستانی دەبێت رەچاوی ئەزموونەکانی خۆمان بکەین، ئێمە لە ٢٠٠٣ـەوە هەتا ئێستا پاڵپشتی ئەم پرۆسە سیاسییەمان کردووە کە لە عێراقدا هاتۆتە ئاراوە، ئەویش پرۆسەی بونیادنانی دیموکراتیە و ئێمە هاوکارێکی سەرەکی بووین بۆ سەرخستن بەرەو پێشەوە چوونی دیموکراتی لە عێراقدا، بەڵام ئەم پرۆسەیە لەبری ئەوەی بەرەو پێشەوە بچێت و مافەکانمان زیاتر بچەسپێت، ئەوا وەك دەبینین پرۆسەکە پاشەکشە دەکات و دەسەڵاتە دەستووریەکانمان لێ کەمدەکەنەوە، ئەو کێشانەی چارەسەر نەکراون، لەبری ئەوەی هەوڵ بدرێت چارەسەر بکرێت، بە پێچەوانەوە بەردەوام هەوڵدراوە ئاستەنگی بۆ دروست بکرێت و بە چارەسەرنەکراوەیی بمێنێتەوە، لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە بۆ ئێمە وەك کورد زۆر گرنگە یەکڕیز و یەك هەڵوێست بین، بۆیە من لام سەیرە لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان زیاتر پێداگیری لەسەر پۆستێك یان وەزارەتێك دەکەن، بەبێ ئەوەی گوێ بەوە بدەن عێراق بەچ بارودۆخێکدا دەڕوات، ئەوە لەبەرچاو ناگرن، ئەگەر تا دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق نەتوانن لە هەرێمی کوردستان حکومەت پێکبهێنن، چۆن دەتوانن بچنە ناو پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی عێراقەوە، بۆیە من عێراقی ئێستا وەك یوگسلافیای پاش تیتۆ دەبینم، دەزانن یوگسلافیا دەوڵەتێکی فیدراڵی بوو، بەڵام بارودۆخێکی ئەوتۆ هاتە پێشەوە کە گۆڕانکاری ریشەیی بەسەر ئەو وڵاتە هات، چارەسەری دیکە هاتە پێشەوە وەك بینیمان، بۆیە زۆر نزیکە دوای ئەم هەڵبژاردنە بارودۆخێکی هاوشێوەی یوگسلافیا لە عێراق بێتە ئاراوە، بۆیە دەبێت کورد لە ئێستاوە ئامادەبێت بۆ ئەو رووداوە، دەبێت بشزانین مەسەلەی هەڵمەتی هەڵبژاردن و مەسەلەی ئاکامەکانی هەڵبژاردن دوو مەسەلەی زۆر هەستیارن.

**ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری بڕینی مووچەو بودجەی هەرێمی نەداوەو ئێمە ئاگامان لەو بڕیارە نییە و بەتەنیا وەزیری دارایی و سەرۆک وەزیران داویانە، ئەمەش تەنیا بۆ گوشارێکی سیاسییە لەسەر هەرێمی کوردستان**

**بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و مووچەی فەرمانبەران ئەوەمان فێر دەکات چیدیکە بەشە داهاتی هەرێمی کوردستان کە پرسێکی دەستوورییە نابێت لەژێر دەست و میزاجی شەخسی وەزیری دارایی عێراقدا بێت**

## ستیڤن بیدل

گەورە راوێژکاری سیاسەتی بەرگری ئەمریکا بۆ گوڵان:

# ئەگەر نوری مالیکی لەم هەڵبژاردنە براوە بێت ئایندەی عێراق دەکەوێتە مەترسییەوە



**پرۆفیسۆر ستیڤن بیدل یەکێکە لە تۆژەرە باڵاکانی ستراتیژییەت و سیاسەتی بەرگری لە ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوە و هەروەها گەورە راوێژکاری ژەنراڵ پەتریۆس بووە لە عێراق لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ و لەمیانەی پرۆسەی زیادکردنی بەپەلەی هێزەکانی ئەمریکا بۆ عێراق و، پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق ستیڤن بیدل بۆتە گەورە راوێژکاری ژەنراڵ ستانلی ماک کریستالی فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکایە لە ئەفغانستان، بۆ قسەکردن لەسەر ژینگەی سیاسی ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە گشتی و عێراق بە تایبەتی، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر ستیڤن بیدل کردو بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** ژینگەی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەراست بۆتە ژینگەیەکی پشێوی و ناسەقامگیری؛ ئایا ئەم ژینگەیە ئاراستەی گۆڕانکارییەکان بەرەو کوێ دەبات؟**

- زەحمەتە بتوانین حوکمی گشتی بدەین، لەبەر ئەوەی ئەو ژینگە ئاڵۆز و پشێوەی ئێستا دەیبینین کاریگەری جیاوازی هەیە، بەڵام من زۆر رەشبینم بە تایبەتی لە بەرامبەر ئەو بارودۆخەی لە سوریا و لیبیا و میسر هاتۆتە ئاراوە، بەڵام مەرج نییە ئەمە بە مانای ئەوەبێت کە گرووپە ئیسلامیەکان دەسەڵات دەگرنەدەست لە میسر، کە پێدەچێت سوپا کۆنترۆڵێکی باشی دەوڵەتی کردبێت، بەڵام تەنانەت ئەگەرچی ئیسلامیەکانیش دەسەڵاتیان نەگرتۆتەدەست، ئەوا دەرئەنجامەکە لە وڵاتێکی وەک ئەم وڵاتەدا زۆر سلبیە هەم بۆ دانیشتوانەکەی و هەم بۆ ناوچەکەش.

*** نیگەرانی ئێمە ئەوەیە ئەگەر لە دۆخی ئاڵۆزی سوریا بروانین ئەوا سوریا بۆتە نەوا و پەناگەیەکی ئارام بۆ تیرۆریستان و بگرە رۆژهەڵاتی ناوەراستیش بۆتە پەناگەیەکی ئارام بۆ تیرۆریستان، واتە تیرۆریستان زۆر بە ئاسان هاتوچۆ دەکەن لەم ناوچانەدا، ئەویش بەهۆی پشێوی و ناسەقامگیرییەوە، ئەگەر چالاکی تیرۆریستی بەم شێوەیە بەردەوام بێت ئەوا تا چ رادەیەك مەترسی لەسەر ناوچەکە دروست دەکات و تا چ رادەیەك ئاسایشی نێودەوڵەتی دەخاتە مەترسیەوە؟**

- پێموایە دۆخی وڵاتێکی وەك سوریا تا رادەیەك مایەی مەترسیە بۆ وڵاتانێکی دیاریکراوی وەك ئەمریکا و ئەورووپای رۆژئاوا و بە دڵنیاییەوە مەترسی جدیە لەسەر دراوسێکانی، کە ئاشکرایە عێراق لە نزیکەوە گرێدراوە بەم توندوتیژیەوە. و ناسەقامگیری لە وڵاتەکەدا کە خۆی لە خۆیدا تەحەددی دروست دەکات، لە ئێستادا رووبەڕووی تەحەددی زیاتر بۆتەوە لەوەی ئەو دۆخەی لە سوریادا هەیە پەلبکێشێت بۆ ئەویش. و ئەمریکا دەبێت بە شێوەیەکی تایبەت نیگەران بێت لە ئاست سوریادا، نەك تەنیا بەهۆی ئەو قەیرانە مرۆییەی لە چوارچێوەی سنورەکەیدا هەیە، بەڵکو نیگەران بێت لە ئەگەری پەلهاوێشتنی ئەو دۆخە بۆ دەرەوەی ئەو سنورە.

*** نیگەرانی هەبوو لەبارەی شەڕی عێراقەوە و ئەمریکا نیگەران بووە لەبارەی ئەم شەڕەوە و ئێستاش داعش (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) خەریکی دروستکردنی ئەمارەتێکە لە عێراق، لە هەمان کاتدا مالیکی ژینگەی سیاسی لە عێراقدا تێکداوە و خەریکە ببێتە دەوڵەتێکی دیکتاتۆری، ئایا وڵاتێك کە حکومڕانیەکی دیکتاتۆری هەبێت و ئەمارەتێکی ئیسلامی تێدا بێت، ئایندەی چۆن دەبێت و ئایا دۆخی عێراق چۆن دەخوێنیتەوە، بە تایبەتی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و ئایا تا چ رادەیەك ئەمریکا نیگەرانە بە دۆخی عێراق؟**

- من زۆر نیگەرانم لە ئایندەی عێراق. و پێموایە کێشەکە هەر لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە درێژەی کێشاوە کە بریتی بووە لەوەی پێکهاتە تائیفی و ئیتنیە گرنگەکانی وڵاتەکە ئامادەنین ئاشتەوایی لەگەڵ یەکدا بکەن و بە راستی دەسەڵات دابەش بکەن و هەموویان ترسیان هەیە لەوەی ئەگەر هەموو شتێکیان لە ژێر دەستدا نەبێت، ئەوا دەبنە قوربانی لەلایەن ئەوانی دیکەوە. بۆیە سەبارەت بەو باردۆخە ئاڵۆزەی کە ئێستا لە عێراق دروست بووە، من وای دەبینم ئەم کێشەیە خۆی بۆ خۆی چارەسەر بێت و ئومێدی من ئەوەبوو نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکار بێت لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەدا کاتێك ئەمریکیەکان کشانەوە، بەڵام ئەم کێشەیە خراپتر بووە. و باوەڕم وایە مەترسیەکی جددی دێتە ئاراوە ئەگەر مالیکی زۆرینەی زۆری دەنگەکان بهێنێت لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، چونکە ئەوە وەك رێگەپێدانێك لێك دەداتەوە بۆ سەپاندنی ئیرادەی دەنگدەرانی شیعە بەسەر عەرەبە سوننەکان لە ئەنبار-بە تایبەتی- و هەروەها رەنگە بەسەر کوردەکانی عێراقیش. ئەمە زۆر مەترسیدارە.

*** هەروەك دەزانن کە هەرێمی کوردستانیش کێشەی هەیە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی لە بەغدا و مالیکی چەندین قەیرانی بۆ هەرێمی کوردستان دروست کردووە و بەم دواییەش مالیکی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی بڕیوە، ئایا تاچەند ئەمریکا دەتوانێت هاریکاری عێراقیەکان بکات لە چارەسەرکردنی ئەم کێشانەدا؟**

- تەواوی کێشەکە ئەوەیە ئەمریکا دەستڕۆیشتوویەکی کەمی هەیە بەسەر عێراقەوە لە دوای ئەوەی کە کشایەوە، لەبەر ئەوە بە داخەوە لە ئێستادا توانای- ئەمریکا- بۆ دارشتنەوەی ئەوەی لە کوردستان یان ئەنبار یان هەر شوێنێکی دیکە روودەدات، توانایەکی سنوردارە.

**لە ئێستادا توانای ئەمریکا بۆ دارشتنەوەی پرۆسەی سیاسی و چارەسەری کێشەکانی عێراق سنوورداره**

# ململانێی نێوان شیعە و سوننە بۆتە کێشەی ژمارە یەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

■ پرۆفیسۆر مایکڵ گەنتەر
■ تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

**بۆ دە ساڵ دەچێت کە ئەکادیمی و سیاسییەکان هۆشداریان داوە لە دروستبوونی هیلالی ناسەقامگیریی شیعە کە لە بەیروتەوە بۆ تاران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا درێژ دەبێتەوە**

هەر لەوەتەی دروستبوونی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨ەوە، خەریکە بڵێین کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کێشەی عەرەب-ئیسرائیلدا کورت بۆتەوە. پێداگیریی جوولەکەکان بۆ دامەزراندنی نەوا و پەناگەیەکی ئارام دوای ئەوەی لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهان، جیهان خەمساردانە بۆ چارەنوسی خۆیان جێیان هێشتن، ڕووبەڕووی پێداگیریی عەرەب بۆوە بۆ تێکشکاندنی ئەوەی ئەوان پێیان وابوو شێرپەنجەی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایە کە لە ڕێی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە خۆی دەچەسپێنێت.

کاتێك یەزدان هەمان خاك بە دوو گەلی جیاواز دەبەخشێ، ئەوا لە بنەڕەتدا سازشکردن دەبێتە کارێکی سەخت. تەنیا کات بە ڕەوتێکی لەسەرخۆ ئەم کێشەیە کەم دەکاتەوە و ڕەنگە لە کۆتاییدا هەمان شت لە حاڵەتی ئیسرائیلدا ڕووبدات. هەرچۆنێك بێت، پێدەچێت ململانێی شیعە و سوننە کە خەریکە بڵێین ڕێشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ئیسلام بە تێپەڕبوونی کات گەشەی کرد و گەورە بوو و ئێستاش جێی ململانێی ئیسرائیل- فەلەستینی گرتۆتەوە و بۆتە کێشەی ژمارە یەك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دابەشبوودا. چۆن ئەمە ڕوویدا؟

سەرباری هەموو شتێك ئەوە بۆ دە ساڵ دەچێت کە ئەکادیمی و سیاسییەکان هۆشداریان داوە لە دروستبوونی هیلالی ناسەقامگیریی شیعە کە لە بەیروتەوە بۆ تاران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا درێژ دەبێتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٦دا، وەلی نەسر زۆر زیرەکانە ئەم دۆخەی ڕوون کردەوە، ئەویش لە کتێبەکەیدا : هەڵکشانی شیعە: چۆن ناکۆکی نێو ئیسلام دواڕۆژ دادەڕێژێتەوە«The Shia Revival: How Conflicts within Islam Will Shape the Future»

کاتێك دوای هۆشدارییەکەی، ڕاستەوخۆ ناکۆکیی شیعە و سوننە نەهاتەئاراوە، ئەوا ڕۆژئاوا، کە ئێستا ڕاهاتووە لەسەر ئەوەی کردەوەگەلێك ئەنجام بدات، زۆر بە خێرایی ئەم ئاگادارکردنەوەیەی پشتگوێ خست و بە چەواشەکاریی لە قەڵەم دا. وەك یەکێك لە بەرپرسەکانی حکومەتی ئەمەریکا پێی وتم، کاتێك ستایشی نووسینە بەرچاوڕوونکەرەوەکانی ناسرم کرد، هێشتا ناکۆکییەکی لەم شێوەیە ڕووی نەداوە. هەرچۆنێك بێت، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە بە ڕاوێژێکی جیاواز بەڕێوە دەچێت و پتر ئارامگرتووترە لە ڕۆژئاوا، و ئێستاش ناکۆکیی نێوان شیعە و سوننە بەرپا بووە و بە ناوی تێڕوانینی هەر یەکێك لەو گروپانە دەربارەی ئەوەی دەبێت ئوممەی ئیسلامی چۆن بێت بۆتە تەحەددایەکی سەرەتایی بۆ سنوورەکانی دەوڵەتی مۆدێرن.

بۆ نموونە، هەرچەندە فاکتەرگەلێکی زۆر هەن هۆکارن بۆ ئەو شەڕە ناوخۆییەی سوریا کە لە ئارادایە و بۆتەهۆی ئەوەی بەشێکی زۆری ناوچەکە تێوەبگلێت، هەروەها هێزە مەزنەکانیش تێوەبگلێن وەك ئەمەریکا و ڕووسیا، ئەوا دابەشبوونی شیعە و سوننەیە بۆتە پاڵنەر و هۆکاری سەرەکیی پشت ڕووداوەکان و بە شێوەیەکی ڕوو لە زیاد سنوورێکی پڕ لە کەلێنی دروست کردووە، ئەو سنوورانەی کە بڕیارە تورکیا و عێراق و سوریا و لوبنان جیا بکاتەوە، کە سنوری ئەم دەوڵەتانە سنوری دەستکردن و بە هۆی ڕێککەوتنی سایکس-بیکۆوە و لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا کێشراون.

ڕژێمی کەمینەی عەلەویی بەشار ئەسەد، کە لقێکی مەزهەبی شیعەیە، لەلایەن شیعەی ئێران و شیعەی حزبوڵاوە پشتیوانیان دەکرێت، لە کاتێکدا موعارەزەی سووری کە بە ڕاددەیەکی گەورە موعارەزەیەکی سوننەیە، لە گروپە سوننیە جیاوازەکان پێکهاتووە لە نێویاندا ئەوانەی سەر بە ئەلقاعیدەن، هەروەها لەلایەن سعودیە و قەتەر و تورکیاشەوە پاڵپشتی دەکرێن. بە دڵنیاییەوە، کورد کە بەم دواییە توانا و دەسەڵاتیان زیادی کردووە و بەهۆی هەستی ناسیۆنالیستیانەوە لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهاندا لە دەوڵەتی خۆیان بێبەش کران، ئەوانیش پاڵنەر و هۆکارێکن لە پشت ڕووداوەکانەوە. تەنانەت فاکتەری ئیتنیەتی کوردی توخمێکی سوننی گرنگی لە خۆ گرتووە، لە کاتێکدا کە کوردی سوننە لە عێراق و سوریا بەرهەڵستی ڕژێمی عەلەوی ئەسەد( شیعە) دەکەن، ئەمە لە کاتێکدا عێراقی شیعەی تازە دامەزراو پشتیوانیی ئەسەد دەکات.

بە گەڕانەوە و ئاوڕدانەوە بۆ ڕابردوو، ڕەنگە تێکشکاندنی ڕژێمی سوننەی سەددام حوسێن لە عێراق(لە ساڵی ٢٠٠٣) و دامەزراندنی عێراقێك بە حکومڕانی شیعە تاقە گرنگترین هۆکارێك بێت کە بووە هۆی هەڵگیرساندنی ئەو ناکۆکییەی ئێستا لە ئارادایە لە نێوان شیعە و سوننەدا. ئەم ڕووداوە کە بووە هۆی لاوازکردنی زۆرینەی سوننە وای کرد کەمینەی شیعە- کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ترسێنرابوون و بە سووك سەرنجدرابوون- هەڵکشێن بۆ ئەوەی سەرکردایەتی ئیسلام بگرنەدەست، ئەو پرۆسەیەی کە لە ساڵی ١٩٧٩ بە شۆڕشی شیعە لە ئێران دەستی پێکرد.

ئەگەرچی ڕەنگە ڕێژەی سوننە لە سەدا ٨٥ و شیعەکانیش لە سەدا ١٥ی موسڵمانەکانی- جیهانی ئیسلامی- پێکبهێنن، بەڵام ژمارەی شیعە بە نزیکەی هێندەی ژمارەی سوننەیە لەو خاك و ناوچانەی موسڵماناندا کە لە لوبنانەوە درێژدەبنەوە بۆ پاکستان.




**چارەسەرکردنی کێشەکانی بەهاری عەرەبی پێویستیان بەوە هەیە دیموکراسیەتی گەل و دادپەروەری ئابووری بۆ دانیشتوانە هاوبەشە عەرەبەکە دابین بکرێت کە دەستی داوەتە کاردانەوە و پەرچەکرداری سەربازییانەی بەردەوام**

**لە ئێستادا ململانێی تازەبووەوەی شیعە و سوننە بۆتە کێشەی نوێی ژمارە یەک لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا و ڕەنگە زیاتر لە هەر فاکتەرێکی دیکە ببێتە هۆی ڕوونکردنەوەی زۆرێک لە کێشە و شەڕەکانی ناوچەکە**

سەرباری هەمو ئەوەش، شیعە هەندێ لە دەوڵەمەندترین کێڵگە نەوتییەکانی ناوچەکەیان بەدەستەوەیە و هەروەها شیعەش نزیکەی لە سەدا ٨٠ی دانیشتوانی ناوچەی هەستیاری- هەستیار لە ڕووی ئابووری و ستراتیژییەوە- کەنداوی فارسی ( عەرەبی ) پێکدەهێنن و لەم ناوچانەدا نیشتەجێن. هەمو ئەمانە مانایەکی زۆریان نەدەبوو ئەگەر دوژمنایەتییەکی دورودرێژ و درێژخایەن لە نێوان هەردوو گروپە ئیسلامییەکە دژ بە یەکتر نەبووایە.

ئایا هۆکاری ئەم ڕق و ترسەی شیعە و سوننە لە یەکتر بۆچی دەگەڕێتەوە؟ بەلای زۆرێك لە سوننەوە، ڕێزگرتنی قووڵ و پڕ لە حەماسی شیعە بۆ عەلی و کوڕە شەهیدەکەی حوسێن نزیك دەبێت لە هەرتەقە و تەنانەت دەرچوون لە ئایین لەبەر ئەوەی دەبێتەهۆی ڕەتکردنەوەی بیروباوەڕی بنەڕەتی ئیسلام» جگە لە یەزدان هیچ خوایەکی دیکە بوونی نییە و موحەممەدیش پێغەمبەری خوایە.»
لە ڕاستیدا، شیعە یان یاسای تەقلیدی ئیسلامی پاساو بۆ کوشتنی کەسی لە ئایین دەرچوو دەهێننەوە، ئەمە لە کاتێکدا پارێزگاری بۆ غەیرە موسڵمانەکانی وەك مەسیحی یان جوولەکە دەستەبەر دەکەن، ئەوانەی ملکەچی حکومڕانی ئیسلامی دەکەن.

لە لایەکی دیکەوە، تیرِوانینی شیعە بۆ خۆیان وەك قوربانی و شەهیدێکی هەمیشەیی کە هەر لە سەرەتای ڕۆژگاری ئیسلامەوە سەرکوتکراون و دووچای کوشت و بڕ هاتوونەتەوە، ئەویش کاتێك عەلی زاوای موحەممەد و چوارەم خەلیفەی موسڵمانان، ئیغتیال کرا و دواتر کوڕەکەی- حوسێن- لەلایەن خەلیفەی سوننەوە لە شەڕی کەربەلادا و لە ساڵی ٦٨٠دا شەهید کرا. کاتێك شەڕی ناوخۆی سیاسی بەهۆی ڕەهەندێکی ئاینی بەهێزەوە ئاڵۆزتر بوو، ئەوا خەریکە بڵێین لێبووردەیی بۆتە شتێکی مەحاڵ. لە ڕاستیدا و بە تێپەڕبوونی چەند سەدەیەك لە مێژووی ئیسلامی، جیاوازیەکانی نێوان شیعە و سوننە نەك هەر تەنها بوونە جیاوازیگەلێکی تیولۆجی، بەڵکو بوونە جیاوازیگەلێکی سیاسی و تەنانەت کەلتوری و ئەنترۆپۆلۆجیش.

بە دڵنیاییەوە، ئەمە بەو مانایە نییە کوردەکان- کە بەم دواییە دەسەڵات و توانایان بەدەست هێناوە- نەبونەتە فاکتەرێکی سەرەکی دیکە لە هاوکێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. تێکشکاندنی سەددام حوسێن لە لایەن ئەمەریکاوە دەرفەتی بۆ کوردی عێراق دروست کرد بۆ ئەوەی بە فیعلی سەربەخۆ بن وەك هەرێمی کوردستان، کە لەشێوەی یەکەم دەوڵەتی کوردییە لە ڕۆژگاری هاوچەرخدا و مۆدێلێکی بەهێزە بۆ کوردی دیکە لە تورکیا و سوریا و تەنانەت ئێرانیش.

هەستێکی ناسیۆنالیستی کوردی هەیە کە هەستێکی نوێ و بەهێزە و پتر بەهێز بووە بەهۆی دوژمنەکانی چوار دەورەوە لە تورکیا و عێراق و ئێران و سوریا، کە چیتر ئەم وڵاتانە بە چەشنی ڕابردوو یەکگرتوو و یەکڕیز نین بۆ بەرهەڵستیکردنی ئەم -هەستە-. لە ڕاستیدا، حاڵی حازر هاوپەیمانییەکی فیعلی هەیە لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا کە پێداویستیی تورکیا بۆ نەوتی کورد پاڵنەری ئەم هاوپەیمانێتییە، هەروەها ڕایەڵی سوننی هاوبەشی نێوان تورکیا و کورد دژ بە عێراقی ئێستا کە شیعە بەسەریدا باڵادەستن، زەمینەی ئەم هاوپەیمانێتییەی ئاسان کردووە.

هەموو ئەوانە بۆ ئەوە نییە بڵێین نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگییەکی بەردەوامی نییە و ئەو ململانێیانەی لێی دەکەوێتەوە نادیدە بگرین. سەرباری ئەوەش، چارەسەرکردنی کێشەکانی بەهاری عەرەبی پێویستیان بەوە هەیە دیموکراسیەتی گەل و دادپەروەری ئابووری بۆ دانیشتوانە هاوبەشە عەرەبەکە دابین بکرێت کە دەستی داوەتە کاردانەوە و پەرچەکرداری سەربازییانەی بەردەوام لە دەوڵەتگەلێکی وەك میسردا، ئەمە لە کاتێکدا پشێوی باڵی بەسەر لیبیای دوای ڕووخانی قەزافیدا کێشاوە. بەرنامەی ئەتۆمی ئێران و ئەو ترسەی لە ڕۆژئاوا دروستی دەکات، هەروەها ناسەقامگیریی کتو پڕ لە تورکیا، سەرەتا بەهۆی خۆپیشاندانەکانی جیزەوە لە حوزەیرانی ڕابردوودا و ئێستاش بەهۆی تۆمەتەکانی گەندەڵی دژی حکومەتی ئاك پارتی بە سەرۆکایەتیی ئەردۆغان کە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٢ەوە لە دەسەڵاتدایە، بۆتە هۆی ئەوەی کێشەی پتر بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بێت.

لە کۆتاییدا کێشەی تیرۆریزمی ئەلقاعیدە هەیە- هێشتا زۆر دوورە لەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر ببێت، تەنانەت دوای مردنی ئوسامە بن لادنیش- کە بە شێوەیەکی کتوپڕ لە عێراقدا و زیاتریش لە سوریادا بڵاو بۆوە و تەشەنەی کرد. سەرەڕای هەموو ئەم کێشە گەورانە و ئەو ململانێیانەی لەم کێشانە دروست دەبن و دەکەونەوە، ڕوونە کە لە ئێستادا ململانێی تازەبووەوەی شیعە و سوننە بۆتە کێشەی نوێی ژمارە یەك لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا و ڕەنگە زیاتر لە هەر فاکتەرێکی دیکە ببێتە هۆی ڕوونکردنەوەی زۆرێك لە کێشە و شەڕەکانی ناوچەکە. ئەم پەرەسەندنە بوار دەدات کە ئیسرائیل تا ڕاددەیەکی دیاریکراو پشوویەك بدات لەو زۆنگاوە بێ کۆتاییەی کە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خولقاندوویەتی، ئەگەرچی ئەمە پێویستی بە وەڵامدانەوە و تێڕوانینی نوێش هەیە.



لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکانی تورکیادا

# کورد ڕێژەی ٦٪ دەشکێنێ بەڵام بەرەو ژوور!

چاودێرێک



که ئەم وتارە دەنووسم، ئەمڕۆ بانگەشە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانی و شارەداران لە تورکیا دەوەستێ. لەم هەڵبژاردنەدا، زێتر لە ٥٢ ملیۆن هاووڵاتی مافی دەنگدانیان هەیە و ٢٦ حزب و لایەنی سیاسی لە تەواوی تورکیا بە باکووری کوردستانیشەوە کێبەرکێ دەکەن. راستە ئەم هەڵبژاردنە لۆکاڵییەو رەنگدانەوەی سیاسییەکەی وەك هەڵبژاردنی گشتیی بۆ «ئەنجوومەنی گەورەی میللی» نییە، بەڵام بۆ خۆی پرۆڤەیەکە بە پلەی یەکەم بۆ حزبی دادو گەشەپێدان AKP (حزبی حوکمڕان) و سەرکوەزیران رەجەب تەیب ئەردۆگان خۆی. واتە ئەو حزبە لە خۆی دەگا کە داخوا دوای کێشەو بێشەکانی لەگەڵ جەماعەتی (خدمەت)ی فەتحوڵلا گولەن و پرسی گەندەڵیی بەرپرسان و ئەو تۆمارە دەنگیانەی لێرەو لەوێ دزە دەکەن و گرفتەکانی بەردەم ئازادیی رادەربڕین و شتی دیکە، بە بەراورد بە هەڵبژاردنی پێشوو، رێژەی پشتیوانی لەو حزبە بە کوێ دەگا؟ داخوا بەرەو سەر هەڵدەکشێ و دواتر لە هەڵبژاردنی گشتیدا ئەو دەنگە دێنێ کە زۆرینە بهێنێ و دەستووری پێ هەموار بکاتەوە رێگە بۆ هەڵبژاردنی راستەوخۆی ئەردۆگان بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار بکاتەوە، یان رێژەکەی دادەبەزێ و ئەو حزبە ناچار دەکا بە خۆی و سیاسەتەکانی دابچێتەوە لە دەرگەی ئەم حزب و ئەو حزب بدات، یان کاکەبرالەیەکی ناوخۆیی بکات، واتە لەناو کۆنەپارێزان خۆیاندا بە جەماعەتیشەوە.. بە مەزندەی خۆم و هەندەی من سەرنجم دابێ، ئەو حزبە بە شێمانەی زۆرەوە، رێژەی دەنگەکانی لەسەر ئاستی تورکیا دادەبەزێ و هەندێ شارەوانی بەتایبەتی لە کوردستانی باکوور لەدەست دەدات...بەڵام هێشتا وەکو حزبی یەکەم و لەپێشەوە دەمێنێتەوە...

هەرچی هەردوو حزبە سەرەکییەکەی ئۆپۆزیسیۆن-ن، ئەوا چ جەهەبە CHP و چ مەهەپە MHP لەو کێشەو بێشانەی بەرەو رووی AKP بوونەتەوە، قازانجێك دەکەن. رەنگە بەشێکی ئەو دەنگانەی AKP لە دەستی دەدا، بۆ ئەو دوو حزبەی ئۆپۆزیسیۆن بچێ. لەو بارەدا ئەردۆگان ئەو بێ منەتییەی جارانی لەو دوو حزبە نامێنێ و ناچار بە مانۆڕ، یان نزیکبوونەوەی زێتر لە کورد دەبێ بۆ راگرتنی پارسەنگ و سیاسەتکردن لە ئایندەو هێشتنەوەی جڵەو لەدەستە خۆیدا...

ئەوەی کە زێتر لێرەدا من دەمەوێ قسەی زێتری لەسەر بکەم، باکووری کوردستانە. بەقسان بێ کورد نزیکەی ٢٠٪ی دانیشتوانی تورکیا دەبێ، بەڵام نوێنەرانی کورد لە بەدەستهێنانی ٦٪یان تێنەپەڕاندووە! راستە بەشێکی بەرچاوی ئەو رێژەیەی کورد لە میترۆپۆڵەکانی تورکیا وەك ئەستەنبوڵ نیشتەجێن، بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ سیاسەتی توانەوەو پەرتەپێکردن کاری خۆیان کردووە و دەنگی کورد بۆ حزبەکانی دی چووە. لەگەڵ ئەوەشدا، شاراوە نییە لەناو کورداندا بزاڤێکی میللیی خۆناسینی پتەو و خورتی نەتەوەیی هاتۆتە ئاراوەو تا ئێستا کێرڤەکەی بەرەو سەر بووە. ئەو بزاڤە بە خورە لە سایەی هەلومەرج و کاودانی ئاگربڕو وتووێژو کرانەوەو هەلومەرجی هەرێمایەتیدا، بەتایبەتی لەم دوو ساڵەی دواییدا بەرچاوتر، گەلێریتر و بەرچاوروونتر بووە...هەر بۆ نموونە بەراوردی نەورۆزی ٢٠١٤ بە ٢٠١٣ لە دیاربەکر (ئامەد) و شارەکانی تر ئاماژەیەکە و ئەم داوەرییە پشتڕاست دەکاتەوە. لەلایەکی ترەوە، بەکردەوە دەرکەوتووە ئەوە حزبی ئاشتی و دیموکراتیی BDP یە وەکو حزبێکی سیاسیی پەرلەمەنتاری، کە نوێنەرایەتیی شەقامی کوردی دەکا لە تورکیا و داخوازییە نەتەوەییەکانیان گەڵاڵە دەکات و سیاسەتێکی مەدەنیی کارا و ئەکتیڤ پێڕەو دەکات و دەیخاتەوە ناو سەرجەم چین و توێژەکانی میللەتەوە

**لەناو کورداندا بزاڤێکی میللیی خۆناسینی پتەو و خورتی نەتەوەیی هاتۆتە ئاراوەو تا ئێستا کێرڤەکەی بەرەو سەر بووە. ئەو بزاڤە بە خورە لە سایەی هەلومەرج و کاودانی ئاگربڕو وتووێژو کرانەوەو هەلومەرجی هەرێمایەتیدا، بەتایبەتی لەم دوو ساڵەی دواییدا بەرچاوتر، گەلێریتر و بەرچاوروونتر بووە**

**سەرانی BDP بە خەڵکەکەی خۆیان دەڵێن: «ئەو هەڵبژاردنە ریفراندۆمە بۆ خۆبەڕێوەبەری» یان لە کۆڕو کۆبوونەوە لەگەڵ خەڵکدا پێیان یەژن: «ئێمە داوای دەنگ لە خۆمان ناکەین» یان «دەبێ شارەوانییەکانی ئامەد و روحا و وان و ماردین ببەینەوە»**

بەتایبەتی گەنجان و ئافرەتان. سەیر کەن سەرانی ئەو حزبە بە خەڵکەکەی خۆیان دەڵێن: «ئەو هەڵبژاردنە ریفراندۆمە بۆ خۆبەڕێوەبەری» یان لە کۆڕو کۆبوونەوە لەگەڵ خەڵکدا پێیان یەژن: «ئێمە داوای دەنگ لە خۆمان ناکەین» یان «دەبێ شارەوانییەکانی ئامەد و روحا و وان و ماردین ببەینەوە» . ئەوە لەکاتێکدایە کە ئەو حزبە کەسە هەرە نەترس و بە نفووز و کاریگەرو میللییەکانی خۆی بۆ پۆستەکان کاندیدکردووە لە گولتەن کاشناك و لەیلا زاناوە بگرە تا عوسمان بایدەمیر (لە روحا). دیارە کێشەو گرفتەکانی AKPیش لە تورکیا بە قازانجی BDP لە ناوچە کوردنشینەکاندا شکاونەتەوە. ئاخر لە زۆربەی ناوچە کوردنشینەکاندا، نەك لە هەموویان، کێبەڕکێی توند لەسەر راکێشانی جەماوەر لەنێوان AKP و BDP دا بووەو تەنانەت زۆر جاران سەرکردەکانی AKP گوتویانە: BDP نوێنەرایەتی کورد ناکات. بەو مانایەی کە ئەوانیش بەشێکی بەرچاوی کوردیان لەتەکدایە و دەنگیان بۆ داوە. دەنا حزبە تورکییەکانی دیکەی وەك CHP و MHP لە هەندێ ناوچەدا نەبێ، نفووزێکیان لەناو کوردانی تورکیادا نەماوە و بوونەتە حزبی تورکان. ئەگەر کێرڤی AKP لە ناوچە کوردنشینەکاندا، بەتایبەتی لەو شارەوانییانەی بەدەست AKP بوون، سەر بەرەو ژێر ببێ، ئەوا بێشك جێگەیان بە کاندیدەکانی BDP پڕ دەکرێنەوە نەك حزبەکانی دی. راستە لە دەرسیم و قارس و هەندێ ناوچەی تردا، CHP یان MHP نفووزیان هەیە و لەپێش BDP و AKPیەوەن، بەڵام بەدەپەییەکان لە هەوڵێکی سەخت دان بۆ بەلاداخستنەوەی ئەو جێگایانەش بەتایبەتی لە دەرسیم...ئەوەی جێگەی داخە، کەم و کاسی لەهەر لایەك و لەبەر هەر هۆیەك بێ، هێشتا بەرەی کورد یەکگرتوو و پتەو نییە. مەبەستی من ئەوەیە کە هەموو حزبەکانی کورد بە گەورەو بچوکیانەوە لەسەر یەك پلاتفۆرمی نەتەوەیی و بەیەك نەخشەو پلان لەم هەڵبژاردنە نەهاتوونەتە مەیدان. راستە حزبەکانی تری باکووری کوردستان، لە رووی نفووزو پێگەوە زۆر لە پاش BDPوەن، بەڵام کارکردن بەیەك ئاقاردا، لە رووی مەعنەوییەوە کێرڤی کوردان بەرەو سەرتر دەبا... هەق بوو، BDP وەکو حزبی هەرە مەزن زێتر بسازایەو باڵی قۆڵتر بایە لە لایەنەکانی ترو، خەڵکی سەربەخۆ و خودان تەوەجهو ئاراستەی سیاسیی جیاوازی لەخۆ نزیك کردبایەوە وەك چۆن بۆ هەڵبژاردنی گشتی (پەرلەمانی تورکیا) وایکردو باوەشی بۆ چەند کەسێکی سەربەخۆی وەك (لەیلا زاناو ئالتان تان و شەرەفەدین ئاڵچی) و هیدیکە کردەوەو سەرکەوتن و دەرچوون...لەهەمان کاتدا دیار نییە، تاکتیکی دامەزراندنی حزبێکی وەك HDP کە لە ناوچە تورکنشینەکان بەتایبەتی لە ئەستەنبۆڵ، کاندیدی کوردو تورك پێکەوە خۆیان بەناوی ئەو حزبە پاڵاوتووە، چەند سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ؟ ئەگەر لە چەند جێگەیەك ببەنەوە و دەنگێکی بەرچاو بهێنن، ئەوا دەکرێ کاری زێتر لەسەر ئەو ئاراستە دیموکراتییەی ناو تورکیا بکرێ. چونکە بمانەوێ یان نا، لەم چەند ساڵانەی دواییدا، گۆڕان بەسەر رای گشتیدا دەرهەق بە کوردو چارەسەرکردنی پرسی کورد بەشێوەی ئاشتی و دیموکراتانە داهاتووەو بیرکردنەوە لە (کۆنتراکتێکی نوێی کۆمەڵایەتی و سیاسی) بە تەوژمتر بووە.. بەلای منەوە، هۆکارێکی تری بێداربوونەوەی نەتەوەیی کورد لە تورکیا، دامەزران و مانەوەو بەرەوپێشەوەچوونی خۆبەڕێوەبەریی هەرێمی کوردستان (کوردستانی باشوور)ە کە لەم ساڵانەی دواییدا ئەو تێکەڵاوییە ئابووری و کەلتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەی لەنێوان هەردوو بەری باکوورو باشووردا هەیە، بەرچاو بووەو کاریگەریی پۆزەتیڤی لەسەر ئاراستەی نەتەوەیی و پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا هەبووە. هەروا دامەزرانی کانتۆنەکانی کوردستانی رۆژئاوا بە هەموو تێبینی و کەموکورتییەکانیان و ناڕوونیی ئاسۆی سەرکەوتنیان، دیسان هۆکارێکی دنەدەرە بۆ کورد لە تورکیا کە لەو هەڵبژاردنە لۆکاڵییەدا، لە ناوچە زۆرینە کوردنشینەکاندا بەمەبەستی خۆبەڕێوەبەری، شارەوانییەکان بباتەوە. ئەگەر کورد سەرکەوتنێکی رێژەیی بەدەستبهێنێ و ببتە زۆرینە لە ناوچە کوردنشینە سەرەکییەکاندا ئەوا ساغ دەبێتەوە هەم بۆ ناوخۆی تورکیا و هەم بۆ جیهانی دەرەکی کە کورد لەگەڵ خۆ بەڕێوەبەری دایە و وردە وردە ئەو ئەگەرە کردەنی و رێتێچووەش بۆ کورد بە گشتی دەکرێتەوە کە ئەو جۆرە خۆبەڕێوەبەرییە دیموکراتییانە کە سەردەستەیان خۆبەڕێوەبەریی هەرێمی کوردستانی باشوورە، هەم لە لایەکەوە پێش بکەون و هەم بەشێکی ئاواتە لە مێژینەکانی کورد وەدی بێنین و هەم ئەو ترسەش لەلایەن دەوڵەت و نەتەوەی سەردەستەوە بڕەوێننەوە یان کەم بکەنەوە کە کورد جیاخوازو مەترسی نین بۆ سەر تەناهیی نەتەوەیی ئەو وڵاتانە....واتە ئەگەر کورد بەبێ دەوڵەت دروستکردن، بە مافەکانی خۆی وەکو نەتەوە شادببێ و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا وەکو نەتەوە تەکامول بکا (مەبەستم کوردی پارچەکان لەگەڵ یەکتردا)، سنوور ئەو ماناو پیرۆزییەی جارانی نەمێنێ و دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ خۆی نابێتە مەبەست و ئامانج و لە دوور مەودادا خزمەت بە ئاشتی و تەناهی ناوچەکەو پرۆسەی دیموکراتی و پرۆسەی رۆژهەڵاتی ناوین دەکا....

دواجار، راستە پرۆسەی هەڵبژاردن لە تورکیا و ئەمدەست و ئەودەستکردنی دەسەڵات، مێژوویێکی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە مەترسیی دەستکاریکردن و تەزویر و فشارو بەلا رێ بردن لە ئارادایەو ناکرێ چاوەڕوانی هەڵبژاردنێکی تەواو بێگەردو پاك بین...لەتەك ئەوەشدا، با ببینین....چ لە خەرمان هەڵدەگرینەوە!

٢٠١٤/٣/٢٩

دامەزران و مانەوەو بەرەوپێشەوەچوونی خۆبەڕێوەبەریی هەرێمی کوردستان (کوردستانی باشوور)ە کە لەم ساڵانەی دواییدا ئەو تێکەڵاوییە ئابووری و کەلتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەی لەنێوان هەردوو بەری باکوورو باشووردا هەیە، بەرچاو بووەو کاریگەریی پۆزەتیڤی لەسەر ئاراستەی نەتەوەیی و پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا هەبووە

ئەگەر کورد بەبێ دەوڵەت دروستکردن، بە مافەکانی خۆی وەکو نەتەوە شادبێ و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا وەکو نەتەوە تەکامول بکا (مەبەستم کوردی پارچەکان لەگەڵ یەکتردا)، سنوور ئەو ماناو پیرۆزییەی جارانی نەمێنێ

# عێراق هەر قفڵە نابێت بە کلیل

سالی پار جارێکیان گۆڤاری (فۆرن پۆلیسی)ئەمریکی نووسیبووی:
(عێراق دەتوانێت ببێتە کلیل بۆ خراپترین ململانێکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام بەو مەرجەی:
یەکەم: سەرکەوتوو بێت لەرێکخستنەوەی کاروباری نێومالی خۆی.
دووەم: پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانیی بەئەنجام بگەیەنێت.
سێیەم: ئەو سیاسەتی پەراوێزخستنەی ئەوانی دی وەلا بنێت، کە نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق پەیرەوی دەکات).

بەڵام بۆ هەموو چاودێرێکی سیاسیی دیارە کە عێراق لەماوەی یازدە ساڵی رابووردوودا نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێت لەرێکخستنەوەی کاروباری نێومالی خۆی و، نەشیتوانیوە لەسەر زەمین و لەواقیعدا پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانیی بەئەنجام بگەیەنێت، بەردەوامیش درێژە دەدات بە سیاسەتی پەراوێزختنی ئەوانی دی کەلەلایەن خودی سەرۆك وەزیرانی عێراقەوە پەیرەوی دەکرێت.

کەواتە کاتێك ئەو سێ مەرجەی بوون بە(کلیل) نایەتەدی، ئەوا دیارە کەمەرجەکانی بوون بە(قفڵ ) هاتۆتە دی، ئەمەش لەکاتێکدا کە ئەمریکا بەئومێدی ئەوەبوو عێراقی دوای سەددام، عێراقی زیندووکردنەوەی (پەیماننامەی بەغدا )بێت کە لەساڵی (١٩٥٥)دا بەپێشنیازی ئەمریکا هاتە ئاراوەو، کە ئەمریکا ئەوکات بەریتانیای لەجێگەی خۆی خستە نێو پەیماننامەکەوە لەگەڵ وڵاتانی عێراق و تورکیاو ئێران و پاکستاندا، کەچی ئێستاو لەدوای تێپەڕبوونی یازدە ساڵ بەسەر پرۆسەی رووخاندنی رژێمی سەددام و، هاتنە ئارای عێراقی نوێ، ئەم عێراقەی ئێستا ساڵانە بەپلەی دووەم و سێیەم دێت لەسەر ئاستی جیهاندا لە خراپترین شوێنێك بۆ ژیان و لەگەندەڵیی و لە لەسێدارەدانی مرۆڤدا، بۆیە ئێستا لەهەموو کات زیاترو، بەپێی هەر چوار کردە ماتماتیکییەکە کە (لێکدان) و (لێدەرکردن) و (کۆکردنەوە)و (دابەشکردن)ـە، پرۆسەی دابەشکردنی عێراق بۆ سێ یان زیاتر لە هەرێمی فیدراڵ یان کۆنفیدراڵ یان دەوڵەتی جودا، بەردەوامە بەهەنگاوی هێمن بەڵام بە شێوازی توند.

بۆیە کاتێك ئەم پێکدادان و (لێکدان)ـانەی ئێستا بەردەوام دەبێت، بۆ دەرکردن و(لێدەرکردن)ی کەمینەی شیعە لەهەر شوێنێکی عێراق و، گەڕانەوەیان بەرەو ناوەڕاست وباشوورو، هەڵاتن یان گەڕانەوەی کەمینەی سوننەش بۆ رۆژئاوای عێراق و، هەڵاتن و گەڕانەوەی کەمینەی کوردیش لەباشوورو ناوەڕاستی عێراقەوە بەرەو کوردستان. بەم شێوەیەش دوای تەوابوونی (لێکدان) و (لێدەرکردن)ـەکە، دواتر هەر پێکهاتەیەك لەناوچەکانی خۆیاندا (کۆدەبنەوە)و، سەرئەنجام (دابەشکردن)ی عێراق دەبێتە داوای پێکهاتەکان خۆیان نەك (بایدن)!!

ئەمرۆ ئەم شەڕی هەمووان لەدژی هەموانە ئەو راستییە دەسەلمێنێت کە کەلتووری دیموکراسیی بەئاسانیی لەخاکێکی وشکی وەك عێراقدا ناڕوێت و، وابەخێرایش نایەتە بەرهەم.

بۆیە هەرچەندە لەمێژە لەم عێراقەدا دەویسترێت پیاوی دەوڵەت بێتە پێش و، دەسەڵاتەکان بەدامەزراوەیی بکرێن، کەچی هەموو جارێك هێدی هێدی تاکڕەویی دێتەوە مەیدان و، مەرکەزییەت و ناوەندێتی توند جێگە بەلامەرکەزییەت و فیدراڵیی لێژ دەکات و، پیاوی دەوڵەت ون دەبێت و، دەوڵەتیش لەبازنە گەورەکانەوە بەرە بەرە بچووك دەبێتەوەو، دەسەڵاتی دامەزراوەکانیش لای یەك کەس کۆدەبنەوەو، دەوڵەتی پیاوەکە سەرهەڵدەداتەوە.

ئەمرۆش کە دەسەڵات لای زۆرینەی شیعەیە، بەرێگەی هاوپەیمانیی نیشتمانییەوە گەیشتۆتە لای دەوڵەتی یاساو، لەوێشەوە بۆ لای کەسی سەرۆك وەزیران، ئیدی لێرەوە مانایەك بۆ حکومەتی شەراکەت نەماوە، کاتێك شەریکەکان هیچ رۆڵێکیان نەبێت، بۆیە نابێت ئەمریکای سەرپەرشتیاری پرۆسەی سیاسیی لەوە زیاترو تاسەر خۆی دوورە پەرێز بگرێت لەڕووداوەکانی عێراق، بەتایبەت ئێستا لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکەش جۆرێك لەبێئومێدیی لەڕۆڵی ئەمریکا هەیەو، بیرمەندانێك دەڵێن: بەجۆرێك کاری خۆتان بکەن وابزانن کەئەمریکا بوونی نییەو، هەندێکی دیکەش دەڵێن ئەمریکای ئۆباما مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعەدا دەکات کەخۆت دروستی دەکەیت، نەك واقیعێکی نوێت بۆ دروست بکات، رەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێت کە هەر سێ پێکهاتەکەی عێراق هەوڵ دەدەن خۆیان کاری خۆیان بەدەستی خۆیان ئەنجام بدەن و، چاوەڕێی ئەمریکا نەکەن، ئەگەر ئەمەش بەردەوام بێت، ئەوا ژمارەی بانگخوازان بۆئەگەری دابەشکردنی عێراق رۆژ لەدوای رۆژ لەزیادبووندا دەبێت.



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

# لە بیست وشەشەمین ساڵیادی جینۆسایدەکەی رژێمی بەعس لە هەڵەبجەو هەرێمی کوردستان


کازم حەبیب

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

کاتێ تاوانی کوشتنی ملیۆنێك ئەرمەنی لە ساڵی ١٩١٥ لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە لە سەروبەندی یەکەمین جەنگی جیهانی بە بیرو هزرێکی رەگەزپەرستانەو ئایینییەوە روویدا، ئەوکات دەگوترا کە گەل و حکومەتەکان وانەیەکیان لێوەرگرت و ئەو تاوانەش دووبارە نابێتەوە، کاتێکیش تاوانی هۆلۆکۆست لەلایەن رژێمی هیتلەرەوە لەسەروبەندی دووەمین جەنگی جیهانییەوە بە هزرێکی رەگەزپەرستانە دژی جوولەکەکانی ئەورووپاو خەڵکانی دیکە روویدا، هەر ئەو کاتە دەگوترا گەل و حکومەتەکان پەندو عیبرەتی زۆریان لێ وەرگرتووەو ئەم تاوانانە دووبارە نابنەوە، هەروەها کاتێکیش تاوانی فرێدانە خوارەوەی بۆمبی ئەتۆمی بەسەر هیرۆشیماو ناگازاکیی لەلایەن ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکاوە لە کۆتایی دووەمین جەنگی جیهانی روویدا، دەگوترا ئەمە تاوانێکی دڕندانەیەو پێویستە بەکارهێنانی ئەم چەکە کۆکوژو وێرانکەرانە یاساغ بکرێن، گەلانیش رووبەڕوویان دەبنەوەو حکومەتەکانیش چی دیکە پەنای بۆ نەبەن، هەروەها کاتێکیش تاوانی سەبراو شاتێلا لەلایەن ئیسرائیلەوە لە بەیروت روویدا دیسان دەگوترا ئەم جۆرە تاوانە لەهیچ شوێنێکی جیهان دووبارە نابێتەوە، کاتێك کۆمەڵکوژیەکەی هەڵەبجەی کوردستان بە چەکی کیمیاوی لە چوارچێوەی هەڵمەتەکانی ئەنفال روویدا، کە بە قێزەوەنترین تاوانی جینۆسایید و دژ بە مرۆڤایەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دەژمێردرێت و لەلایەن رژێمی بەعسەوە ئەنجامدراو زیاتر لە ٥٠٠٠ شەهیدو زیاتر لەو ژمارەیەی بریندارى لێکەوتەوە، هەتا قەبارەی قوربانییەکانی ئەنفال کە لە ساڵی ١٩٨٨ بەسەر گەلی کورددا هات گەیشتە ١٨٢ هەزار هاووڵاتی لە کوردستانی عێراق، تا لەوکاتەدا جیهان بێ دەنگیی لێکرد، هەموو جیهان کەڕو لاڵ و کوێر بوون لە ئاست ئەو تاوانە گەورەیەدا، ئەمە وێڕای ئاوارەبوونی زیاتر لە دوو ملیۆن کورد لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ تورکیا و ئێران بەمەبەستی رزگاربوون لە ستەمی هێزەکانی رژێم دوای راپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١.

ئەم تاوانە بە دڕندەترین تاوانی نامرۆیی لەقەڵەم دەدرێت کە تووڕەیی گەلی کوردی بەرامبەر بێ دەنگیی جیهانی بەدوای خۆیدا هێنا، تەنانەت هەندێ لە سیاسەتمەدارانی ئەو کاتەی ئەمریکا هەوڵیاندا تۆمەتی ئەنجامدانی ئەم تاوانە بخەنە ئەستۆی ئێرانەوە، کە بەدڵنیاییەوە دەیانزانی ئەمە وا نییە، بۆیە ئەمە خۆی لەخۆیدا گوزارشتە لە هەڵپەرستیی ئەو دەوڵەتانەی کە بەرژەوەندیی تەسکی خۆیان لا مەبەستە، بەم شێوەیە دەیانەوێت ویستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زەوت بکەن.

بەڵام دەنگێکی کەم نەبێت کە هەوڵیاندا تاوانی هەڵەبجەو هەڵمەتەکانی ئەنفال پرۆتستۆ بکەن، کەچی عەرەب و زۆربەی دەوڵەتانی عەرەبی زیاتر گوێیان لە ئاست ئەو تاوانانە کەڕ کردو زمانیان لاڵ بوو کە لە ماوەی نێوان شوبات و تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٨ لە هەرێمی کوردستان روویدا.

ئەمڕۆ کاتێ ٢٦ ساڵ بەسەر ئەم تاوانانە رەت دەبێت، دەپرسین ئایا گەلان و حکومەتەکانی عەرەبی بە تایبەتیش عێراق وحکومەتە فیدرالییەکەی پەندیان لەو تاوانانەو فاکتەرەکانی روودانیان وەرگرتووە؟

هەموو بەڵگەکان کە لەژێر دەستمدان ئاماژە بەوە دەکەن کە حکومەتەکانی عەرەبی پەندیان لێوەرنەگرتووە، هەروەها گەلەکانیشیان چونکە بەرەنگاری حکومەتکانیان نابنەوە کە کوشتوبڕیان بەرامبەر دەکات، نموونەش بۆ ئەمە زۆرە، چ لە سوریا یان لە سودان یاخود لە لیبیاو جەزائیرو لوبنان، یانیش لە ئاست سیاسەتەکانی ئیسرائیل بەرامبەر گەلی فەلەستین، لە هەمووی قێزەوەترینیان ئەوەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پەندی لەو تاوانانە وەرنەگرتووەو هەرگییز

هەوڵی نەداوە سنوورێك بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانانە دەرحەق گەلەكانیان دابنێت.

پرسیارە جەوهەری و سەرەكییەكەش كە لە ساڵیادی بیست و شەش ساڵەی تاوانی هەڵەبجەو ئەنفال لە مێشكمدا پەنگ دەخواتەوە بریتییە لە: بۆچی تاوانی هەڵەبجەو ئەنفال دژی گەلی كوردی كوردستانی عێراق ئەنجامدرا؟ ئایا بە شێوەیەكی دیكە دووبارە دەبێتەوە؟ ئایا دەستەوەستان دەبین و بێدەنگیی دەنوێنین لەبەردەم پەرەسەندنی رووداوەكان كە بەهەمان دوژمنكاریی رووبەڕوومان دەبێتەوە؟

حزبی بەعس و رژێمە دیكتاتۆریەتەكەی ئەم تاوانە قێزەونانەیان لەژێر كاریگەریی چەندین فاكتەری دیاریكراو ئەنجامداوە:

١- هزری رەگەزپەرستی كە حزبی بەعس هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە لە ١٩٤٧ و ١٩٤٨ لە لوبنان و سوریا پێوەی پابەندبووە بەمەبەستی تواندنەوەی گەلانی ناوچەكە، ئامانجیشی ئەوە بووە كە گەلانی دیكەی غەیرە عەرەب كۆچ پێبكات یان زیندانیان بكات و لەناویان بەرێت.

٢- هزری فاشیانەی بەعس بە گرتنەبەری توندوتیژی بۆ سەپاندنی ئیرادەی ئایدیایی و سیاسی و كلتووریی و كۆمەڵایەتیی بەعسی بەسەر كۆمەڵگادا، واتا نابێت لە ناوچەكەدا لە یەك حزبی سیاسیی زیاتر هەبێت، هەتا ئەگەر حزبێكی دیكەش لەژێر هەر هەلومەرجەێكی دیاریكراودا دان بە نەتەوەیەك یان بە ئایدیاو حزبێكی دیكەدا بنێت.

٣- سەپاندنی رەهای هزریی و سیاسی بەسەر كۆمەڵگاو ئابووری و رۆشنبیری و ژیانی گشتیدا.

٤- ئەو دەسەڵاتە سەربازییەی كە بیری لێدەكردەوە، هێزو ماف دووڕووی یەك دراوبوون و دەبێ كۆمەڵگە بەسەربازیی بكرێت، ئەوەی حزب و رژێمی بەعس دەیەوێت مافە، كە دەرئەنجام بە زەبری هێز وەردەگیرێت.

٥- حزبی بەعس و رژێمە سیاسییەكەی بڕوایان بە رۆڵی رەهای سەركردە هەیە، سەركردەی پێویستی، كاتێ فەرمان دەكات دەبێت گوێڕایەڵی بن و نابێت بڕیارەكانی رەت بكرێنەوە، قسەكانیشی دەبنە یاسا و پێوەی پابەنددەبن.

٦- ئەو پێكهاتە هزری و سیاسی و رێكخستنە لە عێراقی بەعسی سەدامدا مانای وابوو كە مافی مرۆڤ و نەتەوەكان حسابی بۆ نەكراوە، بەڵكو عێراق لە (زاخۆوە تاكو بەسرە)عەرەبە، وێڕای ئەمە حزب و رژێم هەر لە خۆ فراوانكردن و دوژمنكاریدا بوون.

ئەو دیدە هزرییە شۆڤینییەی حزبی بەعس و رژێمە سیاسییەكەی رووبەڕووی دیدی تازە و پەیڕەوی سیاسیی گەلانی دیكە و حزبی سیاسیی دیكە بووەوە، هەروەها راستەوخۆ رووبەڕووی ویستی گەلی كورد و حزبە سیاسییەكان و مافە نەتەوەییەكان بووەوە لە هەرێمی كوردستانی عێراق، كاتێ لە ساڵی ١٩٧٠ لە رێككەوتننامەی ١١ی ئاداردا دانی بە ئۆتۆنۆمیی گەلی كورددا نا لەژێر واقعی هەلومەرجی سەخت كە نەیتوانی بەم رێگەیە رژێمەكەی رزگاربكات مەگەر بە سازشی كاتی و مانۆڕو پیلان نەبێت، تا دەرفەتی بۆ هەڵكەوت بە هەڵوەشاندنەوەی رێككەوتننامەكەو مۆركردنی رێكەوتنێكی خیانەتكاریی لەگەڵ شای ئێراندا لە میانی رێككەوتننامەی ئەلجەزائیری ساڵی ١٩٧٥ كە بەمەش هەلی بۆ رەخسا بە شێوەیەكی كاتی گورز لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی چەكداریی كورد بوەشێنێت، بەڵام ئەوەندەی نەبرد بە هێزێكی گەورەترو فرەیی خەبات دژی دیكتاتۆریەتی فاشیزم هاتەوە گۆڕەپانی خەبات و تێكۆشان.

هزری رەگەزپەرستانە و سەربازیانە بە تەواوی كۆنترۆڵی سیاسەتەكان و هەڵسوكەوتی بەعس و سەدام حوسێنی كردبوو كە وایكرد شەڕێكی دوژمنكارانە دژی ئێران بەرپابكات كە هەشت ساڵی خایاند بە هۆیەوە ملیۆنێك كەس كوژران و نزیكەی دوو ملیۆنیش برینداربوون و بە دیل گیران یان بێ سەرو شوێن بوون، ئەمە وێڕای زیانی ماددی بە سەدان ملیار دۆلارو كاولكاری و تێكچوونی ژێرخانی وڵات، بەر لە كۆتاییی شەڕی عێراق و ئێران، رژێمی سەركوتكاری بەعس دڕندەترین تاوانی جینۆسایدی لە هەڵەبجەو زۆر ناوچەی دیكەی هەرێمی كوردستان ئەنجامدا، ئەو جۆرە رژێمە ناكرێ تاوانی دیكە ئەنجام نەدا، بۆیە پەنای بردە بەر تاوانێكی دیكە ئەویش داگیركردنی كوێت بوو، كە شەڕی رزگاركردنی كوێتی بەدوادا هات و ئابڵوقەی ئابووریی نێودەوڵەتی بەسەرعێراقدا سەپێنراو دواتر شەڕی سێیەمی كەنداو لە ٢٠٠٣ روویدا و بەهۆیەوە دیكتاتۆر رووخا و حزب و رژێمە سیاسییەكەی كۆتاییان پێهات.

ئایا خستەڕووی هزرو سیاسەتەكانی حزب و رژێمی شۆڤینی بەعس یارمەتیمان دەدا بەو وانانە ئاشنابین كە جارێكی دیكە نەكەوینەوە بارودۆخی لەو شێوەیە كە بە چارەنووسێكی مەترسیدارمان بگەیەنێت؟ دیارە ئەمە دەكرێ و مەرجیش لەوەدا ئەوەیە كە هزری میللەتان و حوكمڕان و سیاسەتمەداران بە گشتیی چالاك بێت و مەوداكورت نەبێت، هەروەها بەتەواوی لە هەر هزرێكی شۆڤینی یان رەگەزپەرستی و دەمارگیری و سیاسەتی چەوساندنەوە دووربكەونەوە كە هەست بە ناوەڕۆكی دیموكراسی و مافەكانی مرۆڤ و نەتەوەكان ناكات، یان شۆڤینییەت و تایفەگەری وتەسكیی ئاسۆی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی پەیڕەوبكات، كە ئەم هەلومەرجەی بەدوادا دێت و دواتر دەبێتە هۆی هێنانەكایەی ئەم چارەنووسە.

لەوەتەی رژێمی دیكتاتۆری لە عێراق رووخاوە لەسەر پاشخانی ئەو رژێمە، رژێمێك هاتۆتە ئاراوە كە بڕوای بە تایفەگەری و پشكایەتی و ئیتنی هەیە، كۆمەڵگاش دەستوورێكی نووسییەوە كە بەتەواوی واقع و پێداویستیی گەلانی ئەو وڵاتە لەخۆناگرێت، چونكە كەموكورتیی زۆری تێدایە، هەروەها یاسای لەو شێوەیەی تێدا نییە كە پەیوەندییەكانی نێوان حكومەتی فیدرال و حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتەكانی دیكەی ناوخۆیی رێك بخات، بۆیە ئەم رەوشە بووە هۆی سەرهەڵدانی دۆخی نەبوونی بڕوای تەواو لە نێوان هەردوو لا و ئاڵوگۆڕكردنی تۆمەت لەنێوان یەكتردا، ئەوەی بارودۆخەكەی زیاتر ئاڵۆزكرد:

** سیاسەتی تایفەگەری كە حكومەتی فیدرال پیادەی دەكات و دووركەوتنەوەی بەتەواوی لە كەشی ئازادی و دیموكراسی دوای رووخانی دیكتاتۆریەت، هەروەها سەرهەڵدانی دیاردەی پاوانخوازی حزبایەتی و تاكڕەویی لە حوكمڕانیدا.

** پەرەسەندنی تیرۆر لە وڵاتدا و دواتر هێزەكانی تیرۆریست و تەكفیری بتوانن گورزی كوشندە لە گەلی عێراق و ئاساییش بوەشێنن.


** فراوانبوونی گەندەڵیی دارایی و ئیداری كە دەوڵەتی بەرەو لاوازی و هەڵوەشانەوە برد.

نەبوونی گفتوگۆو هەڵكشانی زمانی توندوتیژی لەنێوان لایەنە سیاسییەكان و پێڕەوكردنی كاروكردەوەی توندی سزادان هیچ عەقلانیەتێكی تێدا نییەو بارودۆخەكە ئاڵۆزتر دەكات و گۆڕانكاری لەرووی حوكمڕانی فیدرالی جێبەجێ ناكرێت و وڵات لەهەڵبژاردنە چاوەڕوانكراوە پەرلەمانیەكە بەرەو دەرئەنجامێكی خراپ بەلكێش دەكات، واتا لەكۆتایی دا ئەم هەڵسوكەوتانە بەهیچ شێوەیەك چارەسەری دیموكراتی كێشەكان ناكات، كە لەبەرژەوەندی گشتی كۆمەڵگاو بونیاتنانی كۆمەڵگەیەكی مەدەنی و دیموكراتی و فیدرالی نییە.

بۆیە لەگەڵ هەموو گەشبینییەكەمدا بەرامبەر بە ئاییندەی دیموكراسیی عێراق بەڵام دەرهاویشتەكان هەرگیز مژدەی ئەوە نابەخشن كە خێروخۆشی لە ژیانی سیاسی ئێستای عێراق بێتەئاراوە، بەڵام ئەمە واقعێكە و نابێت هێوربینەوەو واز بهێنین و چۆك دابدەین، بەڵكو دەبێ خەبات بكەین و زیاتر هەوڵەكانمان چڕبكەینەوە لە پێناو ئاییندەیەك كە لە بەرژەوەندیی پرەنسیبەكانی دیموكراسی و مافەكانی مرۆڤدا بێت، رەنگە ئەمە ئەركێكی سەخت بێت، بەڵام پێویستە هەموو هێزە ئازادیخوازو دیموكراسیخوازەكان بە بڕوایەكی پتەوەوە رووبەڕووی ببنەوە.

**كۆمەڵكوژیەكەی هەڵەبجە بە چەكی كیمیاوی بە قێزەوەترین تاوانی جینۆسایید و دژ بە مرۆڤایەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دەژمێردرێت، كە زیاتر لە ٥٠٠٠ شەهیدو زیاتر لەو ژمارەیە بریندای لێكەوتەوە**

**لەوەتەی رژێمی دیكتاتۆری لە عێراق رووخاوە لەسەر پاشخانی ئەو رژێمەدا، رژێمێک هاتۆتە ئاراوە كە بڕوای بە تایفەگەری و پشكایەتی و ئیتنی و تاكرەوەی و پاوانخوازی حزبایەتی هەیە**



## برنابا بنجامین وەزیری دەرەوەی باشووری سودان بۆ گوڵان:

# دوای ئەوەی وڵاتانی عەرەبی ئیعترافیان بە دەوڵەتی باشوری سودان کرد ئێستا پێوەندییەکانمان لەگەڵیان بەهێز دەکەین

ئەسما حوسێنی - قاهیرە

لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵاندا دکتۆر برنابا بنجامین وەزیری دەرەوەی باشووری سودان ئاشکرای کرد کە بەشداری کردنی ئەم دواییەی دەوڵەتی باشووری سودان لە کۆبوونەوەکانی کۆمکاری عەرەبی بۆ یەکەمجار لەسەر داوای ئەمینداری گشتیی کۆمکاری عەرەبی نەبیل ئەلعەرەبی بووە، ئەمەش بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ دادەنێت بۆ پتەوکردنی هەماهەنگی و کرانەوەی زیاتر لە نێوان باشوور و جیهانی عەرەبی و ئاماژەی بەوە کرد کە وڵاتەکەی بەم نزیکانە باڵیۆزخانە لە هەر یەکە لە کوێت و سعودیە و ئیمارات دەکاتەوە.

سەبارەت بە کێشە لە باشووری سودان وتی: هەوڵ دەدەین چارەسەرێکی سیاسیی گونجاو بۆ هەموو گەلی باشوور بدۆزینەوە لە ڕێگای گفتوگۆکانی ڕێکخراوی ئیجاد کە لە ئەدیس ئەبابا بەم دواییە دەستی پێکردۆتەوە.

لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە چەند سوودیان لە بەشداری کردن لە کۆبوونەکانی وەزیرانی دەرەوەی عەرەبی بینیوە دکتۆر برنابا وتی: کۆمکاری عەرەبی و وەزیرانی دەرەوەی عەرەبیمان ئاگادار کردەوە لە پێشهاتەکانی بارودۆخی باشووری وڵات دوای هەوڵی شکستخواردووی کودەتای سەربازی کە جێگری پێشووی سەرۆك ریاك مشار ئەنجامیدا و ئێستا سەرکردایەتی یاخیبوونێك دەکات لە هەندێك ناوچەی باشووری سوداندا، پێموایە بانگهێشت کردنی ئێمە لەلایەن کۆمکاری عەرەبییەوە، نیشانەی جدیەتی وڵاتانی عەرەبی و گرنگی پێدانیانە بە ڕووداوەکانی باشوور و ئارەزوویان بۆ هێنانەدیی ئاشتی، ئێمەش ستایشی ئەو هەنگاوانەیان دەکەین، هەروەها ئارەزووی خۆمان نیشاندا بۆ پتەوکردنی پەیوەندی دوو قۆڵی لەگەڵیاندا و بونیادنانی پەیوەندییەکی قوڵ و ئاشنا بوونێکی ڕاستەقینە بەم پەیوەندیان، و هۆکار و چۆنیەتی ڕوودانی کودەتای سەربازیی باشوورمان بۆیان روون کردەوە، لە هەمان کاتدا ئامادەیی خۆمان دەربڕی بۆ پێشوازی کردن لە سەرمایە و وەبەرهێنەران لە هەموو وڵاتان بەتایبەتی میسر کە پێوەندییەکی بەهێزمان لەگەڵیاندا هەیە لە سەردەمێکی زووەوە و وتی: وەبەرهێنانی عەرەبی لە باشووری سودان سوودی تەنیا بۆ باشوور نابێت، بەڵکو سوودی

بۆ هەموو عەرەب و هەرێمەکە بە گشتی دەبێت.
سەبارەت بەوەی دەوڵەتی باشووری سودان داوای ئەندامی چاودێری لە کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی کردووە وتی: پێمانوایە کە هێڵە هاوبەشەکانی نێوان ئێمە و کۆمکاری عەرەبی بەرەو باشی دەڕوات و چەند بنەمایەکی تەندروست دادەنێت بۆ هەماهەنگییەکی زیاتری گەورە لە دوارۆژ، هەر کاتێکیش داوامان لێبکەن ئەوا داواکەیان جێبەجێ دەکەین ، لە بەرامبەردا داوام لە هەموو وەزیرە دەرەوەی وڵاتانی عەرەبی دەکەن ئەوانەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵیان هەبووە، بۆ ئەوەی سەردانی باشووری سودان بکەن.
لە هەمان کاتدا پێشوازیمان لە ئارەزووی وڵاتانی عەرەبی کرد بۆ پێشکەش کردنی یارمەتی مرۆڤایەتی بۆ هاووڵاتیانمان ئەوانەی بەم دواییە بە بارودۆخێکی سەختدا دەڕۆن و ژمارەیان بە نیو ملیۆن کەس مەزندە دەکرێت کە ماڵ و حاڵی خۆیان لە دەستداوە و بە کارەساتێکی مرۆڤایەتیدا تێدەپەڕن.
لە وەڵامی پرسیارێك دەربارەی ئەو رۆڵەی کە عەرەب دەیبینن لە گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتی لە باشوور وتی: بەڵێ دەتوانن ئەو رۆڵە ببینن ئەویش بە پشتگیری کردن لەو گفتوگۆیانەی کە رێکخراوی ئیجاد سەرپەرشتی دەکات بە مەبەستی گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتیانە لەنێوان حکومەت و یاخیبووان، لەم بارەیەوە پێشنیارێکمان پێشکەش بە وڵاتە عەرەبییەکان کردووە بۆ پاڵپشتی کردن لە هێنانەدیی سەقامگیری لە باشووری وڵات کە ئەمەش دەرفەتێکی باش بۆ وەبەرهێنەرانی عەرەب دەڕەخسێنێت، ئەوەشی راگەیاند کە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی میسری نەبیل فەهمی باسمان لە چۆنیەتی پتەوکردنی پەیوەندی دووقۆڵی نێوان میسر و باشووری سودان کردووە و ستایشی رۆڵی میسری کرد لە پشتگیری کردنی وڵاتەکەی لە بوارەکانی تەندروستی و پەروەردە و پەرەپێدانی تواناکان لە باشووری سودان و دووپاتی کردەوە کە پەیوەندییەکانی نێوان قاهیرە و جوبا بەهێزن و لەسەر بنەمای راست و لێکتێگەیشتن بونیاد نراون، زیاتریش وتی: هەر لە قاهیرە چاوم بە بیزنسمان و وەبەرهێنەرانی میسر کەوت ئەوانەی ئارەزوو دەکەن لە وڵاتەکەمان وەبەرهێنان بکەن.
وەزیری دەرەوەی باشووری سودان، هەروەها وتی: بەم نزیکانە باڵیۆزخانەی سعودیە و کوێت و ئیمارات دەکەینەوە و حەز دەکەین بوونمان لە وڵاتە عەرەبییەکان بەهێزتر بێت، بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر یەکتر ناسینی نێوان گەلانی وڵاتانی عەرەبی.
لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی ئایا کە گەلی باشووری سودان توانیویەتی ئەو هەستیاریەی کە پێشتر لە بەرامبەر عەرەب هەیانبوو تێپەڕێنی بە هۆی ناکۆکییەکانی پێشوویان لەگەڵ خەرتوم وەزیری دەرەوەی باشووری سودان وتی: ئێستا هیچ جۆرە هەستیارییەك دژی گەلانی عەرەبی نەماوە، ئێمەش تێبینی هەمان هەستی برایەتیمان کرد بەرامبەر بە دەوڵەتە تازە دروستبووەکەمان، سەربەخۆیی دەوڵەتەکەمان بەر لە دوو ساڵ لە لایەن وڵاتانی عەرەبییەوە قبوڵ کرا و پشتیوانیشیان لێکردین، ئەمەش وایکرد هەستی گەلی ئێمە بەرامبەر بە گەلانی عەرەبی بگۆڕێت. سەبارەت بە کاردانەوەکانی پێکهاتن و بەستنەوەی پەیوەندییەکانی وڵاتانی عەرەبیی لەگەڵ باشووردا بە پێچەوانەی ئەو پەیوەندییانەی لەم دواییەدا کە لەگەڵ خەرتووم تێکچوونی بە خۆیەوە بینیوە، بەنجامیـن وتی((لە وڵاتانی عەرەبیمان داوا کردووە هانی سودان بدەن بۆ جێبەجێکردنی رێککەوتنامەی هاریکاریی نێوان هەردوو دەوڵەتی دراوسێ و وەدیهاتنی ئاشتەوایی نێوانیان، بۆ هەمان مەبەست لە پەراوێزی کۆبوونەوەکانی کۆمکاری عەرەبیدا چاوم کەوت بە وەزیری دەرەوەی سودانی عەلی کرتی و پێکەوە تاووتوێی رێگەچارەکانی باشکردنی پەیوەندی بازرگانی و هاریکاری ئابووری نێوان هەردوو وڵاتمان کرد، سەرڕای دۆزی پەناهەندەکانی باشووری سودان و چۆنیەتی دۆزینەوەی چارەسازی ئاشتیانە بۆ دۆزە هەڵپەسێردراوو ئەو خاڵانەی جێی ناکۆکی هەردوولایەنن..
لە لایەکی ترەوە وتی ڕاگیرانی ئەندامێتی میسر لە یەکێتیی ئەفریقی راست دەرنەچوو، لە ئایندەیەکی نزیکدا پێویستە ئەم راگیرانە رەت بکرێتەوە تا میسر بگەڕێتەوە چونکە لە دامەزراندنی کاری هاوبەشی ئەفریقایی رۆڵێکی ئەکتیف و باڵای گێڕاوە باشترە ئەو رۆڵە پێشەنگایەتیەی پێ بدرێتەوە چونکە هەموو وڵاتانی ئەفریقا لە میسر سوودمەندن و لە بەرژەوەنییاندا نییە لێی دوور بکەونەوە، هەروەها وتی وڵاتەکەی هاوشانی وڵاتانی تر کار دەکەن بۆ هەڵگرتنی ئەو راگرتنی ئەندامێتیەی میسر، هاوکات ئەوەشی روونکردەوە کە وڵاتەکەی پشتگیری لە پەرەسەندنەکانی ئەم دواییانەی میسر دەکات بە بۆنەی شۆڕشی ٣٠ یۆنیۆوە نەخشە رێگای نوێی میسرەوە، لەو بارەوە وتی: ئێمە پشتگیری ئەو گۆڕانکارییانە دەکەین کە لە ناو هەناوی داخوازی و ویستی گەلی میسرییەوە هەڵقوڵاوە..
سەبارەت بە دۆزی ناکۆکیەکانی ئێستای ناو رێکخراوی وڵاتانی حەوزی نیلیش وتی: پێویستە دیالۆگ و هاریکاری نێوان وڵاتانی حەوز بکرێت.. لەسەر بنەمای وەدیهاتنی دەسکەوتەکانی هەمووان، باشوور دەیەوێت ژینگەیەکی هاریکاری تەواوەتی بسازێنێت لەم ناوچە هەستیارەدا، ئەم پێوەندییە دۆستانەی لەگەڵ میسردا دەقۆزێتەوە بۆ نزیکبوونەوە لێی، پشتیوانی دیالۆگێ دەکەین دەسکەوتەکانی میسر بە هەند وەربگرن و بۆ تەواوی دەوڵەتانی تری ناوچەکەی بگوازنەوە..
سەبارەت بە دۆخی باشووریش: وتی حکومەتەکەی مکوڕە لەسەر گەیشتن بە ئاشتی، هەروەها سەرۆکی باشوور سلفاکیر زیاتر لە جارێك راگەیاندووە کە جەنگ هیچ مانایەکی نییە، کەواتە هەوڵ بۆ ئاشتەوایی گشتی دەدرێت و لە رێی دانوستاندنەکەی ئەدیس ئەبابا کە بە سەرپەرشتی رێکخراوی ئیجاد بەرێوەدەچێت، هەوڵ بۆ چارەسەرێکی گونجاو بۆ هەموو گەلی باشوور دەدرێت، جەختیش دەکرێتەوە لەسەر ئەوەی هیچ بوارێك بۆ گفتوگۆکردن لەسەر حکومەتێکی ئینتیقالی یان دابەشبوونی دەسەڵات وەك یاخییەکان لە هەوڵدان بۆی نەماوە، هیچ رێگەچارەیەکیش بۆ دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات لە رێی کودەتای سەربازییەوە نەماوەتەوە، دەساودەسکردنی دەسەڵات بەجێناهێنرێت تا هەڵبژاردنێکی نوێی بڕیار لەسەردراو بۆ ساڵی داهاتوو ئەنجام نەدرێت..

**حەزدەکەین وەبەرهێنەرانی عەرەب رووبکەنە باشوری سودان و دەست بە وەبەرهێنان بکەن**

**بەم نزیکانە باڵیۆزخانەی سعودیە و کوێت و ئیمارات دەکەینەوە و حەز دەکەین بوونمان لە وڵاتە عەرەبییەکان بەهێزتر بێت**

**پەیوەندییەکانی نێوان قاهیرە و جوبا بەهێزن و لەسەر بنەمای راست و لێکتێگەیشتن بونیاد نراون**

# فێڵێک لە مێژوو



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*

بۆ گوڵان دەنووسێت

لەوانەیە لە توانای هەر ئەدیبێکدا بێت بۆ ئاخاوتنەکانی خۆی بەم گوزارەیەیان بەم شێوەیە دەسپێکێك پێشکەش بکات((بڕوام پێ بکەن، ئەمەی بۆتان دەگێڕمەوە لە داهێنانی خەیاڵەوەیە)) ئایا بە هەر شاکارێکی ئەدەبی بڵێین درۆی ڕاستگۆیانە، خۆ کارەکە هەرچۆنێك بکەوێتەوە، پێوەندی نێوان نووسەرو خوێنەر دەکاتە پیلاندارڕشتنی فێڵزانانە، کە بە هۆیەوە هەر جەمسەرێك ڕازییە بەو شـــتانەی لە جەمسەری بەرانبەرییەوە بۆی ڕەوانە دەکرێت..

بەڵام ســـەبارەت بە درۆ، مخابن کە لەم ئاســـتە قەشـــەنگەدا چەق نابەستێت، وا لە شـــیرینترین شیعر دەکات درۆزنترینیان بێت، لەو وتەزایەشدا گیرنادرێت(کە حەقیقەتی پێ نەوترێت) بۆ ئەوەی ببێتە وتنێکـــی کارا، بە تەنیا خیتاب ناگۆڕێت و، ماناکانیشی تێك نادات، بەڵکو هەمان واقیع وەردەچەرخێنێتەوە، ڕەنگبێ مۆدێرنە هاوکوفی ئەم وەرچەرخانە قووڵەی سروشتی درۆ بێت، ئەمـــە ئەوەیە کە حنا ئارنـــدت ئاماژی بۆ دەکرد کاتـــێ دەیوت(چیتر درۆ نابێتە شـــاردراوەیەك بۆ پەردەپۆش کردنی حەقیقەت، بەڵکو دەبێتە شـــتێکی ببڕای ببڕی واقیع، یـــان دەبێتە تێکدەرێکی فیعلی بۆ دیکۆمێنت و دەستنووســـە ئۆرگیناڵەکانیـــی)) کەواتـــە چیتر درۆ نابێتـــە هۆیەك بۆ شـــاردنەوەی حەقیقەت، بەڵکو بووەتە تێکدەرێك بۆ ئەو، وەك فێڵێکی مێژوویی نامێنێتەوە، بەڵکو دەبێتە فێڵێك و لە مێژوو دەکرێت..

وەك ئـــەوەی چۆن دژکاریی لە نێوان درۆو ڕاســـتگۆییدا وەك دژکارییەکی لۆژیکیانە یان تیۆرییانە نەمابێتەوە، تەنانەت چیتر پێوەندیشـــی نەبێت بە ناواخنی وتنەوە، یان بە کارتێکەرەکانی وتنەوە، وەك شـــتێکی لێ هاتبێت چۆن بەسەر وتنەکانەوە بۆ کارکردەکان ڕیزبەندبوبێت، لەم ڕووەوە بە هیچ کلۆجێك ناکرێت تەنیا لە ئاســـت وتراوی ئاخاوتندا بوەستین و پوختی بکەینەوە بۆ وتەزا، یان ناکرێت تەماشـــای ناواخنەکەی ئاخاوتن بکەین، ئەگەر بمانەوێت حوکمی لەسەر بدەین..

ئایـــا ئەمە واتـــای ئەوەیە کە مەبەســـتی وتەبێـــژ بە هەند وەربگرین، وەك چۆن کە بیرمەندە ڕەوشـــتخوازەکان جەختی لە هەمبەر دەکەنەوە، ئەوانەیان کە درۆ جیادەکەنەوە لە کەوتنە ناو هەڵەیەکەوە، ئەوەش بە پێداگیربوونیان لەسەر نیەتی درۆکردن، درۆ بە ڕای ئەوان بناغەی ئارەزووە بۆ فێڵکردن لەوانی دیکە ((تەنانەت ئەگەر وا پێویست بکات حەقیقەتیش بڵێت))

ئەم هەڵوێســـتە لەسەر بناغەی ئەوە سەنگ دادەکوتێ بەوەی ئاخاوتن بخرێتە ژێر چاودێرییەکی هەســـتەکی کە جێی پشت پێ بەست نییە، بە هەندیش وەرناگیرێت، خراپ تێگەیشتن و هەست کردن بە بونیادی فێڵ و درۆوە، ڕەنگبێت بە بێ نیەتی خراپەوە ئەو دووانەش پێکبێت، تەنانەت ئەگەر پێویســـت بکات لێرەدا قسە لەســـەر نیەتی خراپ بکرێت، چونکە لەوانەیە بە تەنیا ڕەوشـــت بەس نەبێت بۆ دیاریکردنی، ئەمەش ڕەنگبێت هۆیەکەی بگەڕێتەوە بۆ سروشتی خودی زمانەکە خۆی، وەك فۆکۆ ناوی دێنێت بە((خراپی دەلیل و فێڵی هێما)).

زمان هەمیشـــە شـــتێك دەڵێت کە ئەو بوونی شـــتە نییە لە مەبەســـتەکەیدا، وەك چۆن ئەوەی حەقیقەت تەنیا لەو کاتەدا کە لە ئاخاوتندا نیشـــتەجێیە و دەکرێتە بابەتی دیالۆگ ئەو کاتە بەشـــێك لە ڕاستگۆیی بوونەکەی بزربکات، بەرگی درۆ بپۆشـــێت یان بە لایەنی کەمەوە بە پلەیەکی وەك وی وەســـف بکرێت..

بەهەرحاڵ ڕەوشـــتی نیەت، ڕەنگە بـــە هەند ئەوەهەڵنەگرێت کە میکانیزمی فێڵکردن لـــە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا پێی گەیشـــتوێتێ، لێرەدا ئاماژەنادەم بەو شتەی ئارندت لەسەری دەدوێت لەو ســـاتانەدا کـــە زۆربـــەی تۆتالیتاریەتەکان پێی هەڵســـاون، ئەویش بە ســـاختەکردنی حەقیقەتەکان و چاندنی درۆ لـــە نـــاو عەقڵدا یان فێڵکردن لە خـــودی مێژوو، یان لە بەرانبەر ئەو درۆیانەی کە دواتر بوون بە کەرەسەی پێویست و ڕەواو لە خزمەتی هەموو بکەرە سیاسییەکاندا بەکار دەهێنرێت، ئیتر ئەو سیســـتمانەی لە ئامێزیاندا ئەم بکەرانە کارگوزارن و سیســـتمەکان هەرچییەك بووبن، وەك ئارندت جەختی لەســـەر دەکاتەوە.

ئەوەی لە بنەڕەتدا گرنگ بێت لە ژیانی هاوچەرخماندا جۆرێکە لە درۆی ئاشـــتەواییانە یان درۆی دیموکراتیانە، کە پێویستی بە ((تێکدانی دیکۆمێنت و دەستەواژەی دەستنووسەکان نییە)) تەنانەت پێویســـتی بە لەناوبردنی واقیعیش نییە، بەڵکو تەنیا بە هەڵوەشـــانەوەو وردکردنی ڕووداوەکانـــەوە خەریکە کە دواتر شـــیکاری دەکاتەوە بۆ لێکەوتەی بەش بـــەش، کە ماناکەی لـــە ناواخندا بزر دەبێـــت، هەروەها دەلالاتـــی دەتوێتەوە، وەك ئـــەوەی درۆ چیتر نەبێتە تێکدانی حەقیقـــەت، بەڵکو بووەتە تێکدانێکی ڕاســـتەقینە، ئەمڕۆ چیتر ئێمە بێدەروەســـت نین لە ئاســـت بڕواهێنان بەوەی ڕوودەدات یان بەدرۆخســـتنەوەی ئەوەی ڕوویداوە، بەڵکو دەروەســـتین بـــەوەی لێی تێناگەین و پێمان هەڵناسەنگێنرێت، ئەمەیە شێوازی نوێی ئەو درۆیانەی لەگەڵیاندا ژیان دەبەینەســـەرو هۆیەکانـــی نوێی ڕاگەیاندن بەرجەســـتەی دەکەنەوەو واقیعی تێدا دەشـــارنەوە، بە شـــوێن پەرەســـەندنەکانی ڕووداوەکانەوەن بۆ ئەوەی هەمیشە بیانکەنە بارێکی وێستا، یان بیانکەنە پاشکەوتووی چەند واقیعەتێکی بەش بەش کراو، کە وامان بەسەر دێنێت نەك تەنیا بێ دەروەست بین لە بەرانبەر جیاکردنەوەی ڕاســـتگۆیی لە درۆزنی، بەڵکو تەنانـــەت لە بەرانبەر ڕوونبوونـــەوەی دەلالات و درك کردن بە واتاکانیدا دەسەوەسان بین.

* بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ڕیبات

# سیستانی و خەڵاتی ئاشتیی نۆبل

لەسەرەتای مانگی ئازاردا کۆمیسیۆنی خەڵاتی نۆبل دەکەوێتە گەڕ بۆ تاوتوێ کردنی دۆسێی ئەو کەسانەی بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە کاندید کراون و نەریتەکە وایە کە لەمانگی تشرینی یەکەمدا ناوی براوە رابگەیەنرێ. تا چەند ساڵێك لەمەوبەر تەنها ئەو کەس و دامەزراوانە کاندید دەکران کەکۆشش و هەوڵی جوامێرانەیان بۆتە مایەی گێڕانەوەی ئاشتی بۆ ناوچەیەکی گرژی جیهان. بەڵام هەمەجۆرکردنی براوەکانی خەڵاتەکە لەماوەی ساڵانی رابرد,ودا، لەبەرەنجامدا وای کرد چەمکی «ئاشتی» لەقاوغی کتومتی زمانەوانی دەرچێ و دورایی فراوانترو گشتگیرتر وەرگرێ. کولین فریمان لەرۆژنامەی «دەیلی تەلگراف»ی بریتانی پێیوایە لە لیستی کاندیدەکانی ساڵی ٢٠١٤دا ئاشتی بەشێوەیەکی نەرمتر پێناسە کراوە بەچەشنێك وای لێهاتووە چەمکی «ئاشتی» تەنها مانای کۆتایی هێنان بەشەڕ یان رێگرتن لەهەڵایسانی شەڕ نادا. بەڵگەش کاندیدکردنی ئیدوارد سنۆدنە کەهەزاران دیکۆمێنتی نهێنیی لەئینتەرنێت بڵاوکردۆتەوەو سەرئێشەیەکی زۆری بۆ حکومەتی ئەمریکا دروست کردووە. پەیوەندیی سنۆدن بەخەڵاتی ئاشتییەوە چیە؟ بەکردەوە، سنۆدن هیچ هەوڵێکی جوامێرانەی بۆ هێنانە دیی ئاشتی نەداوەو خۆیشی ئەوە دەزانێ کەناتوانێ هیچ کێشەیەکی ئاڵۆزی جیهان بەشێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکات. ئەوەی کەسنۆدنی کاندید کردووە پارتی سۆسیالیستی نەرویژە. ئەویش بەو پاساوەی کەگوایە سنۆدن بۆتە هۆی «گێڕانەوەی متمانەو شەفافیەت بۆ سیاسەتە ئەمنییەکانی جیهان». لێرە چەمکی «شەفافیەت» تێکەڵ بەچەمکی «ئاشتی» کراوە.

ساڵی ٢٠١٢ خەڵاتی نۆبل پێشکەش بە یەکێتیی ئەوروپا کرا، نەك لەبەر ئەوەی یەکێتیی ئەوروپا رۆڵێکی دیاری لەراگرتنی خوێن رشتن و کوشتن هەبووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی یەکێتی ئەوروپا لەو ساڵەدا رۆڵێکی دیاری لە»سەقامگیرکردنی دیموکراسی و مافی مرۆڤ»دا هەبووە کەلێرەش چەمکەکانی «دیموکراسی» و «مافی مرۆڤ» تێکەڵ بەچەمکی «ئاشتی» دەکرێن.

فریمان لەوتارەکەیدا رابەری گەورەی شیعەکان، ئایەتوڵڵا عوزما سیستانی، لەهەموو کاندیدەکانی تری لیستی خەڵاتی نۆبل بەشایستەتر دەزانێ و لەو بڕوایە دایە کەسیستانی «دەنگێکە گوزارشت لەمیانڕەوی و ئاشتی و لێبوردەیی دەکاو ئەگەر ئەو نەبوایە رەنگە عێراق ببوایە بەوڵاتێکی خوێناویتر». لەراستیدا ئەمە یەکەم جار نییە سیستانی بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبل کاندید بکرێ. لەساڵی ٢٠٠٦دا مەسیحییەکانی عێراق، وەك ئاماژەیەك بۆ رۆڵی دیاری لەهاندانی موسڵمانان بۆ دووركەوتنە لەتوندوتیژی، کاندیدیان کرد بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە.

سیستانی لانی کەم دووجار بەشێوەیەکی زەق وەك پیاوی ئاشتی دەرکەوتووە. جاری یەکەم لەساڵی ٢٠٠٣دا، کاتێك فەتوای کوشتنی ئەمریکییەکانی دەرنەکردو بانگەشەی بۆ «بەرگریی ئاشتییانە» کردو جاری دووەم لەساڵی ٢٠٠٦دا، کاتێك رێکخراوی قاعیدە شوێنە پیرۆزەکانی شیعەی لەسامەرا بۆردومان کردو لەبەرامبەردا سیستانی داوای لەشیعەکان کرد دان بەخۆیاندا بگرن و بیر لەتۆڵەسەندنەوە نەکەنەوە.

ئاشکرایە کەخوێندنگەی نەجەف لەناوەڕۆکدا خوێندنگەیەکی ئاشتیخوازە. لەسەردەمی عوسمانییەکاندا نەجەف تا پێی کرابێ هەوڵیداوە لەململانێی ئێران- دەوڵەتی عوسمانی دوور بێ و بەدرێژایی حوکمڕانیی عوسمانییەکان کە لەعێراق نزیکەی ٤٠٠ ساڵی خایاندووە، بانگەشەی بۆ بەرپاکردنی هیچ شەڕێکی پیرۆز نەکردووە. بەپێچەوانەوە، لەکاتی هێرشی وەهابییەکان بۆ سەر باشوری عێراق، نەجەف هاوپەیمانی عوسمانییەکان بووە. لەسەردەمی بریتانییەکانیش، نەجەف هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ ئەوە چڕ کردەوە کەپێوەندیی لەگەڵ بریتانیا نەگاتە لێواری هەڵدێرو کار گەیشتە ئەو رادەیەی کەرەزامەندیی لەسەر ئەوە نیشان بدا کەپاشایەتیی عێراق بدرێ بەبنەماڵەیەکی سوننی. ساڵی ١٩٦٤ نەجەف دژی جەنگی کوردستان وەستایەوەو پاش ساڵی ٢٠٠٣، بەهەوڵ و رەنجی سیستانی، هەموو توانای خۆی بۆ هەڵنەگیرسانی شەڕی تایفەگەری خستە گەڕ.

بەدڵنیاییەوە، سیستانی چاوی لەوە نییە خەڵاتی نۆبل وەرگرێ. ئەو بەبێ نۆبل، بەردەوامە لەسەر پەیامی ئاشتیی خۆی. بەڵام ئەگەر مەسەلەکە بێتە سەر شایستەیی و ناشایستەیی، گومانی تێدا نامێنێ کەسیستانی لەزۆر کاندیدی تر شایستەترە.



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان نووسیویەتی